# زمان و وێژەی کوردی

## پۆلی/ یازدەیەمی ئامادەیی

هەوالنامەی کتێب

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**مامۆستا ڕێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایکبووی** 1975

**گەڕەکی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

**بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**کاری ئێستای/ مامۆستای قۆناغی ئامادەییە لە شاری سلێمانی**

کتێبی هەموو ئامەی

**کەناڵی تایبەتی لە** (youtube) **بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم کەناڵە تایبەتەوە، کۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشکەش بە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد کردووە، لەسەر بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد.**

تێبینی/ ئامادەکار ئەم بابەتەی لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی (یازدەیەمی ئامادەیی)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

## ناوەڕۆکی بابەتەکان

جۆرەکانی پارستە لە ڕستەی ئاوێتەدا ............................. 2
تەواوکەری کار ( بەرکـــــــــار ) ................................ 6
تەواوکەری کار ( تەواوکەری بەیـــــاریدە ) ......................... 8
جێناوی خۆیی ....................................................... 12
جێناوی هەیی ....................................................... 16
هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو ............................................ 19
هاوەڵناوی بکەری لێکدراو ............................................. 25
هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو ............................................ 29
هاوەڵناوی کراوی لێکدراو ............................................ 32
جۆرەکانی هاوەڵکار - هاوەڵکاری کاتی ............................... 37
هاوەڵکاری شـوێنی ................................................... 40
هاوەڵکاری چۆنیەتی ................................................. 42
هاوەڵکاری ڕێکخستن ................................................ 45
هاوەڵکاری چەندیەتی ................................................ 47
ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا .......................................... 49

کێڕ هەوالنامەی

# جۆرەکانی پارستە لە ڕستەی ئاوێتەدا

**ڕستەی ئاوێتە**/ ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، ڕستەیەکیان سەربەخۆیە، هەڵگری واتای بنجی ڕستە ئاوێتەکەیە، پێیدەوترێت (شاڕستە) ڕستەکەی تریان لە ڕووی واتاوە بەندە بە شاڕستەوە، پێیدەوترێت (پارستە) ئامرازێکی لێکدەریش لەناو ڕستە ئاوێتەکەدا هەیە.

**پارستە :** ـ ئەو ڕستەیەیە کە ئامرازی لێکدەر هەمیشە لە پێشیەوەیەتی، لە ڕووی واتاوە بەندە بە شاڕستەوە.

## جۆرەکانی پارستە

**یەکەم / پارستەی ناوی**: ئەو ڕستەیەیە کە سەر بە شاڕستەیە و واتاکەی بەندە بەوەوە، ئەرکی ( بکەر، بەرکار، نیهاد، جێگری بکەر ) دەبینێت.

A - ( **بکەر**) ئەگەر هاتوو کاری شاڕستە کارێکی تەواوی تێنەپەڕ بێت، هەروەها بکەر لە شاڕستەدا نەبێت، ئەوا **ئەرکی پارستە ناوییەکە دەبێت بە** ( **بکەر** ).

| ژ | شاڕستە (کاری تێنەپەڕ) | ئامرازی لێکدەر | پارستەی ناوی ئەرکی (بکەر) | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرکەوت | کە | باران بۆ گەشت دەچێت | دەرکەوت، کە باران بۆ گەشت دەچێت. |
| 2 | ئاشکرابوو | کە | پێشمەرگە دوژمن دەبەزێنێ | ئاشکرابوو، کە پێشمەرگە دوژمن دەبەزێنێ. |

B- ( **بەرکار**) ئەگەر هاتوو کاری شاڕستە کارێکی تەواوی تێپەڕ بێت، بەرکار لە شاڕستەدا نەبێت، ئەوا ئەرکی پارستە ناوییەکە دەبێــت بە ( بەرکار ).

| ژ | شاڕستە (کاری تێپەڕ) | ئامرازی لێکدەر | پارستەی ناوی ئەرکی (بەرکار) | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بیستوومە | کە | تۆ دڵسۆزیت | بیستوومە، کە تۆ دڵسۆزیت. |
| 2 | دەزانین | کە | بۆ خوێندنگە دەچیت | دەزانین، کە بۆ خوێندنگە دەچیت. |

C- ( **جێگری بکەر**) ئەگەر هاتوو کاری شاڕستە کاری بکەری نادیاربوو واتە هەردوو نیشانەی ( را ) ( رێ ) بۆ رابردوو بۆ رانەبردوو لەسەر کارە تێپەڕەکە بوو، ئەوا ئەرکی پارستە ناوییەکە دەبێت بە ( جێگری بکەر ).

| ژ | شاڕستە (کاری بکەری نادیار) | ئامرازی لێکدەر | پارستەی ناوی ئەرکی (جێگری بکەر) | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بینرا | کە | لە پاڵەوانیەکەدا سەرکەوت | بینرا، کە لە پاڵەوانیەکەدا سەرکەوت. |
| 2 | دەبینرێ | کە | تۆ چی دەکەیت | دەبینرێ، کە تۆ چی دەکەیت. |

تێبینی / لە کرمانجی ژوورودا لە بری نیشانەی بکەرنادیاری ( را – رێ ) هەردوو کاری یاریدەدەری ( هاتە -دهێتە ) دەخرێتە پێش چاوگەکە و کارەکە دەکات بە بکەر نادیار، وەکو / هاتە زانین، کو بەختیار رۆمانێ خۆ بەلاڤ کەت.

D- ( **نیهاد** ) ئەگەر هاتوو کاری ڕستە کارێکی ناتەواوبوو (ە، بوو، دەبێت)، ئەوا ئەرکی پارستە ناوییەکە دەبێت بە نیهاد.

| ژ | شارستە (تەواوکەری کاری ناتەواو) | | ئامرازی لێکدەر | پارستەی ناوی ئەرکی (نیهاد) | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشکرا | یە | کە | بەخێوندن پێشدەکەوین. | ئاشکرایە، کە بە خوێندن پێشدەکەوین. |
| 2 | دیار | ە | کە | بەهەوڵدان سەردەکەوین. | دیارە، کە بە هەوڵدان سەردەکەوین. |

دووەم/ **پارستەی هاوەڵناوی: ـ** ئەو ڕستەیەیە کە هاوەڵناوێك وەسفی ناوێك یان جێناوێکی ناو شارستە دەکات.

A **بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە:**

| ژ | شارستە | ئامرازی لێکدەر | پارستەی هاوەڵناوی | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مندالەکەم دیت | کە | پێدەکەنی | مندالەکەم دیت کە پێدەکەنی. |
| 2 | مە ئەو دیت | کو | دلەرزی | مە ئەو دیت کو دلەرزی. |

B **بەهۆی جێناوی لێکدەرەوە**

| ژ | شارستە | ئامرازی لێکدەر | پارستەی هاوەڵناوی | شارستە | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەو چرایەی | کە | ڕووناك بوو | کوژایەوە | ئەو چرایەی، کە ڕووناك بوو، کوژایەوە. |
| 2 | ئەو کتێبەی | کە | قەبارەی گەورەیە | ناوەڕۆکی بەهێزە | ئەو کتێبەی، کە قەبارەی گەورەیە، ناوەڕۆکی بەهێزە. |

**تێبینی / پارستەی ئاوەڵناویی تەنیا یەك ئەرکی هەیە، ئەویش ( دیارخەرە )**

**سێیەم/ پارستەی هاوەڵکاری: ـ** ئەو پارستەیەیە کە لە ڕووی واتاوە سەر بە شارستەیە، کارێك لە پارستەدا بەندە بە ڕودانی کارێك لە شارستەدا و بەگشتی پارستەی هاوەڵکاری ڕستەی ئاوێتەی مەرجە.

A – ئەگەر پارستەی هاوەڵکاری **کاتی** ڕوودانی کاری شارستە پیشانبدات.

| ژ | لێکدەر | پارستەی ( هاوەڵکاری ) | شارستە | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کە | بەهار هات | بەفری چیاکان دەتوێتەوە | کە بەهار هات، بەفری چیاکان دەتوێنەوە. |
| 2 | کە | هاوین هات | خەڵك جلی هاوینە دەپۆشێ | کە هاوین هات، خەڵك جلی هاوینە دەپۆشێت. |

B - ئەگەر پارستەی هاوەڵکاری **هۆی** ڕوودانی کاری شارستە پیشانبدات

| ژ | شارستە | لێکدەر | پارستەی هاوەڵکاری | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | وی دەرمان خار | بەلکی | پێ چێببیت | وی دەرمان خار، بەلکی پێ چێببیت. |
| 2 | یاریزانەکە هەوڵیدا | بەڵکو | لە یارییەکەدا سەربکەوێت | یاریزانەکە هەوڵیدا، بەڵکو لە یارییەکەدا سەربکەوێت. |

تێبینی/ پارستەی هاوەڵکاری تەنیا یەك ئەرك دەبینێت لە ڕستەدا ئەویش ( تەواوکەری کاری تەواوە )

## ( ڕاهێنان یەکەم ) لاپەڕە (10)

لەم ڕستە ئاوێتانەدا پارستەکان دەربهێنەی و جۆرەکانیان جیابکەرەوە :ـ

| ژ | ڕستە | پارستە | جۆری پارستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەم دخەپتین، بەلکی ب ئارمانجا خۆ دگەهین. | ب ئارمانجا خۆ دگەهین | هاوەڵکاری |
| 2 | بیستوومە، کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار. | کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار | ناوی |
| 3 | ئاشکرایە، کو وەلات هەر بە زانستێ پێش دکەڤیت. | کو وەلات هەر بە زانستێ پێش دکەڤیت | ناوی |
| 4 | ئەو وانەیەی، کە خوێندمان، زۆر گران بوو. | کە خوێندمان | هاوەڵناوی |
| 5 | کە بە هار هات، دەچینە سەیران. | کە بە هار هات | هاوەڵکاری |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە (10)

A - سێ پارستەی ناوی لە ڕستەدا بەکار بهێنە :ـ

⋆نازانرێت، کە ئارام بۆچی نەهات.   ⋆ نەمبیستووە، کە ئاهەنگەکە کرابێت.   ⋆ نەمزانیوە، کە تۆ هاتوویت.

B - سێ پارستەی هاوەڵناوی لە ڕستەدا بەکار بهێنە :ـ

⋆ئەو کەسانەی، کە ئازان، نابەزن.   ⋆ من شڤان دیت، کو ژترسا دلەرزی.   ⋆ مندالەکەم دیت، کە دەگریا.

C- سێ پارستەی هاوەڵکاری لە ڕستەدا بەکار بهێنە :ـ

⋆ئاراس نەچوو بۆ یاریگا، چونکە تاقیکردنەوەی هەبوو.   ⋆ کە زەنگەکە لێدرا، خوێندکارەکان چوونە پۆل.

⋆ وی دەرمان خوار، بەلکی پێی چیببیت.

هەولێر ئامەدی گێتێ

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە (10)

لەم ڕستە و دێڕە هۆنراوانەدا، پارستەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەربخە، پاشان شلۆڤەیان بکە :ـ

| ژ | ڕستە | پارستە | جۆری پارستە | شلۆڤە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێن<br>بەو مەوسیمی بارانە کەوا غونچە دەپشکوت | غونچە دەپشکوت | هاوەڵناوی | دیارخەر |
| 2 | نەمزانی، کە پێشمەگەکە لەبن دارەکە شەهید کرا. | پێشمەگەکە لەبن دارەکە شەهید کرا | ناوی | بەرکار |
| 3 | مە زانییە، کو کومپیوتەر ل خوێندنگەهێ هەیە. | کومپیوتەر ل خوێندنگەهێ هەیە | ناوی | بەرکار |
| 4 | نەمپرسیبوو، کە باخەوانەکە هاتووە. | باخەوانەکە هاتووە | ناوی | بەرکار |

**( ڕاهێنانی چوارەم ) لاپەڕە (11)**

**پاڕستەی ناویی (کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤ کەت) لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێك: ـ**

A – **ببێت بە بکەر/** دەرکەفت، کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤ کەت.

B – **ببێت بە جێگری بکەر/** هاتە زانین، کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤ کەت.

C– **ببێت بە بەرکار/** من بیستیە، کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤ کەت

**( ڕاهێنانی پێنجەم ) لاپەڕە (11)**

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەرەوە، بەمەرجێك یەکەمیان پاڕستەی ناوی، دووەم پاڕستەی هاوەڵناوی، سێیەم پاڕستەی هاوەڵکاری بێت.**

1- مامۆستاکەم پێی گوتم، کە وانەکانم ئامادە بکەم.

2- ئەو مرۆڤەی، کە نەزانە، شەرمەزارە.

3- تێبکۆشن، بەڵکو سەربکەون.

هەواڵنامەی کتێب

# تەواوکەری کار ( بەرکــــــــــــــــــار )

**بەرکار**/ ئەو ناوە یان جێناوەیە کە ڕاستەوخۆ واتای کارێکی تێپەڕ تەواو دەکات. ( ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی ).

**لە زمانی کوردیدا، ئەم کەرستە زمانییانە دەبنە بەرکار :ـ**

| ژ | بەرکار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ناو | ئازاد بینی. |
| 2 | چاوگ | نووسینەکەم خوێندەوە. |
| 3 | جێناوی سەربەخۆ ( کەسی، خۆیی، نادیار، نیشانە، پرس ) | ئێوەم ناسی. |
| 4 | گرێی ناوی | وێنەی هۆنیارەکەم هەڵواسی. |
| 5 | جێناوە لکاوەکان م مان، ت تان، ی یان، م ین، یت ن، Ø - ن | ناردمــی، ناردینــی. |
| 6 | پارستەی ناوی | بیستوومە، کە تۆ دڵسۆزیت. |

تێبینی 1 / جێناوی سەربەخۆی هەیی خۆی بە تەنیا نابێت بە دیارخەری ناو چونکە ئەرکی دیارخراو دەبینێت، بەڵکو لەگەڵ دیارخەرەکەیدا دەبێتە ( بەرکار ) وەکو / هی خۆمـــــم خوێندەوە.

تێبینی 2 / بەرکار بنجی یە، واتە ناتوانرێ لە ڕستەدا لابرێت.

تێبینی3 / دەکرێ بەرکار وەکو ج. لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەرنەکەوێت. وەکو / نارد Ø م.

**( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە (17)**

**لەم دێرە هۆنراوانەدا بەرکار دیاری بکە :ـ**

| ژ | ڕستە | بەرکار |
|---|---|---|
| 1 | کوێخایەك نانی بۆ ڕەنجبەرێ بــرد<br>زۆر زۆر بە سوکی تەماشای ئەکرد | نان<br>تەماشا |
| 2 | ڕۆژی جەژنە چاوەکانت جوانە جەژنانەم ئەوێ<br>من بە هەڵپەم چاوەکانم جــامی پێوانە ئەوێ | جەژنانە<br>جامی پێوانە |
| 3 | دەمگرێ ئەمما لە گرتوخانە ڕق ئەستوورترم<br>لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم | جێناوی لکاوی ( م ) لەکاری (دەمگرێ) |
| 4- | یەکێ نەمام ئەڕوێنێ یەکێ نـــــــەمام ئەنێژێ<br>ئەمیان چاوەڕێی گوڵە ئەویان فرمێسك ئەڕژێنێ | نەمام، نەمام<br>فرمێسك |
| 5 | شەرتە وەك فەرهاد قوڵنگی یادی شیرین هەڵگرم<br>تا لە پای کێوی قیراقا جێ دەهێڵم یـــــــادگار | قوڵنگی یادی شیرین<br>یادگار |

( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە ( 18 )

**لە ڕستەی ( داهێن ڕێزمانی کوردی فێرکردین )**

A – کاری ڕستە دیاربخە و چ جۆرێکە ؟ وەڵام / ( فێرکردین ) ڕابردووی تێپەڕە.

B – وشەی ( ڕێزمانی کوردی ) شیبکەرەوە ؟ وەڵام / گرێی ناویە.

C – ( ین ) چییە ؟ ئەرکی چییە ؟ وەڵام / جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

D – پیتی ( ی ) ( ڕێزمانی کوردیی ) شیبکەرەوە ؟ وەڵام / ئامرازی خستنەسەر.

E – بەرکاری ڕستەکە کامەیە ؟ وەڵام / ریزمانی کوردی ( ین ).

( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە ( 18 )

**ئەم دێڕە هۆنراوەیە شیبکەرەوە :ـ**

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە

بە... دوە / ئامرازی پەیوەندییە.

**ئاسمان** / ناوە - تەواوکەری بەیاریدەی کارە.

**ئەستێرە** / ناوە، تاکە، گشتییە، بەرکارە.

**م** / جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

**دیوە**/ کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕە.

**لە**/ ئامرازی پەیوەندی.

**باخچە**/ ناوە، گشتییە، دیارخراوە.

**ی**/ ئامرازی خستنەسەر.

**بەهار**/ ناوە، ناسراوە، دیارخەر

**باخچەی بەهار**/ گرێی ناوییە، تەواوکەری بەیاریدەی کارە.

**گوڵ**/ ناوە، بەرکارە.

**م**/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

**چنیوە**/ کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە.

( ڕاهێنانی چوارەم ) لاپەڕە ( 18 )

**وشەی ( ڕۆژنامە ) وەکو بەرکار لە سێ ڕستەدا بەکار بهێنە :ـ**

| ژ | کار | بەرکار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕابردوو | ڕۆژنامە | ڕۆژنامەکەم خوێندەوە. |
| 2 | ڕانەبردوو | ڕۆژنامە | ڕۆژنامەکە دەخوێنمەوە. |
| 3 | داخوازی | ڕۆژنامە | ڕۆژنامەکە بخوێنەرەوە. |

هەواڵنامەی کتێب

# تەواوکەری کار ( تەواوکەری بەیـــــاریدە )

**تەواوکەری بەیاریدە/** ئەو ناوە یان جێناوەیە کە لە ڕستەدا بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی، واتای کار تەواودەکات. ئامرازە پەیوەندییەکان ئەمانەن: (( بە، بۆ، لە، ە، بە...ەوە، لە...دا، بەرەو، تا، ژبۆ، ژ، ل، د... ))

تێبینی / بۆ جیاکردنەوەی ( ە ) ئامرازی پەیوەندی لە ئەرکەکانی تری بزوێن پێویستەرەچاوی ئەم دوو تێبینییە بکەین : ـ

1 ـ هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارێکی تەواوەوە و ناوێك بە دوایدا دێت.

2 ـ ئەگەر لە ڕستەکەدا (ە) لابەرین جێگەی یەکێ لە ئامرازەکانی ( بۆ، بە )ی گرتەوە ئەوا ئامرازی پەیوەندییە.

وەکو / خوێنکارەکان چوونە ژوورەکانیان.　　　★ فەرمانبەرەکە بووە مامۆستا.

**لە زمانی کوردیدا ، ئەم کەرەستە زمانییانە دەبنە تەواوکەری بەیاریدە : ـ**

| ژ | تەواوکەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ناو | نووسینەکەم بە ئازاد خوێندەوە. |
| 2 | گرێی ناوی | خوێندنگەیەکی هاوچەرخمان لە شاری سلێمانی کردەوە. |
| 3 | چاوگ | خوێندکار بە تێکۆشان دەردەچێت. |
| 4 | جێناوە سەربەخۆکان (کەسی،پرس،خۆیی، نیشانە، نادیار) | دیارییەکە بۆ کێ هاتووە ؟ |
| 5 | جێناوی لکاو ( م، مان — ت، تان — ی، یان )<br>جێناوی لکاو ( م، ین — یت، ن - Ø، ن ) | خانووەکەم بۆ ت فرۆشت.<br>خانووەکەم بۆ فرۆشتـیت. |

تێبینی 1 / تەواوکەری بەیاریدە لە گەڵ کاری ( رابردوو و رانەبردوو و داخوازی ) ی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت.

| ژ | دەمی کار | تێپەڕ | تێنەپەڕ | کاری ناتەواو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕابردوو | وانەکەم بە خوێندکارەکە خوێندەوە. | خوێندکارەکە چوو بۆ خوێندنگە. | ئازاد لە خوێندنگە بوو. |
| 2 | ڕانەبردوو | وانەکە بە خوێندکارەکە دەخوێنمەوە. | خوێندکارەکە دەچێت بۆ خوێندنگە. | ئازاد لە خوێندنگەیە. |
| 3 | داخوازی | وانەکە بە خوێندکارەکە بخوێنەرەوە. | بۆ خوێندنگە بچن. | ئازاد دەبێت بە خوێندکار. |

تێبینی 2 / جێناوی سەربەخۆی هەیی بە تەنیا نابێت بە تەواوکەری بەیاریدە، چونکە هەیشە دیارخراوە، بەڵکو لەگەڵ دیارخەرەکەیدا دەبێت بە ت. بەیاریدە.　　　وەکو / لە خواردنی من مەخۆ، لە هی خۆت بخۆ.

تێبینی 3 / ( ت. بەیاریدە ) بنجی نییە، واتە دەتوانرێ لە رستەدا لابرێت، وە لە رستەیەکدا دەتوانرێ زیاتر لە یەك (ت.بەیاریدە ) دابنرێت. وەکو / **بۆ ئازادی و بۆ دادپەروەری** تێبکۆشن.

تێبینی 4 / ( ت. بەیاریدە ) لە گەڵ کارە ناتەواوەکانی ( بوو، دەبێت، ە ) یش بەکاردێت، بەڵام ناتوانرێ لابرێت.

وەکو / دیارییەکەم بۆ **خوێندکارەکە** بوو.

تێبینی 5 / هەندێ جار ئامرازە پەیوەندییەکان لە شێوەی پێشگر و پێشگرەکان لە شێوەی ئامرازی پەیوەندی لە رستەدا دەردەکەون.

وەکو / هەنگەکە **بە** منداڵەکەوەی دا. ٭ **بە** پێنوس دەنوسم. پارەکەم **پێ** گەیشت. ٭ **لێم** دەدات.

تێبینی 6 / دەکرێ تەواوکەری بەیاریدە وەکو ( ج. لکاو ) بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرنەکەوێت کاتێك کاری رستەکە (رابردووی تێپەڕ ) بێت. وەکو / خانووەکەم بۆ فرۆشت Ø.

**( ڕاهێنانی یەکەم )** **لا پەرە** 22

**لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوەدا ، هەرچی بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە هەیە ، دەریانبهێنە : ـ**

| ژ | رستە | بەرکار | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|---|
| 1 | خوون ژ دل جۆجۆ ڕەوان تێ وەك عەقیق و ئەرخەوان تێ<br>لێ ژ دەست ســەلوا جوان تێ ئەو شەپالا شـــــەنگ و شۆخ | ـــــــــــ | دڵ، دەست |
| 2 | با بە قوڵنگی تیژی فـــــەرهادی<br>هەڵکوتینە سەر بێستوونی شادی | ـــــــــــ | قوڵنگی تیژی فەرهادی |
| 3 | ئەو چەم بە سوورمەی خەمنـــــاکی ڕشتە<br>چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەرگەشتە | ـــــــــــ | سوورمەی خەمناکی رشتە |
| 4 | بۆت نووسیوم بۆت بنووســـم ئەم چیم<br>دوندی قەندیل گۆرەپانی هەڵگورد نیم | ـــــــــــ | م..(نووسیوم).ت..(بۆت بنووسم) |
| 5 | لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان<br>ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی جوان | هەستێکی سپی جوان | هەموو ئاسمان |
| 6 | ئەو کەسەی گیانە لە ڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکا<br>پێی مەڵێن مردووە شەهیدە والە فیردەوسی بەرین | گیان | ڕێگەی نیشتیمان، فیردەوسی بەرین<br>(ی) وشەی (پێیمەڵێن) |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 23

**ئەم ناوانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە، جارێك وەك ( بەرکار ) و جارێك وەك ( تەواوکەری بەیاریدە ): ـ**

| ژ | وشە | بەرکار | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|---|
| 1 | وڵات | وڵاتەکەم خۆشدەوێت. | بە وڵاتدا دەگەڕێم. |
| 2 | ڕۆژنامە | ڕۆژنامەکەم خوێندەوە. | هەواڵەکەم لە ڕۆژنامەکەدا خوێندەوە. |
| 3 | پێشمەرگە | پێشمەرگەکەیان خەڵاتکرد. | دیارییەکەیان بە پێشمەرگەکە بەخشی. |
| 4 | زانست | زانستم خوێند. | بە زانست مێشکی مرۆڤ پێشدەکەوێت. |
| 5 | گوڵ | منداڵەکە گوڵەکانی بۆنکرد. | باخەکە بە گوڵ ڕازاوەتەوە. |
| 6 | پەرلەمان | پەرلەمانمان هەڵبژارد. | لە پەرلەمانەوە یاسا دەردەچێت. |

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 23

**جیاوازی نێوان بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە چییە ؟**

| ژ | بەرکار | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|
| 1 | بنجییە ناتوانرێت لە رستەدا لاببرێت | بنجی نیە واتە دەتوانرێ لاببرێت |
| 2 | لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێت. | لەگەڵ کاری تێپەڕ، تێنەپەڕ و کاری ناتەواودا بەکاردێت. |
| 3 | پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی نییە. | پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی هەیە. |

هەواڵنامەی کێنز

## ( ڕاهێنانی چوارەم ) لاپەڕە 24

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە : ـ**

**1 – ئەو کتێبان ژبۆ مە دکرێت.**

ئەو/ جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە.

کتێبان/ ناوە، کۆیە، بەرکارە.

ژبۆ مە/ جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، تەواوکەری بەیاریدەیە.

دکریت/ کارە ڕانەبردووە، تێپەڕە، سادەیە.

یت/ جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە.

2 – **گۆڤارەکانیان بۆ مان هێناوە.**

گۆڤارەکان/ ناوە، کۆیە، ناسراوە، بەرکارە.

یان/ جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

بۆ مان/ جێناوی کەسی لکاو، بۆ کەسی یەکەمی کۆ، تەواوکەری بەیاریدە.

هێناوە/ کاری ڕابردوو تەواو، تێپەڕە، سادەیە.

3- **ئەم ڕۆژنامەیەم خوێندووەتەوە بۆ تان .**

ئەم... ە / ئاوەڵناوی نیشانەیە، دیارخەرە.

ڕۆژنامە / ناوێکی دەستنیشانکراوە، نەناسراوە، دیارخراوە.

ئەم ڕۆژنامەیە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

م/ جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

خوێندووەتەوە/ کاری ڕابردووی تەواوە، تێپەڕە، سادەیە.

بۆ / ئامرازی پەیوەندییە.

تان/ جێناوی کەسی لکاو، بۆ کەسی دووەمی کۆ، تەواوکەری بەیاریدەیە.

4 – **مامۆستا لە هۆڵی قوتابخانە دیارییەکەی پێشکەشکردین.**

مامۆستا / ناوە، تاکە، گشتییە، بکەرە.

لە/ ئامرازی پەیوەندی.

هۆڵی قوتابخانە/ گرێی ناوییە، تەواوکەری بەیاریدەیە.

دیارییەکە/ ناوە، ناسراوە، بەرکارە.

ی/ جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

پێشکەشکرد/ کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن، تێپەڕە، لێکدراوە.

ین/ جێناوی کەسی لکاو، بۆکەسی یەکەمی کۆ.

هەواڵنامەی کتێب

# جێناوی خۆیی

**جێناوی خۆیی**/ جێناوی (خۆ) جێناوێکی هاوبەشە لە نێوان هەر شەش کەسی تاك و کۆدا، واتای خۆیی و خاوەنێتی دەگەیەنێت، کاتێك جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتەسەر، دەبێتە جێناوێکی لێکدراو، وەك (خۆم، خۆمان - خۆت، خۆتان - خۆی، خۆیان).

**جێناوی ( خۆیی ) چەند شێوەیەکی هەیە :**

| ژ | شێوەی دەرکەوتنی | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | خۆ | بیست و حەوت ســـــــاڵە من ڕەنجبەری تۆم        بە نان و ئاو و جل و بەرگی **خـۆم** |
| 2 | خوە | هەم ئەهلی نەزەی نەبێن کـــو کرمــــــــانج        ئیشقی نەکرن ژ بۆ **خـــوە** ئارمانج |
| 3 | خود | هەر کەسێك ئیزهاری زانایی بکات و مەقسەدی **خود** پەرستی بێ، یەقین ئیزهاری نادانی دەکا |

**1-جێناوی خۆیی ئەرکەکانی ناو دەبینێت :-**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | **خۆم** دەچم بۆ کتێبخانە. |
| 2 | نیهاد | **خۆی** نەزان ونەشارەزایە. |
| 3 | جێگری بکەر | **خۆم** بۆ پۆستەکە هەڵبژێررام. |
| 4 | دیارخەری ناو | نازدار کچەکەی **خۆی** نارد بۆ دهۆك. |
| 5 | بەرکار | ئەوە **خۆی** لە ئاوێنەدا بینی. |
| 6 | تەواوکەری بەیاریدەی کار | تۆ لە **خۆتەوە** هیچ کارێك مەکە. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | کتێبەکە بە **خۆتــە**. |
| | تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو | ئەوە **خۆی** بوو، لەسەربانەکە دانیشتبوو. |

**2 – جێناوی خۆیی لە دوو باردا بەکاردێت:**

**یەکەم** / بۆ تەوکیدی ( ناو، جێناو ) بەکاردێت.

نموونە: ئازاد نامە ی نووسی. ← ئازاد **خۆی** نامە ی نووسی.

تێبینی / زۆر جار بۆ زیاتر تەوکید و چەسپاندن وشەی ( خود ) دەخرێتە پێش ( خۆ )

نموونە: کارەکە بە **خودی خۆت** ئەنجام دەدرێت.

**دووەم** / لە ڕستەدا ئەگەر ( بکەر و بەرکار ) یەك بن، دەتوانرێت جێناوی خۆیی بەکاربێت. - من **خۆم** خۆمـــم پێگەیاند.

3- ( خۆ ) دەکرێت بە تەنیا و بە بێزیادە بەکار بێت.

نموونە : ـ **خۆبەخۆ** دانیشتبووین.

4- جێناوی خۆیی لە رووی ( رەگەز ، ژمارە ، دۆخ ) ەوە بێلایەنە.

نموونە: ـ ئازادی کوڕێ **خۆ** نەهێنایە. ( نێر )

نازدارێ **خۆ** ئامادە کریە. ( مێ )

5- هەرکاتێك ( خۆ ) بە پەیڤی تروەو بنوسێت، پەیڤی ناسادە دروستدەکات: ـ

| ژ | دارِشتن | جێناوی خۆیی |
|---|---|---|
| 1 | دارێژراو | خۆیەتی، خۆیی، لە خۆوە، بە خۆوە ..... |
| 2 | لێکدراو | خۆ پەسەند، خۆ کوژ، خۆ ویست ...... |

6- زۆر جار جێناوی لکاو دەلکێنرێت بە جێناوە خۆییەکەوە، مۆرفیمی ( ش، یش ) ی پەیوەندی پێوە دەلکێت، لە پێش جێناوەکە یان دوای جێناو.

خۆشم، خۆشت، خۆشمان، خۆشیان ...... خۆمیش، خۆتیش، خۆمانیش، خۆتانیش..........

7- بەکارهێنانی جێناوی ( خۆیی ) لەگەڵ جێناوە لکاوەکان، ( شێوەزاری کرمانجی خواروو ) : ـ

**یەکەم/** جێناوی خۆیی تەنها لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەکار نایەت بەڵکو لەگەل جێناوەکانی دەستەی دووەمیش بەکار دێن.

| ژ | جێناوە کەسیە لکاوەکان | رِستە |
|---|---|---|
| 1 | دەستەی یەکەم: م مان – ت تان– ی یان | خۆ مان دەچین بۆ بازار. |
| 2 | دەستەی دووەم: م ین – یت ن – Ø ن | ئەم پیاوانە خۆ یـین. |

**دووەم/** هەندێك جار دوو جێناوی دەستەی یەکەم بە دوای یەك دێن و دەخرێنە سەر جێناوە خۆییەکە : ـ

نموونە : ـ خۆ تـمان لێ مەکە بە بلیمەت.

**سێیەم/** جیناوێکی دەستەی یەکەم و جێناوێکی دەستەی دووەم لە دوای یەك دەخرێنە سەر جێناوی خۆیی.

نموونە: ـ ئەم کورانە برادەری خۆمانـن.

**چوارەم/** ئەگەر یەك جێناوی دەستەی یەکەم بلکێت بە جێناوی خۆییەوە، لەگەل کاری تێپەر و تێنەپەر بەکار دێت.

| ژ | کار لە رِووی هێزەوە | رِستە |
|---|---|---|
| 1 | تێپەر | خۆ مـان خانووەکەمان فرۆشت. |
| 2 | تێنەپەر | خۆ یـان بە پێ هاتنەوە. |

**پێنجەم/** ئەگەر دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە بلکێت، تەنیا لەگەڵ کاری تێپەر بەکاردێت.

نموونە : زەویەکەی خۆمانمان فرۆشت. کاری تێپەر

**8- بەکار هێنانی جێناوی ( خۆیی ) لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا : ـ**

**یەکەم/** ئەگەر جێناوی خۆیی ئەرکی ( بکەر، نیهاد، جێگری بکەر ) بوو، ئەوا پێشگری (ب) دەخرێتە پێش : ـ

| ژ | ئەرك | ڕستە |
| --- | --- | --- |
| 1 | بكەر | ئەز ب خۆ هاتم. |
| 2 | نیهاد | ئەو ب خۆ نەزانە. |
| 3 | جێگری بکەر | ئەو ب خۆ هاتە گرتنێ. |

**دووەم/** ئەگەر جێناوی خۆیی ئەرکی ( بەرکار ) بوو، ئەوا پێویستی بە ( ب ) ی پێشگر نابێت. نموونە : ـ من خۆ شوشت.

**( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 33**

**پەیڤی ( خۆ ) لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێك : ـ**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
| --- | --- | --- |
| 1 | بكەر | خۆم باخەکەم کێڵا . |
| 2 | تەواوکەری کاری ناتەواو (بیهێز) | ئەوە خۆی بوو. |
| 3 | نیهاد | خۆی خاوێن بوو. |
| 4 | دیارخەری ناو | ڕێزی باوکی خۆی دەگرێت. |
| 5 | جێگری بکەر | خۆی بینرا. |

**( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 33**

**ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕە بە کۆ : ـ**

| ژ | ڕستەی تاك | ڕستەی کۆ |
| --- | --- | --- |
| 1 | بە منداڵەکەی خۆمم خوێند. | بە منداڵەکانی خۆمانمان خوێند. |
| 2 | دوێنێ خۆت پارەکەت لێسەندم. | دوێنێ خۆتان پارەکانتان لێسەندین. |
| 3 | خۆی لێرە نییە، خوای لێرەیە. | خۆیان لێرەنین، خوایان لێرەیە. |
| 4 | من خۆم کارەکە جێبەجێدەکەم. | ئێمە خۆمان کارەکان جێبەجێ دەکەین. |

هەولێر ئامادەی کیژان

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 33

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:**

1 – جێناوی خۆیی کەی پێشگری ( ب ) ی دەخرێتە پێش ؟

وەڵام/ ئەگەر جێناوی خۆیی ئەرکی ( بکەر، نیهاد، جێگری بکەر ) بوو لە کرمانجی ژووروودا، ئەوا پێشگری (ب) دەخرێتە پێش.

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | ئەز ب خۆ هاتم. |
| 2 | نیهاد | ئەو ب خۆ نەزانە. |
| 3 | جێگری بکەر | ئەو ب خۆ هاتە گرتنێ. |

2- جێناوی خۆیی لە چەند باردا لە ڕستەدا بەکاردێت؟ وەڵام/ لە دوو باردا بەکاردێت:

یەکەم/ بۆ تەوکیدی ( ناو، جێناو ) بەکاردێت. نموونە : ـ ئازاد نامە ی نووسی. ← ئازاد خۆی نامە ی نووسی.

دووەم/ لە ڕستەدا ئەگەر ( بکەر و بەرکار ) یەك بن، دەتوانرێت جێناوی خۆیی بەکاربێت. من خۆم خۆمـم پێگەیاند.

3- کەی دەتوانین جێناوی خۆیی لە ڕستەدا لابەرین؟

وەڵام/ ئەگەر هاتوو جێناوی کەسی سەربەخۆ، لەگەڵ جێناوی خۆیی لە ڕستەکەدا بەکار هات و ( بکەر )ی ڕستەکەبوون، لەم کاتەدا جێناوێکی لکاویش دێت، دەتوانین جێناوە سەربەخۆکان لابەرین. نموونە: من خۆم وانەکەم وتەوە.وانەکەم وتەوە.

4- کەی جێناوی خۆیی لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکار دێت ؟

وەڵام/ ئەگەر یەك جێناوی دەستەی یەکەم بلکێت بە جێناوی خۆییەوە، لەگەل کاری تێپەر و تێنەپەر بەکار دێت.

| ژ | کار لە ڕووی هێزەوە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | تێپەڕ | خۆ مـان خانووەکەمان فرۆشت. |
| 2 | تێنەپەڕ | خۆ یـان بە پێ هاتنەوە. |

5- کەی جێناوی خۆیی مۆرفیمی (ش) وەردەگرێ ؟

وەڵام/ زۆر جار جێناوی لکاو دەلکێنرێت بە جێناوە خۆییەکەوە، مۆرفیمی ( ش، یش ) ی پێوە دەلکێت، لە پێش جێناوەکە یان دوای جێناو. خۆشم، خۆشت، خۆشمان، خۆشیان ...... خۆمیش، خۆتیش، خۆمانیش، خۆتانیش..........

## ( ڕاهێنانی پێنجەم ) لاپەڕە 34

**لەم ڕستانەدا، پەیڤی ( خۆ ) شیبکەرەوە، ئەرکەکەی دەربخە : ـ**

| ژ | ڕستە | شیکردنەوە |
|---|---|---|
| 1 | بە**خۆت**م گوت، ئەم کارە مەکە. | جێناوی خۆیی تەواوکەری بەیاریدە. |
| 2 | من **خۆم** چووم بۆ بازاڕ. | جێناوی خۆیی، بکەر، بۆ جەختکردنەوە. |
| 3 | ئەو ب **خۆ** هات گرتنێ. | جێناوی خۆیی، جێگری بکەر. |

هەولێرنامەی کتێب

# جێناوی هەیی

**جێناوی هەیی/** ئەو جێناوەیە کە بۆ خاوەنداریێتی بەکاردێت، خاوەنەکەی دەشێت ناو، یان جێناو بێت، لە ڕستەدا ئەرکی ناوی پێدەسپێردرێت. (( **هی ـ ئی ( کرمانجی خواروو** )) وەکو / **ئەم کتێبە هی منە**.

(( **یێ ← بۆ تاکی نێر ( کرمانجی ژوروو** )) ٭ ئەڤ پەرتووکا یێ منە.

(( **یا ← بۆ تاکی مێ ( کرمانجی ژوروو** )) ٭ ئەڤ پەرتووکا یا تەیە.

(( **یێن، یێد، یێت ← بۆ کۆی نێر و مێ ( کرمانجی ژوروو** )) ٭ ئەڤ پەرتووکان یێن وانە.

**تێبینی /** جێناوی هەیی جێناوێکی سەربەخۆیە، هەمیشە دەبێتە دیارخراو، لەگەڵ دیارخەرێکدا گرێی ناوی درووستدەکات. ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

**یاسا/ دیارخراو + دیارخەر = گرێی ناوی**

| ژ | دیارخراو | دیارخەر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | هی | خوێندکار | کتێبەکە هی خوێندکارەکە بوو. |

**جێناوی هەیی لە کرمانجی خوارووددا :**

**یەکەم/ جێناوی هەیی ڕەگەزی نێر و مێ پیشان نادات :ـ** نموونە: ـ کراسەکە هی تۆ بوو.

**دووەم/ جێناوی هەیی لە هەندێك ناوچە لەبری ( هی ) دەبێت بە ( هین ):ـ** نموونە: ـ قەڵەمەکە هینی من بوو.

**سێیەم/ هەندێك جار ( ئی ) بەکاردێت وەکو جێناوی هەیی :ـ** نموونە: ـ خانووەکە ئی منە.

**جێناوی هەیی لە کرمانجی ژووروودا :**

**یەکەم/ جێناوی هەیی ( یا ) بۆ تاکی مێ بەکاردێت:ـ** نموونە: ـ خوشکا من نەهاتییە، یا تە هاتییە.

جێناوی هەیی گەر بۆ تاکی مێ بوو، پێویستە خستنەسەرەکەش بۆ تاکی مێ بێت.

**دووەم/ جێناوی هەیی ( یێ ) بۆ تاکی نێر بەکاردێت :ـ** نموونە: ـ بابێ من نەهاتییە یێ تە هاتییە.

جێناوی هەیی گەر بۆ تاکی نێر بوو، پێویستە خستنەسەرەکەش بۆ تاکی نێر بێت.

**سێیەم/ جێناوی هەیی ( یێن ) بۆ کۆی نێر و مێ بەکاردێت :** نموونە: ـ ب دەستێن من ماری نەکوژە، ب یێن خۆ بکوژە.

جێناوی هەیی گەر بۆ کۆی نێر و مێ بوو، پێویستە خستنەسەرەکەش بۆ کۆی نێر و مێ بێت.

هەواڵنامەی کتێب

**جێناوی هەیی لە گەڵ دیارخەرەکەیدا ئەرکەکانی ناو دەبینێت : ـ**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | قەڵەمەکەی من شکا، هی تۆ نەشکا. |
| 2 | نیهاد | ژوورەکەی من جوانە، هی تۆ جوان نییە. |
| 3 | بەرکار | وانەکەی من مەنووسە، هی خۆت بنووسە. |
| 4 | جێگری بکەر | دیارییەکەی من بەخشرا، هی تۆ نەبەخشرا. (دەبەخشرێ) |
| 5 | دیارخەری ناو | جێناوی هەیی ئەرکی (دیارخەری ناو) نابینێ. |
| 6 | تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو | ئەو کراسە هی من بوو. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدەی کار ناتەواو | کراسەکە لە هی ئەو بوو. |

(( ڕاهێنانی یەکەم )) لاپەرە 38

**ئەم جێناوانە بۆ چ ناوێك دانراون بیاننووسە : ـ**

| ژ | ڕستە | جێناوی هەیی | ناو |
|---|---|---|---|
| 1 | نمرەی نەسرین لە هی من بەرزترە. | هی | نمرە |
| 2 | ئەسپەکەی تۆ لە هی من خێراترە. | هی | ئەسپ |
| 3 | ئاهانگەکەی ئێوە لە هی ئێمە خۆشتربوو. | هی | ئاهەنگ |
| 4 | پەرتووکێن من ویێن تە زۆر سوودن. | یێن | پەرتووك |
| 5 | مامۆستای ئێمە هاتووە هی ئێوە نەهاتووە. | هی | مامۆستا |

(( ڕاهێنانی دووەم )) لاپەرە 39

**لە جیاتی ئەو ناوانەی هێڵیان بە ژێرداهاتووە، جێناوی هەیی دابنێ : ـ**

| ژ | ڕستە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ئەڤ گوندێ مە نینە، گوندێ ئەوانە. | ئەڤ گوندێ مە نینە، یێ ئەوانە. |
| 2 | ب پێنووسێ خۆ بنڤیسە. | ب یێ خۆ بنڤیسە. |
| 3 | ئەسپەکەی تۆ لە ئەسپەکەی من خێراترە. | ئەسپەکەی تۆ لە هی من خێراترە. |
| 4 | ئاڤا کانییا ژ ئاڤا ڕووباری پاکژترە. | ئاڤا کانییا ژ یا ڕووباری پاکژترە. |
| 5 | بە قسەی دووژمن نارۆم بە ڕێوە. | بە هی دووژمن نارۆم بە ڕێوە. |

## (( ڕاهێنانی سێیەم )) لاپەڕە 39

**ئەم ڕستانە شیبکەرەوە : ـ**

**1 ـ وتاری یەکەم ی فیسار بوو.**

وتار/ ناوە، دیارخراوە.

ی/ ئامرازی خستنەسەر

یەکەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن، دیارخەر.

وتاری یەکەم/ گرێی ناوییە، نیهادە.

ی/ جێناوی هەییە، دیارخراوە.

فیسار/ جێناوی نادیارە، دیارخەرە.

ی فیسار/ گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواو.

بوو/ کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو.

**2- باخچەیٚ مە ژ یێ وە جوانترە.**

باخچە/ ناوە، دیارخراوە.

یٚ/ ئامرازی خستنەسەرە بۆ تاکی نێر.

مە/ جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، دیارخەرە.

باخچەیٚ مە/ گرێی ناوییە، نیهادە.

ژ/ ئامرازی پەیوەندی یە.

یێ/ جێناوی هەییە بۆ تاکی نێر، دیارخراوە.

وە/ جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ، دیارخەرە.

یێ وە/ گرێی ناوییە، تەواوکەری بەیاریدە کاری ناتەواوە.

جوانتر/ هاوەڵناوی پلەی بەراورد، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە.

ە/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

**3- شۆڕشی کوردستان ی گەلی کوردە.**

شۆڕشی کوردستان/ گرێی ناوییە، نیهادە.

گەلی کورد/ گرێی ناوییە، دیارخەری جێناوی هەییە.

ی/ جێناوی هەیی، دیارخراو.

ی گەلی کوردە/ گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

هەواڵنامەی کتێب

## (( ڕاهێنانی چوارەم )) لاپەڕە 39

**جێناوی هەیی لەگەڵ دیارخەرەکەیدا لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە ئەم ئەرکانە ببینێ : ـ**

| ژ | ئەرک | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | قەڵەمەکەی من شکا، ی تۆ نەشکا. |
| 2 | بەرکار | وانەکەی من مەنووسە، ی خۆت بنووسە. |
| 3 | تەواوکەری بەیاریدە | کراسەکەم لە ی ئەو بوو. |

# هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو

**هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو/** پەیڤێکە هەمیشە لە چاوگەوە بەهۆی پێشگر و پاشگرەوە دێتە درووستکردن، هەندێکیشیان لە ناو و پاشگر دێنە درووستکردن، ئەم وشانە ئاماژە بۆ کارێك دەکەن و واتای بکەری پێدەبەخشن.

**یاساکانی درووستبوونی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو : ـ**

**یەکەم/ چۆنیەتی درووستبوونی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو لە (( چاوگ )):**

1/ ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی لە **(قەدی چاوگ)** دروستدەکرێت :

A- **قەدی چاوگی تێنەپەڕی ( دالی و تائی ) + پاشگری** (وو)، ( ی )

| ژ | چاوگ | قەد | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نووستن | نووست | وو، ی | نووستوو، نووستی |
| 2 | مردن | مرد | وو، ی | مردوو، مردی |

B - **قەدی چاوگی تێنەپەڕ ( یائی ) + پاشگری** ( و )، ( ی )

| ژ | چاوگ | قەد | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فڕین | فڕی | و، ی | فڕیو، فڕیی |
| 2 | بەزین | بەزی | و، ی | بەزیو، بەزیی |

C- **قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگری** ( ەوار، ەڤان )

| ژ | چاوگ | قەد | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندن | خوێند | ەوار، ەڤان | خوێندەوار، خوێندەڤان |

تێبینی 1 / لە کرمانجی ژووروودا لە بری پاشگری ( وو ) پاشگری ( ی ) بەکاردێت. وەکو: سوتی ـ مری

تێبینی 2 / ئەگەر کۆتایی قەد هەرسێ پیتی ( أ، و، ی ) بوو ئەوا پاشگری ( و ) ی دەخەینە سەر وەکو: بڕژاو، بەڵام ئەگەر (د، ت ) بوو، ئەوا پاشگری ( وو ) ەخەینە سەر وەکو / هاتوو ـ مردوو.

2/ ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی لە (**ڕەگی کار**) دروستدەکرێت :

**A- ڕەگی کار + پاشگر:**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نووسین، خوێندن | نووس، خوێن | ەر | نووسەر، خوێنەر |
| 2 | فرۆشتن، کڕین | فرۆش، کڕ | یار | فرۆشیار، کڕیار |
| 3 | بڕین، کوشتن | بڕ، کوژ | ندە | بڕندە، کوشندە |
| 4 | گەڕان، مژین | گەڕێ، مژ | ۆك | گەڕۆك، مژۆك |
| 5 | کوژران، گیران | کوژ، گیرێ | ەك | کوژەك، گیرەك |
| 6 | بینین، زانین | بین، زان | ا | بینا، زانا |

**B- پێشگر + ڕەگی کار:**

| ژ | چاوگ | پاشگر | ڕەگی کار | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مردن | ب | مر | بمر |
| 2 | سوتان | ب | سۆت | بسۆت |
| 3 | نووسین | ب | نووس | بنووس |
| 4 | گۆڕین | ب | گۆڕ | بگۆڕ |
| 5 | گۆڕین | نە | گۆڕ | نەگۆڕ |
| 6 | کوشتن | ب | کوژ | بکوژ |

**C- پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر:**

| ژ | چاوگ | پێشگر | ڕەگ | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خواردن | ب، | خۆ | ەر | بخۆر، نەخۆر |
| 2 | کردن | ب، | کە | ەر | بکەر، نەکەر |

**تێبینی/ لە زمانی کوردیدا، دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نایەن، بۆیە پیتی بزوێنی (ە)، پاشگری (ەر) لادەبرێت.**

هەواڵنامەی کتێب

D- ڕەگی کاری داڕێژراو:

| ژ | چاوگ | (ڕەگی کار) ڕاستەوخۆ هاوەڵناوی بکەری داڕێژراوە |
|---|---|---|
| 1 | هەلگرتن | هەلگر |
| 2 | هەڵبەزین | هەڵبەز |
| 3 | هەڵفڕین | هەڵفڕ |

دووەم/ ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی لە ( نـــــــــاو ) دروستدەکرێت :

A-ناوی واتایی + پاشگر:

| ژ | ناوی واتایی | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | تاوان، ستەم | بار | تاوانبار، ستەمبار |
| 2 | پەروەرد | گار | پەروەردگار |
| 3 | مەلە، هۆزان | وان، ڤار | مەلەوان، هۆزانڤان |
| 4 | خەم، ترس | ناك | خەمناك ، ترسناك |
| 5 | بەهرە، هونەر | وەر | بەهرەوەر، هونەروەر |

B- ناوی بەرجەستە + پاشگر:

| ژ | ناوی بەرجەستە | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نان | وا | نانەوا |
| 2 | شاخ | ەوان | شاخەوان |
| 3 | دار | ڤان | دارڤان |
| 4 | باڵ | ندە | باڵندە |
| 5 | سەر | وەر | سەروەر |

**چەند تێبینییەك لەسەر هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو:**

**یەکەم**/ ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی کە بە پاشگری ( ندە ) کۆتاییان دێت، لە ڕەگی کارەوە دروستدەبن، بۆ ( کارو سیفەتی ناجێگیر) بەکان دێن.

نموونە: (**کوشندە**) واتە دوای ڕوداوی کوشتنەکە کارەکە سیفەتەکەی لەسەر لا دەچێت و ناجێگیرە.

**دووەم/** ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی لە ڕەگی کار و پاشگری ( ا ) دروستدەبن، (بەردەوامی و جێگیری لە کار و سیفەتەکەیدا هەیە).

نموونە: ( **زانا** ) واتە بە کەسێك دەوترێت کە بەردەوام ئەو سیفەتەی هەڵگرتوە.

**سێیەم/** پاشگری (گەر) دەچێتە سەر ناوی واتایی، هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دروستدەبێت، (جۆرە موبالەغە و زیادەڕۆیی لە سیفەتەکەیدا ڕوودەدات). نموونە: **ستەمگەر**

تێبینی/ پاشگری ( گەر ) ئەگەر بخرێتە سەر ناوی بەرجەستە ئەوا هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دروست ناکات بەڵکو ( ناوی پیشە) دروست دەکات. ( **ئاسنگەر، دەرمانگەر، مسگەر**)

بەڵام ئەگەر پاشگری ( ەوا، ەوان، ڤان ) ناوی بەرجەستە ئەکەنە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو. ( **نانەوا، شاخەوان، دارڤان** )

**چوارەم/** پاشگری ( ناك ) دەخرێتە سەر ناوی واتایی، (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) دروستدەکات، کە واتای ترس و ناخۆشیان لێبەدی دەکرێت. نموونە: **ترسناك، خەمناك**

**پێنجەم/** پێشگری (نە) دەچێتە پێش ڕەگی کار و (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) دروستدەکات، واتاکەی پێچەوانەی هاوەڵناوە بکەرییەکەیە. نموونە: **بگۆڕ نەگۆڕ بمر نەمر**

**ناوی بکەری داڕێژراو:** هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دەتوانرێ وەکو ناو بەکار بهێنرێ، پێیدەوترێ ( **ناوی بکەری داڕێژراو** )، هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێ، وەکو: ناسراوی و نەناسراوی، تاك و کۆ: ( **ەك، ێك، ەکە، ان** )، هەروەها ئەرکەکانی ناو دەبینێ

نموونە: نووسەرێك هات. نووسەرەکە هات. نوو سەرەکان هاتن.

**ناوی بکەری داڕێژراو ئەم ئەرکانەی ناو دەبینێت:**

| ژ | ئەرکەکانی ناو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | نووسەرکە هات. |
| 2 | نیهاد | نووسەرەکە دڵخۆش بوو. |
| 3 | بەرکار | نووسەرەکەم ناسی. |
| 4 | جێگری بکەر | نووسەرەکە بینرا. |
| 5 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | کتێبەکەم بە نووسەرەکە نووسی.<br>کتێبەکە بە نووسەرەکە بوو. |
| 6 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەمە نووسەرەکە بوو. |
| 7 | دیارخەری ناو | کتێبی نووسەرکەم خوێندەوە. |

**هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دوو ئەرکی هەیە :**

**یەکەم/ دیارخەری ناو:** A- ناوی نەناسراو یان جێناو + (ی) خستنەسەر + هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو

نموونە: مرۆڤی دانا سەردەکەوێت.

B- ناوی ناسراو یان جێناو + (ە) خستنەسەر + هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو + ەکە + ان نموونە:مرۆڤە داناکان سەردەکەوێت

**دووەم/ تەواوکەری کاری ناتەواو:** نموونە: کورەکە دانا بوو.

**(( ڕاهێنانی یەکەم )) لاپەڕە 47**

**لەم دێڕە هۆنراوانەدا، هەرچی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو هەیە دەریان بهێنە و چۆنیەتی دروستکردنەکەیان دیاری بکە :**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو | چۆنیەتی دروستکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | لەدەست ئەم چەرخە زانا زۆر کەسادن<br>هەمیشە دیل و مەست و نامرادن | زانا | ڕەگی کار +پاشگری (ا) |
| 2 | ئەی فریشتەی چاو بەخومار    بەڵام بێکەسی هۆشیار<br>بێکەســــی دنیاری نووسین    دانەری بەستەی شیرین | هۆشیار<br>دانەر | ناوی واتایی + یار<br>ڕەگی کار + ەر |
| 3 | مەژیك ڤەکەن لەورا ئەزێ پەرستڤانێ<br>بەژنا تەیا شەنگ و شەپاڵ سوندی دخۆم<br>چ ئەڤرۆ بیت چ سوباهی ئــەو دڤێتن<br>هەموو هیڤی یێد تــــــــە بێد فڕی | پەرستڤان<br>فڕی | قەدی چاوك + ڤان<br>قەد + ی |
| 4 | میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ    جریوە و جوکەی دارستانی شاخ | گەیشتوو | قەدی چاوك + وو |
| 5 | ملی کەچکرد وەنەوشە کەوتە بەرپێت وەك قەباحەتبار<br>کە دەرکەوت خاڵی لێوت تێگەیی شێت و خــــــــەتابار | قەباحەتبار<br>خەتابار | ناوی واتای +بار<br>ناوی واتای + بار |
| 6 | مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ    وەك مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ | مردوو | قەدی کار + وو |

**(( ڕاهێنانی دووەم )) لا 48**

**لەم چاوگانەی خوارەوە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو درووستبکە، چۆنیەتی درووستکردنەکەی دیاری بکە : ـ**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو | چۆنیەتی دروستکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | سوتاندن | سوتێنەر | ڕەگی کار + پاشگر |
| 2 | گۆڕین | بگۆڕ | پێشگر + ڕەگی کار |
| 3 | نقیسین | نقیسەر | ڕەگی کار + ەر |
| 4 | تێکردن | تێکەر | ڕەگی کار + ەر |
| 5 | هەڵکەڤتن | هەڵکەڤتوو | قەدی چاوگ + وو |

## (( ڕاهێنانی سێیەم )) لاپەڕە 49

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە: ـ**

1-جیاوازی لە نێوان ئەو هاوەڵناوە بکەرە دارێژراوانەی  کە بە هۆی پاشگری (ەر) و (گەر) ەوە درووستدەکرێن چییە؟ لە ڕووی درووستبوون و سیفەتەکانیانەوە : ـ

| ژ | پاشگر | لەڕووی سیفەتەوە | لەڕووی درووستبوونەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | ەر | تاڕادەیەك سیفەتەکەیان جێگیرە. | ڕەگی کار + پاشگر (ەر) |
| 2 | گەر | زیادەڕۆییەك لە سیفەتیاندا هەیە. | ناوی واتایی + پاشگری (گەر) |

2- جیاوازی لە نێوان هەردوو وشەی (ستەمگەر و ئاسنگەر) چییە؟ لە ڕووی بەکارهێنان و دروستبوونەوە.

| ژ | وشە | لەڕووی بەکارهێنان | لەڕووی درووستبوونەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | ستەمگەر | هاوەڵناوی بکەری دارێژراوە | ناوی واتای + پاشگر |
| 2 | ئاسنگەر | ناوی پیشەیە | ناوی بەرجەستە + پاشگر |

## (( ڕاهێنانی چوارەم )) لاپەڕە 49

**لە ڕستەی ( گەلی زانا و تێگەیشتوو بە ئامانج دەگات )**

1 ـ وشەی ( **زانا** ) چییە و چۆن درووستبووە ؟ 3- وشەی ( **زانا و تێگەیشتوو** ) ئەرکیان چییە ؟

وەڵام / ئەوەڵناوی بکەری دارژاوە.  ڕەگی کار + پاشگر ( ا )  وەڵام/ دیارخەری ناوی ( گەل ) ە.

2- وشەی ( **تێگەیشتوو** ) چییە و چۆن درووست بووە ؟  4- وشەیەکی تر بهێنە، وەك وشەی ( **زانا، تێگەیشتوو** ) درووستکرابێت ؟

وەڵام/ ئاوەڵناوی بکەری دارژاوە،  قەدی چاوگی دارێژراو + پاشگری ( وو )  وەڵام/ دانا، پێگەیشتوو

## (( ڕاهێنانی پێنجەم )) لاپەڕە 49

**لە چاوگی ( بەزین، مردن ) بە چەند ڕێگە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو درووستدەکرێت، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە : ـ**

| ژ | چاوگ | ڕێگەی درووستیوون | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | بەزین | بەزیوو | کەلەشێری بەزیوو شەڕ ناکات. |
| | | بەزیی | کەلەشێری بەزیی شەڕ ناکات. |
| | | نەبەز | پیاوی نەبەز نادۆڕێ. |
| 2 | مردن | مردوو | گۆشتی ئاژەڵی مردوو ناخورێت. |
| | | مری | گۆشتی ئاژەڵی مردی ناخورێت. |
| | | نەمر | مرۆڤی نەمر ناودارە. |

# هاوەڵناوی بکەری لێکدراو

**هاوەڵناوی بکەری لێکدراو/** پەیڤێکە سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەتی بە هەلگرەکەی دەبەخشێ.

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو، لە زمانی کوردیدا، بەم شێوانەی لای خوارەوە درووستدەکرێت:

**یەکەم/ ناو + رەگی کار = هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | چاوگ | ناو | رەگی کار | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاو کوشتن | پیاو | کوژ | پیاوکوژ |
| 2 | خوا پەرستن | خوا | پەرست | خواپەرست |

**دووەم/ هاوەڵناو + رەگی کار= هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناو | رەگی کار | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەچبینین | کەچ | بین | کەچبین |
| 2 | تیژرۆیشتن | تیژ | رۆ | تیژرۆ |

**سێیەم/ هاوەڵکار + رەگی کار + پاشگر= هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | هاوەڵکار | رەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەم | خۆ | ەر | کەمخۆر |
| 2 | زۆر | خۆ | ەر | زۆرخۆر |

**چوارەم / ناو + رەگی کار + پاشگر**

| ژ | ناو | رەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نان | خۆ | ەر | نانخۆر |
| 2 | خەبات | کە | ەر | خەباتکەر |

**پێنجەم / ئاوەڵکار + رەگی کار + پاشگر**

| ژ | ناو | رەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەم | خۆ | ر | کەمخۆر |

تێبینی/ پیتی بزوێن (ە)ی پاشگری (ەر)، لادەبرێت، لەبەر ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت.

هەواڵنامەی کتێب

**شەشەم/ جێناوی خۆیی + ڕەگی کار = هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | جێناوی خۆیی | ڕەگی کار | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | خۆ | بین | خۆ بین |
| 2 | خۆ | ڕاگر | خۆڕاگر |
| 3 | خۆ | هەڵکێش | خۆهەڵکێش |
| 4 | خۆ | ناس | خۆناس |

**حەوتەم/ جێناوی خۆیی + ڕەگی کار + پاشگر = هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | جێناوی خۆیی | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆ | خۆ | ەر | خۆخۆر |
| 2 | خۆ | لەناوبە | ەر | خۆلەناوبەر |
| 3 | خۆ | خنکێن | ەر | خۆخنکێنەر |

**هەشتەم/ ناو یان جێناوی خۆیی + قەدی چاوگی تێپەڕ= هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | ناو یان جێناوی خۆیی | قەدی چاوگی تێپەڕ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دەست | کرد | دەستکرد |
| 2 | خۆ | کرد | خۆ کرد |

**نۆیەم/ ناو + قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگری ( وو ، ی ، ە ) = هاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

| ژ | ناو | قەدی چاوگی تێپەڕ | پاشگر | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نان | برد | وو، ی، ە | نانبردوو، نانبردی، نانبردە |
| 2 | کار | کرد | وو، ی، ە | کار کرد وو، کار کرد ی، کار کرد ە |

تێبینی/ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەکو ناو لە ڕستەدا بەکاردێت، دەتوانین ناوی لێ بنێن ( **ناوی بکەر لێکدراو** ).

**ناوی بکەری لێکدراو**/ لە بری ناو بەکاردێت، هەموو تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێت، (**ان، ەکە، ێك، ەك**)، دەتوانێ ئەرکەکانی ناو ببینێت.

1/ **نیشانەی کۆ :** خواپەرستان لە پەرستگەکاندا دەژین.

2/**نیشانەی ناسراویی و نەناسراویی :** دەرمانفرۆشێك لە ڕێگادا تووشم بوو.

دەرمانفرۆشەکە کۆمەڵێك دەرمانی تێکچووی فرێدا.

**هاوەڵناوی بکەری لێکدراو ئەرکەکانی ناو دەبینێت:**

| ژ | ئەرک | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | وێنەگرەکە دوو وێنەی بۆ گرتین. |
| 2 | نیهاد | وێنەگرەکە شارەزایە. |
| 3 | جێگری بکەر | وێنەگرەکە بینرا. |
| 4 | بەرکار | وێنەگرەکەم لە ئاهەنگەکەدا بینی. |
| 5 | دیارخەری ناو | وێنەی وێنەگرەکە زۆر کاڵە. |
| 6 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | وێنەم لەوێنەگرەکە کڕی.<br>کامێرەکەم بۆ وێنەگرەکە بوو. |
| 7 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەمە کامێرای وێنەگرەکە بوو. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕە 55، لەم دێڕە هۆنراوانەدا هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دەری بهێنە، دەستووری درووستکردنەکەی دەستنیشان بکە:**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوێکی بکەری لێکدراو | چۆنێتی درووستبوونی |
|---|---|---|---|
| 1 | لەوراکو دەما ژغەیب فەلەك بوو تەئریخ هەزار و شەست و یەك بوو<br>ئیساڵە گەهیشتە چل و جـــاران وی پێشڕەوی گونــــــــــەهکاران | پێشڕۆ | هاوەڵکار + ڕەگ |
| 2 | فرمێسکی چاوم شەتاو ئەدا جۆش ومەوشە لەتاو دەردی من شینپۆش | شین پۆش | هاوەڵناو + ڕەگ |
| 3 | نێرگزا شـــــەهلا شەپاڵی ئاسەمینا مێرغەزار<br>لەب خەمۆش مەی فرۆش دێم پەیاڵا کێی توو | مەی فرۆش | ناو + ڕەگ |
| 4 | ئەگەر گوناهێ وە نەم کەری بـــار بەسەر بەشمشێر بە تەناف بە داو<br>وەگەر نەحەیفەن بە واتەی بەدگۆ نەپەردە مــــــانۆ ڕازی من و تۆ | بەدگۆ | هاوەڵناو + ڕەگ |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕە 56، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:**

1-جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو و لێکدراودا چییە، لەڕووی درووستبوونەوە؟

هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو لە (چاوگ و پاشگر یان پێشگر) یان (ناو و پاشگر) دروستدەکرێت، بەڵام هاوەڵناوی بکەری لێکدراو، لە چاووگی لێکدراو درووستدەکرێت کە بەشی یەکەمی (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار) بێت.

2- کەر هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لە ڕستەدا وەکو ناو بەکاردێت، ئەرکەکانی چین؟

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دەتوانین بیکەین بە ناوی بکەری لێکدراو لەبری ناو بەکاری بهێنین و هەموو تایبەتمەندییەکانی ناویش وەردەگرێ، وەك تاك و کۆ و ناسراوی و نەناسراوی، (ان، ەکە)، ئەرکەکانی ناویش دەبینێ و دەتوانێ ببێت بە :بکەر، نیهاد، بەرکار،جێگری بکەر، تەواوکەری بەیاریدە، تەواوکەری کاری ناتەواو)

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕە 56، لەم ڕستە و دێڕە هۆنراوانەدا،جۆری وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان، چۆنێتی درووستبوون و ئەرکەکانیان دیار بیکە :**

| ژ | ڕستە | وشە | جۆری وشە | یاسای درووستبوون | ئەرك |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مرۆڤی کێم پرس زوو تشتی فێرنابت | کیم پرس | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵکار + ڕەگ | دیارخەری ناو |
| 2 | چەرخە ستەمکار نەیبەخشی بەکەس<br>دڵێکی بێخەم چینێکی ســـــــەربەست | ستەمکار | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + پاشگر | دیارخەری ناو |
| 3 | ئەوە موژگانی تۆیە یــــــا وەکو تیرێکی دڵدۆزە<br>ئەوە باڵای تۆیە یا بە قوربان سەرووی بووستانە | دڵدۆز | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + ڕەگی کار | تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 4 | مرۆڤی کۆستکەوتوو بیر لەماڵ و سامانی دنیا ناکاتەوە. | کۆستکەوتوو | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + قەد+ پاشگر | دیارخەری ناو |
| 5 | زاڵمەی لــــــە خوانەترسە کافرەی بێمروەتە<br>قاتیلەی عاشق کوژەی جەلادەکەی خونخوارەکەم | لەخوانەترس<br>عاشق کوژ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو<br>هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | گرێی ناو+نەرێ+ ڕەگ<br>ناو + ڕەگ | دیارخەری ناو<br>دیارخەری ناو |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕە 57، هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لەم دوو چاووگە درووستبکە : ( نووسین، فرۆشتن ).**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | بەرکار | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | خۆشنووس | خۆشنووسەکەم ناسی. | پەخشانەکەم بە خۆشنووسەکە نووسی. |
| 2 | فرۆشتن | کافرۆش | کافرۆشەکەم ناسی. | کەلوپەلەکانم لە کافرۆشەکە وەرگرت. |

**ڕاهێنانی شەشەم، لاپەڕە 57، لەم چاوگانە هاوەڵناوی بکەری لێکدراو درووستبکە، چۆنیەتی درووستبوونیان دیاری بکە.**

**( کوشتن، ماڵین، کێشان، بردن ).**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | چۆنیەتی درووستبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | کوشتن | پیاوکوژ | ناو + ڕەگ |
| 2 | ماڵین | بەفرماڵ | ناو + ڕەگ |
| 3 | کێشان | جگەرەکێش | ناو + ڕەگ |
| 4 | بردن | نامەبەر | ناو + ڕەگ+ ە |

# هاوەڵناوی کراوی دارێژراو

**هاوەڵناوی کراوی دارێژراو/** وشەیەکە کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە، کردەوەکە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، بێ ئەوەی بزانرێت ئەو کردەوەیەی بەسەریدا هێنراوە کێیە یان چییە.

ئەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانین هاوەڵناوی کراوی دارێژراو درووستبکەین: ـ

**یەکەم/ لە کرماجی خوارووداً، بە زۆری لە چاوگی ( سادە و دارێژراو ) ی تێپەڕ وەردەگیرێن : ـ**

**A- ڕەگی کار + پاشگری ( راو ) = هاوەڵناوی کراوی دارێژراو**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خنکاندن | خنکێن | راو | خنکێنراو |
| 2 | هەڵواسین | هەڵواس | راو | هەڵواسراو |

**B- قەدی چاوگ + پاشگری ( ە ) = هاوەڵناوی کراوی دارێژراو**

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | پاشگر | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەڵبژاردن | هەڵبژارد | ە | هەڵبژاردە |
| 2 | کردن | کرد | ە | کردە |

**دووەم/ لە کرمانجی ژووروودا، قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگری ( ی ) = هاوەڵناوی کراوی دارێژراو**

| ژ | چاوگ | چاوگی تێپەڕ - ن | پاشگر | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خواندن | خواند | ی | خواندی |
| 2 | ئێکخستن | ئێکخست | ی | ئێکخستی |

**سێیەم/ تەنیا لە چاوگە ئەلفیە تێنەپەڕەکان هاوەڵناوی کراوی دارێژراو درووستدەکرێت، چونکە لە دروستبووندا لە چاوگە تێپەرە دەچن.**

**قەدی چاوگی تێنە پەڕی ئەلفی + پاشگری ( و ) = هاوەڵناوی کراوی دارێژراو**

| ژ | چاوگی تێنەپەڕی ئەلفی | پاشگر | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | سووتان | و | سووتاو |
| 2 | برژان | و | برژاو |

**تێبینی / هاوەڵناوی کراوی دارێژراو هەمیشە ئەرکی ( دیارخەری ناو ) دەبینێت.**

**لە کرمانجی خوارووددا ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاك یان گشتی نەناسراو بوو ئەوا : ـ**

A- ناو یان جێناو (دیارخراو) + خستنەسەر (ی) + هاوەڵناوی کراوی دارِێژراو (دیارخەر) = گرێی ناوی

نموونە: ـ نامەیەکی نووسراوم پێگەیشت.

**بەلاَم ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاك یان کۆی ناسراو بوو ئەوا : ـ**

B - ناو یان جێناو (دیارخراو) + خستنەسەر (ە) + هاوەڵناوی کراوی دارِێژراو (دیارخەر) = گرێی ناوی

نموونە: نامە نووسراوەکەم پێگەیشت.

**لە کرمانجی ژووروودا : ـ**

ناو (دیارخراو) + خستنەسەر ( ا، ێ، ێد، ێن، ێت ) + هاوەڵناوی کراوی دارِێژراو (دیارخەر) = گرێی ناوی

نموونە: ـ خوارنێ سوتی مەخۆ.

تێبینی / هەرکاتێك هاوەڵناوی کراوی دارِێژراو بەتەنیا بێت لە رِستەدا، دەبێت بە ( **ناوی کراو** ) هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت، وە نیشانەی تاك و کۆ و ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێت وەکو / نموونە: نووسراوەکەم بە دەست گەیشت.

**ناوی کراوی دارِێژراو هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت جگە لە دیارخەری ناو : ـ**

| ژ | ئەرك | رِستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | نووسراوەکەم بەدەست گەشت. |
| 2 | نیهاد | نووسراوەکە بەکەڵك بوو. |
| 3 | جێگری بکەر | نووسراوەکە خوێندرایەوە. |
| 4 | بەرکار | نوسراوەکەم خوێندەوە. |
| 5 | تەواوکەری بەیاریدە | بۆ نووسراوەکە چوومە هەولێر. |
| 6 | تەواوکەری کارە ناتەواو | ئەمانە نوسراوەکان بوون. |

( **راهێنانی یەکەم** ) **لا** ( 62 )

**لەم چاوگانە هاوەڵناوی کراو دارِێژراو درووستبکە : ـ**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی کراوی دارِێژراو |
|---|---|---|
| 1 | فەوتاندن | فەوتێنراو |
| 2 | پێچان | پێچراو |
| 3 | دانان | دانراو |
| 4 | شکاندن | شکێنراو |
| 5 | چەسپاندن | چەشپێنراو |

### ( ڕاهێنانی دووەم ) لا 63

**هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو لەم ڕستانە دەربهێنە : ـ**

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| 1 | زەوی کێڵراو بە بڕشتە. | کێڵراو |
| 2 | گوندنشینەکان جۆی خوسێنراو دەدەن بە وڵاخەکانیان. | خوسێنراو |
| 3 | شتی فرۆشراو وەرناگیرێتەوە. | فرۆشراو |
| 4 | خوێندکارە بەخشراوەکان خەڵاتکران. | بەخشراو |

### ( ڕاهێنانی سێیەم ) لا 63

**هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو لەم چاوگانە دروستبکە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە : ـ**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | خزاندن | خزێنراو | بەفری خزێنراو کارەسات دروستدەکات. |
| 2 | کڕاندن | کڕێنراو | ئێسقانی کڕێنراو سەگ دەیخوات. |
| 3 | تەکاندن | تەکێنراو | فەشی تەکێنراو هەڵدەگیرێت. |
| 4 | کرماندن | کرمێنراو | خەیاری کرمێنراو دەنگی ناخۆشە. |
| 5 | چەقاندن | چەقێنراو | ئاڵای چەقێنراو بەرز دەشەکێتەوە. |
| 6 | شکاندن | شکێنراو | دڵی شکێنراو چاکنابێتەوە. |
| 7 | خواردن | خوراو | نانی خوراو ناخورێ. |
| 8 | بینین | بینراو | وانەی بینراو لە بیستراو بەهای زیاترە. |

### ( ڕاهێنانی چوارەم ) لا 63

**ئەم ڕستانە شیبکەرەوە: ـ**

**جۆگەی هەڵبەستراو بەسوودە.**

جۆگە/ ناوە، نەناسراوە، دیارخراوە.

ی/ ئامرازی خستنەسەر

هەڵبەستراو/ هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، دیارخەر.

جۆگەی هەڵبەستراو/ گرێی ناوییە، نیهادە.

بەسوود/ هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە

ە/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

**نامەی نووسراو کۆدەکاتەوە.**

نامە/ ناوە، نەناسراوە ، دیارخراوە.

ی/ ئامرازی خستنەسەر

نووسراو/ هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، دیارخەر.

نامەی نووسراو/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

کۆدەکاتەوە/ کاری ڕانەبردووە، تێپەڕە، لێکدراوە.

ات/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، بکەرە.

# هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

**هاوەڵناوی کراوی لێکدراو/** وشەیەکە کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە، کردەوەکە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، بەڵام نازانرێ کردەوەکە لەلایەن (کێ) یان (چی) بەسەر هاتووە. واتە بکەری کردەوەکە دیارنییە.

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو وەسفی ئەو ناو یان جێناوە دەکات کە لە پێشیەوە هاتووە، دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە.

نموونە/ مرۆڤی دڵشکاو غەمبارە. ئێوەی جەرگبڕاو جێگەی بەزەیین.

**هاوەڵناوی کراوی لێکدراو ئەگەر ناو یان جێناو نەهاتبێت لە پێشیەوە ئەوا دەبێت بە (ناوی کراوی لێکدراو) هەموو تایبە تمەندییەکانی ناو وەردەگرێت.**

| ژ | تایبەتمەندییەکانی ناو | ناوی کراوی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | ناسراوی (ەکە) |ماڵسووتاوەکە |
| 2 | نەناسراوی (ێك، ێ، ەك) | ماڵسووتاوێك، ماڵسووتاوێ، ماڵسووتاوەك |
| 3 | کۆ | ماڵسووتاوان |
| 4 | کۆی ناسراو | ماڵسووتاوەکان |

**ناوی کراوی لێکدراو ئەرکەکانی ناو دەبینێ جگە لە دیارخەری ناو: ـ**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | دڵشکاوەکە هات. |
| 2 | نیهاد | دڵشکاوەکە مرۆڤێکی بەجەرگ بوو. |
| 3 | بەرکار | دڵشکاوەکەم ناسی. |
| 5 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | دڵنەوایم بە دڵشکاوەکە دا.<br>دڵنەوایم بۆ دڵشکاوەکە بوو. |
| 6 | جێگری بکەر | دڵشکاوەکە بینرا (دەبینرێ). |
| 7 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەوە دڵشکاوەکە بوو. |

**تێبینی/** هاوەڵناوی کراوی لێکدراو یان ناوی کراوی لێکدراو بە زۆری لە چاوگی لێکدراوی تێپەڕ وەردەگیرێن، هەروەها لە چاوگی تێنەپەڕی ئەلفیش وەردەگیرێت.

**ڕێگەکانی دروستکردنی هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو : ـ**

**یەکەم/ ناو + ڕەگی کار + پاشگری ( راو – رای ) = هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرتاشین | سەرتاش | سەرتاشراو - سەرتاشرای |
| 2 | سەربڕین | سەربڕ | سەربڕراو - سەربڕای |

**دووەم/ ناو یان هاوەڵناو + قەدی چاوگی ئەلفی تێنە پەڕ + پاشگری ( و ) = هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو**

| ژ | ناو یان هاوەڵناو | قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ | پاشگر | هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماڵسوتان | ماڵسوتا | و | ماڵسوتاو |
| 2 | ڕەش هەڵگەڕان | ڕەش هەڵگەڕا | و | ڕەش هەڵگەڕاو |

**سێیەم/ ناو + قەدی چاوگی تێپەڕی ( دالی و تایی و واوی ) + پاشگری ( وو ) = هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو**

| ژ | ناو | قەدی چاوگی تێپەڕی ( دالی و تایی و واوی ) | پاشگر | هاوەڵناوی کراو ی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بابردن | بابرد | و | بابردوو |
| 2 | کۆچکردن | کۆچکرد | و | کۆچکردوو |
| 3 | سەرکەوتن | سەرکەوت | و | سەرکەوتوو |
| 4 | سەرخستن | سەرخست | و | سەرخستوو |

**تێبینی/**

A- **بۆ جیاکردنەوەی هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، پێویستە سەیری وشەی پێش کارەکە بکەین ئەگەر بکەر بوو ئەوا تێکڕا دەبێتە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو.**

**نموونە: ـ گورگ خواردوو ، گورگان خواردە ( گورگ ) بکەرە**

B- **بەڵام ئەگەر وشەی پێش کارەکە بەرکار بوو، ئەوا تێکڕا دەبێتە هاوەڵناوی بکەری لێکدراو.**

**نموونە: ـ گۆشت خواردوو، گۆشت خواردە ( گۆشت ) بەرکارە**

C- **هەردوو وشەی (گۆشت خواردوو، گۆشت خۆر) تەنها لە سیفەتا جیاوازن، بەڵام هەردووکیان هاوەڵناوی بکەری لێکدراون.**

**گۆشت خواردوو (سیفەتێکی کاتی هەڵگرتووە)**

**گۆشت خۆر (سیفەتێکی هەمیشەیی هەڵگرتووە)**

کتێب هەمەلنامەی

## ( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 69

**لەم دێڕە هۆنراوانەدا، هاوەڵناوی کراوی دارێژراو و لێکدراوە دەریان بهێنە و شێوازی دروستکردنیان بنووسە :ـ**

| ژ | ڕستە | وشە | جۆری هاوەڵناوی کراو | شێوەی دروستبوون |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گەر دەپرسی داد و فزغان و گــــریانم بۆ چییە<br>ڕاستە باوک مردە نیم ئەمما جگەرسووتاوی تۆم | جگەر<br>سووتاو | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو | ناو+ قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ+ پاشگر |
| 2 | گوڵ کە یاخی و دەم دڕا بوو کەوتە لافی ڕەنگ و بــۆ<br>باغەبان گوێی گرت و دای هێنا بە دەستی بەستە بۆی | دەمدڕاو<br>بەستە | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو<br>هاوەڵناوی کراوی دارێژراو | ناو+قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ+ پاشگر<br>قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر |
| 3 | فیداتم گیانە من داخ بردەی تۆم<br>توخوا دانیشە کەمێك لــە گڵکۆم | داغبردە | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو | ناو+ قەدی چاوگ + پاشگر |
| 4 | دڵێ هێلانەی ئەشقی یــــار نەبێ<br>بە تیری نازی بریندار نــــــــەبێ<br>کوشتەی دوو دیدەی پڕخومار نەبێ<br>بەجامێ شەراب نەشئەی پێ نەدەی | کوشتە | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو | قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر |
| 5 | ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفــــادارم<br>کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم | کوژراو | هاوەڵناوی کراوی دارێژراو | قەدی چاوگ + پاشگر |
| 6 | بە شەستی زولف و ڕووی ماهی وەکو ماهی گرفتارم<br>گەهێ دلگەستەی گەهێ جانخەســـــــــــتەی نارم | دلگەستە<br>جانخەستە | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو<br>هاوەڵناوی کراوی لێکدراو | ڕاگی کار + پاشگر<br>ناو + قەدی چاوگ + پاشگر |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 71

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:ـ**

یەکەم/ بۆچی هاوەڵناوی کراو بە زۆری لەو چاوگانە وەردەگیرێت کە تێپەڕن ؟

وەڵام/ چونکە کاری تێپەڕ دەتوانێت بەرکار وەربگرێت.

دووەم / جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی کراو و ناوی کراو چ دارێژراو چ لێکدراو چییە ؟ وەڵام/

| ژ | هاوەڵناوی کراو (دارێژراو و لێکدراو) | ناوی کراو (دارێژراو و لێکدراو) |
|---|---|---|
| 1 | وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات کە لەدوایەوە دێت. | ناوی کراو لە جێگەی ناو بەکاردێت. نموونە: دڵشکاوەکە هات. |
| 2 | هاوەڵناوی کراو ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێ. | ناوی کراو دەتوانێ هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێ. |

سێیەم / لەبەرچی دەوتوانین هاوەڵناوی کراو لە چاوگە تێنەپەڕە ئەلفییەکان دروستکەین؟

وەڵام/چونکە چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕەکان لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان دەچن.

چوارەم / چۆن هاوەڵناوی کراوی لێکدراو لەگەڵ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو کە لە چاوگە لێکدراوەکان کە بە ناو دەستپێدەکات لێکجیابکەینەوە؟ وەڵام/ بڕوانە تێبینی A B

پێنجەم / چۆن لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروستدەکرێت ؟ بە نموونەوە :ـ

وەڵام/ بە لابردنی ( ن ) ی چاووگ و زیادکردنی پاشگری ( ی ) نموونە:ـ کێڵان .... کێڵای

هەولێر کتێب

## ( راهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 71

**لە چاوگی ( بردن، خواردن ) بە چەند ڕێگە هاوەڵناوی بکەری لێکدرا و هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروستدەکرێت : ـ**

| ژ | چاوگ | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو | نموونە | هاوەڵناوی بکەری لێکدرا | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بردن | ناو+قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر<br>ناو+ ڕەگی کار +پاشگر | بابردوو<br>دڵبڕاو | ناو+ قادی چاوگی تێپەڕ + پاشگر<br>ناو+ ڕەگی کار + پاشگر (ەر) | نان بردوو<br>پەیام بەر |
| 2 | خواردن | ناو+قەدی چاوگ+پاشگر<br>ناو+ ڕەگی کار+ پاشگر | گورگ<br>خواردوو<br>بەشخوراو | ناو+ قەدی چاوگ+ پاشگر<br>جێناوی خۆیی+ ڕەگی کار+ پاشگر<br>هاوەڵکار+ڕەگی کار+ پاشگر<br>ناو+ڕەگی کار+ پاشگر | گۆشت<br>خواردوو<br>خۆخۆر<br>زۆرخۆر<br>گۆشت خۆر |

## ( راهێنانی چوارەم ) لاپەڕە 72

**جۆر و شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵناوانە دیاربیکە : ـ**

| ژ | هاوەڵناو | جۆر | شێوەی دروستبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | ببەز | هاوەڵناوی بکەری دارێژراو | پێشگر + ڕەگی کار |
| 2 | فرۆشراو | هاوەڵناوی بکەری دارێژراو | ڕەگی کار + پاشگر |
| 3 | خوێندەوار | هاوەڵناوی بکەری دارێژراو | قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر |
| 4 | گەشبین | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵناو + ڕەگی کار |
| 5 | دەسبڕ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + ڕەگی کار |
| 6 | دەستکرد | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + قەدی چاوگ |
| 7 | ستەمبار | هاوەڵناوی بکەری دارێژراو | ناوی واتایی + پاشگر |
| 8 | گارانگەستی | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + قەدی چاوگ + پاشگر |
| 9 | خۆشخوان | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵناو + ناو |
| 10 | نەنووسراو | هاوەڵناوی بکەری دارێژراو | پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر |

## ( پرسیاری پێنجەم ) لا پەڕە 73

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە: ـ**

**یەکەم/ زەفیا کێلای نەفرۆشن.**

زەڤی/ ناوە، دیارخراوە.

ا/ خستنەسەر بۆ تاکی مێ.

کیلای/ ئاوەڵناوی کراوی دارژاوە، دیارخەرە.

زەڤیا کێلای/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

نەفرۆشن/ کاری داخوازی تێپەڕی نەرێیە.

ن/ جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ، بکەرە.

**دووەم/ گەلی بەشخوراو داوای مافەکانی خۆی دەکات.**

گەل/ ناوە، دیارخراوە.

ی/ خستنەسەر.

خوراو/ هاوەڵناوی کراوی لێکدراوە، دیارخەرە.

گەلی بەشخوراو/ گرێی ناوییە، بکەرە.

مافەکانی خۆی / گرێی ناوییە، بەرکارە.

داوا دەکات/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ، لێکدراوە.

**سێیەم/ چیرۆکێکی هەڵبژاردەم بەباشی خوێندەوە.**

چیرۆك/ ناوە، دیارخراوە.

ی/ ئامرازی خستنەسەرە.

هەڵبژاردە/ هاوەڵناوی کراوی دارێژراوە، دیارخەرە.

چیرۆکی هەڵبژاردە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

م/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە

بەباشی/ هاوەڵکاری چۆنێتییە، تەواوکەری کاری تەواوە.

خوێندەوە/ کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن، تێپەڕە.

## ( ڕاهێنانی شەشەم ) لا پەڕە 72

**جیاوازی لە نێوان هەردوو وتەی ( گۆشت خواردوو، گۆشت خۆر ) دا چییە؟**

وەڵام/ جیاوازیان لە درووستبوون و سیفەتدا هەیە: ـ

| ژ | وشە | سیفەت | درووستبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | گۆشت خۆر | هەمیشەیی | ناو+ ڕەگی کار + پاشگر (ەر) |
| 2 | گۆشت خواردوو | کاتی | ناو+ قەدی چاوگ+ پاشگر (وو) |

هەواڵنامەی کتێب

## جۆرەکانی هاوەڵکار ( هاوەڵکاری کاتی )

**هاوەڵکار** / وشەیەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستە دەربارەی (چۆنیەتی، کاتی، شوێنی یان چەندێتی ) دەردەخات، لەم ڕووەوە سنوورێك بۆ تەواوکردنی واتای کارەکە دادەنێت.

**هاوەڵکاری کاتی**/ ئەو هاوەڵکارەیە کە کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات، دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە، چ (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی، چ تێپەڕ و تێنەپەڕ ) هەروەها دەبێتە تەواکەری کاری ناتەواو. هاوەڵکاری کاتی وەڵامی وشەی پرسی ( کەی، کەنگێ، لە کەیەوە، چ کاتێ ) دەداتەوە.

**بەشێك لە هاوەڵکارە کاتییەکان ئەمانەن :ـ**

**( ئێستا، ئەمڕۆ، سبەهی، پشتی نیڤەڕۆ، نهۆ، لەم ڕۆژانەدا، چەند ڕۆژێکی دی، بەم زووانە، بەهارێ، ئیرۆ، ئێڤارێ، جاران، ئەمساڵ، لەمێژە، هەندێ جار، هەمیشە، لەمەولا، تابەیانی، لەوساوە، بەرێ، پێرێ، سوبهێ، نها )**

| ژ | دەم | هاوەڵکاری کاتی |
|---|---|---|
| 1 | خولەك | یەك چرکەی تر، بیست چرکەی تر |
| 2 | کاژێر | دوو کاژێری تر |
| 3 | ڕۆژ | ئێستە، ئەمرۆ، نیوەڕۆ، ئێوارە، عەسر، شەو، بەیانی، دووبەیانی، سبەینێ، دووسبەی، لەم ڕۆژانەدا، چەند ڕۆژی دیکە، پێرێ، لەوساوە، لەمەولا، لەمێژە، بەم زووانە... |
| 4 | هەفتە | شەممە، یەکشەممە، هەینی. |
| 5 | مانگ | مانگی یەك، مانگی نەورۆز، مانگی داهاتوو... |
| 6 | وەرز | بەهار، هاوین، پایز و زستان. |
| 7 | ساڵ | ئەم ساڵ، پار، پێرار، ساڵی ئایندە یان ساڵ بە ژمارە بنووسری... |
| 8 | سەدە | سەدەی پێشوو، سەدەی ئایندە، ئەم سەدەیە... |

هەولێر ئامادەی دێبر

## ئەرکی هاوەڵکاری کاتی

**یەکەم/ هاوەڵکاری کاتی دەبێتە تەواوکەری کاری تەواو:**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێپەڕ | پێری کتێبەکەم بۆ هاوڕێکەم برد. |
| 2 | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ | دوێنێ بۆ خوێندنگە چووین. |
| 3 | تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕ | بەیانی کتێبەکەی بۆ دەبەم. |
| 4 | تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ | بەیانی دەچم بۆ خوێندنگە. |
| 5 | تەواوکەری کاری داخوازی تێپەڕ | بەیانی کتێبەکە بۆ هاوڕێکەت ببە. |
| 6 | تەواوکەری کاری داخوازی تێنەپەڕ | بەیانی بچن بۆ خوێندنگە. |

**دووەم/ هاوەڵکاری کاتی دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو:**

| ژ | دەمی کاری ناتەواو | کاری ناتەواو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەمی ئێستا | ە | ئاهەنگەکە ئەمشەوە. |
| 2 | دەمی ڕابردوو | بوو | ئاهەنگەکە ئەمشەو بوو. |
| 3 | دەمی ڕانەبردوو | دەبێت | ئاهەنگەکە ئەمشەو دەبێت. |

**تێبینی/** لە زمانی کوردیدا، بابەتێکمان هەیە، بە ناوی (ناوی کات)، واتە: وشەیەك لە ڕستەیەکدا دەبێتە ناوی کات و دەتوانێ ئەرکەکانی ناو ببینێ. لەم بارەدا زۆر لە هاوەڵکاری کاتی دەچێت، لەلاّم هاوەڵکار نییە، بەڵکو (ناوی کاتە).

نموونە: دوێنێ هەینی بوو. سبەینێ دووشەمە یە. هەردوو وشەی (دوێنێ، سبەینێ) دەبنە (ناوی کات) و ئەرکیان نیهادە.

## ( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 77

**لەم دێڕە هۆنراوانەدا، هاوەڵکارەکان دەربهێنە و شیانبکەرەوە: ـ**

| ژ | ڕستە | هاوەڵکار | شیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەزانی بۆچی کورد وا زەلیلە<br>بێ ناونیشان هەمیشە دیلە | هەمیشە | هاوەڵکاری کاتی تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 2 | کەدەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێو شینە<br>چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە | ئەمرۆ | هاوەڵکاری کاتی تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 3 | هیوام بە تۆیە ئەی تازە منال<br>بەیانی ببیە نموونەی میسال | بەیانی | هاوەڵکاری کاتی تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 4 | ئەگەرچی شەو درەنگە بۆم تێکە ساقی کەمێکی تر<br>کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لـە ناخمدا خەمێکی تر | شەو<br>ئەمشەو | هاوەڵکاری کاتی تەواوکەری کاری ناتەواو<br>هاوەڵکاری کاتی تەواوکەری کاری تەواو |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 78

**هاوەڵکارەکانی ( بەم زووانە، نهۆ ) لە ڕستەدا بەکار بهێنە، ببنە تەواوکەری کاری تێنەپەڕ، هاوەڵکاری ( لەوساوە ) لە ڕستەدا بەکار بهێنە، ببێتە تەواوکەری کاری تێپەڕ: ـــ**

| ژ | تەواوکەری کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | تەواوکەری کاری تێنەپەڕ | بەم زووانە دەچین بۆ خوێندنگە |
| 2 | تەواوکەری کاری تێنەپەڕ | نهۆ دەخەوم. |
| 3 | تەواوکەری کاری تێپەڕ | لەوساوە تەماشای تۆ دەکەم. |

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 78

**لە ڕستەی ( ئەڤرۆ دڤێت کوردستان ژ هەموو لایەڤا پێش بکەڤێت )**

یەکەم: ـ ( ئەڤرۆ ) چییە ؟ ئەرکی چییە ؟ وەڵام/ هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری کاری تەواو.

دووەم: ـ بکەری ڕستەکە دەربخە ؟ وەڵام/ کوردستان.

سێیەم: ـ ( پێش بکەڤێت ) چ جۆرە کارێکە ؟ چۆن دروووستکراوە ؟

وەڵام/ کارێکی ڕانەبردووی دانانی لێکدراوی تێنەپەڕە.(پێشگر + ( ب ) ی دانانی + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی سێیەمی تاك)

# هاوەڵکاری شـــــــوێنی

**هاوەڵکاری شوێنی/** ئەو هاوەڵکارەیە کە شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات، دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە، هاوەڵکاری شوێنی وەڵامی وشەی پرسی ( لەکوێ، لەکێندەرێ، بۆکوێ ) دەداتەوە.

**بەشێك لە هاوەڵکارە شوێنییەکان ئەمانەن: ــ**

( لەسەر، لەژێر، خوار، بن، کن، پاش، پێش، لەبن، لەسەرەوە، نێو، ناو، تەنیشت، چەپ، ڕاست، لەوێ، لەژێر، ژخار، ل نك، دناڤ، خارێ، ژێرێ، ژووری، بنڕا، لەناو ئەشکەوتەکە، لەسەرداردکە، لەبنەوە )

**هاوەڵکاری شوێنی لە ڕستەدا تەنیا یەك ئەرکی هەیە، دەبێتە (تەواوکەری کاری تەواو) ( ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی بە تێپەڕ و تێنە پەڕ) ەوە: ــ**

| ژ | دەمی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | وانەکانم لەسەرمێزەکە نووسییەوە. |
| 2 | ڕابردوی تێنەپەڕ | منداڵەکە لەسەر بەردەکە دانیشتووە. |
| 3 | ڕانەبردووی تێپەڕ | وانەکە لەسەر مێزەکە دەنووسێت. |
| 4 | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە لەناو بێشکەکەدا دەخەوێت. |
| 5 | داخوازی تێپەڕ | وانەکە لەسەر مێزەکە بنووسە. |
| 6 | داخوازی تێنەپەڕ | لەسەر سیسەمەکە بخەوە. |

**تێبینی/ لە زمانی کوردیدا، ناوی شوێنمان هەیە، دەتوانێت ئەرکی تەواوکەری بەیارییدە ببینێ، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی ناو.**

**یاسای/** (( **ئامرازی پەیوەندی بە، بۆ، لە ( + ناو = تەواوکەری بەیاریدە** )).

| ژ | تەواوکەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو | منداڵەکە لە سەربان دانیشتووە. |
| 2 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | منداڵەکە لەسەربان بوو. |

لێرەدا زانرا کە تەواوکەری بەیاریدە بە پێی یاسا (ئامرازی پەیوەندی بە، بۆ، لە + ناو)ەوە، بۆ ئەوەی لە هاوەڵکاری شوێنیَ جیابکرێتە، پێویستە شوێنی ڕوودانی کارەکەی تیا دەستنیشانبکرێت:

نموونە/ منداڵەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە. وشەی (لەسەر کورسی) شوێنی ڕوودانی کارەکەی دیاریکردووە، بۆیە هاوەڵکاری شوێنییە.

## ( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 81

**لەم ڕستانەدا هاوەڵکارەکان دەربهێنە و شیانبکەرەوە :ـ**

| ژ | ڕستە | هاوەڵکار | شیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرز دەبێتەوە. | لە ڕۆژهەڵاتەوە | تەواوکەری بەیاریدە تەواوکەری کاری تەواو |
| 2 | ئاڵای کوردستان لەسەر لوتکەی شاخەکان دەشەکێتەوە. | لەسەر لوتکەی شاخەکان | هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری تەواو |
| 3 | شڤانەك ل خرایێ ڕۆنیشتییە. | ل خرایێ | هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری تەواو |
| 4 | ل نك مرۆڤی نەخۆش نەڕۆینە. | ل نك مرۆڤی نەخۆش | هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری تەواو |
| 5 | شڤان ژ خوارێ چوو سەرێ. | ژ خوارێ | هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری تەواو |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 81

**ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە چ جۆرێکن لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە :ـــ**

| ژ | هاوەڵکار | جۆری هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ل جەم | شوێنی | ل جەم هاوڕێکەم ڕوونیشتم. |
| 2 | پار | کاتی | پار چووم بۆ سەیران. |
| 3 | باکور | شوێنی | ڕەشەباکە لای باکوورەوە دێت. |
| 4 | بەربانگ | کاتی | بەربانگ خەڵك نان دەخوات. |
| 5 | نیڤ شەڤ | کاتی | نیڤ شەڤ ل خەو ڕابووم. |
| 6 | ئێستا | کاتی | ئێستا وانە ئامادەدەکەم. |

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 81

**نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیەی گۆران شیبکەرەوە:ـ**

به باخچەی پاشـــــــادا ورد گەڕام خوار و ژوور
زەرد هەبوو بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور

به باخچەی پاشادا/ هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کاری تەواو.

ورد/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کاری تەواو.

گەڕام/ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ، سادەیە.

م/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

خوار و ژوور/ گرێی هاوەڵکاری شوێنە، تەواوکەری کاری تەواو.

# هاوەڵکاری چۆنیەتی

**هاوەڵکاری چۆنێتی/** ئەو هاوەڵکارەیە کە چۆنێتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات، لە ڕووی ئەرکەوە دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە، هاوەڵکاری چۆنیەتی وەڵامی وشەی پرسی ( چۆن، کوو، چەوان ) دەداتەوە.

**بەشێك لە هاوەڵکارە چۆنێتیەکان ئەمانەن :ـ**

( شێرانە، ئازایانە، مەردانە، ژیرانە، بەگریان، بەڕاکردن، شێتانە، بەگەرمی، بەساردی، بەباشی، بەخۆشی، بەناخۆشی، بەتوڕەیی، دەماودەم، پشتاوپشت، بەقنجی، بەدرووستی، مێرانە، ب دینی، ب پاکی، ب لەزی، هتد... )

**هاوەڵکاری چۆنیەتی لە ڕووی دارشتنەوە سێ جۆرە :ـ**

**یەکەم/ هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە :ـ** لە وشەیەکی سادەی واتادار پێکدێت. وەکو ( پاك، باش، چاك، توند ... )

**دووەم/ هاوەڵکاری چۆنیەتی دارێژراو :ـ** لە وشەیەکی سادەی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێت. وەکو ( مەردانە، بەخێرایی، بەجوانی، بەچاکی... )

**سێیەم/ هاوەڵکاری چۆنیەتی لێکدراو :ـ** لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت. وەکو ( دەماودەم، پشتاوپشت، بەسەربەرزی، بەدڵسۆزی... )

**ئەرکی هاوەڵکاری چۆنیەتی :ـ ئاوەڵکاری چۆنیەتی تەنیا یەك ئەرك دەبینێت ئەویش ( تەواوکەری کاری**

| ژ | هاوەڵکاری چۆنیەتی | دارشتنی هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | باش | سادە | وانەکە باش بخوێنەرەوە. |
| 2 | بەجوانی | دارێژراو | دەرگاکە بەجوانی دابخە. |
| 3 | بەدڵسۆزی | لێکدراو | کارەکان بە دڵسۆزی ئەنجامبدە. |

**هاوەڵکار لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو داخوازی، بە تێپەڕ و تێنە پەڕەوە بەکاردێت:**

| ژ | دەمی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | وانەکانم جوان نووسییەوە. |
| 2 | ڕابردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە بە جوانی دانیشتووە. |
| 3 | ڕانەبردووی تێپەڕ | وانەکە باش دەنووسێت. |
| 4 | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە بەئارامی دەخەوێت. |
| 5 | داخوازی تێپەڕ | وانەکە بەجوانی بنووسە. |
| 6 | داخوازی تێنەپەڕ | بەجوانی بخەوە. |

## ( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 85

لەم ڕستانەدا ئەوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە شیبکەرەوە: ـ

| ژ | ڕستە | هاوەڵکاری چۆنیەتی | شیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | کوردستان بە دڵڕەقی وێران کرابوو. | بەدڵڕەقی | تەواوکەری کاری ڕابردووی دووری بکەرنادیار. |
| 2 | گەلی کورد شێرانە ڕاپەڕی. | شێرانە | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ. |
| 3 | زەویەکەی بەجوانی کێڵا . | بەجوانی | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێپەڕ. |
| 4 | ئەم ب تەڤایی شوڵی خۆ دکەین | ب تەڤایی | تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ. |
| 5 | مرۆڤی لەزگینی ب لەز هاتن. | ب لەز | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ. |

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 85

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێك جارێك بینە هاوەڵناوی چۆنیەتی، جارێك ببنە هاوەڵکاری چۆنیەتی: ـ

| ژ | وشە | هاوەڵناوی چۆنیەتی | هاوەڵکاری چۆنیەتی |
|---|---|---|---|
| 1 | خراپ | پیاوی خراپ بێشەرمە. | پیاوەکە خراپ هەڵسوکەوتی کرد. |
| 2 | چاك | کردەوەی چاك بکە. | منداڵەکە چاك نووست. |
| 3 | جوان | گوڵە جوانەکە مەرج نییە بۆنی خۆشبێت | منداڵەکە جوان نان دەخوات. |
| 4 | باش | خوێندکاری باش لەوانەکانیدا سەرکەوتووە. | باش بخوێنە. |
| 5 | بەرز | چیای بەرز تێڕوانین لێی زەحمەتە. | باڵندەکە بەرز فری. |

هەوراز ئامەدی کێبر

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 85

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە: ـ

1- مەلەوانەکە بە مەلە لە ڕووبارەکە دەربازبوو.

مەلەوانەکە/ ناوە، ناسراوە، بکەرە.

بەمەلە/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، داڕێژراوە، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

لە ڕووبارەکە/ تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

دەربازبوو/ کاری ڕابردوو تێنەپەڕ.

2- فڕافینێ بەگەرمی بخۆ.

فڕافینێ/ ناوە، ناسراوە، بەرکارە.

بەگەرمی/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، داڕێژراوە، تەواوکەری کاری داخوازی تێپەڕە.

بخۆ/ کاری داخوازی تێپەڕە.

ە/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، دەرنەکەوتوە، بکەرە.

3- ڕاوکەرەکان بە سواری چوون بۆ ڕاو.

ڕاوکەرەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، بکەرە.

بەسواری/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، داڕێژراوە، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

چوو/ کاری ڕابردووی تێنەپەڕە سادەیە.

ن/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

بۆ ڕاو/ ناوە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

## ( ڕاهێنانی چوارەم ) لاپەڕە 86

**هاوەڵکار لەم نمونانە دەربهێنە و جۆرەکانیان دەسنیشانبکە :ـ**

| ژ | ڕستە | هاوەڵکار | جۆری هاوەڵکار |
|---|---|---|---|
| 1 | لە ناو خوێندا دەتلێتەوە لاوی بە زیپك و بەسەبات<br>بەڵام هەروا دەچێتەوە پێش بێ وچان کاروانی خەبات | لەناوخوێندا<br>بێوچان<br>لەبنیا | شوێنی<br>کات<br>شوێن |
| 2 | لەخەودا دیم لەسەر هەڵگورد   لەسەرچیای سەرکەشی کورد<br>لە فریشتان بەرزتر بوو جێم   هەور دەڕۆین لـــــەبەر پێم | لەسەرهەڵگورد<br>لەسەر چیا<br>لەبەرپێم | شوێن<br>شوێن<br>شوێن |
| 3 | کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو   لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو<br>جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور   شەپۆلی باتە بەرتیشکی خۆر شلپ و هوڕ | لەلای<br>بەرتیشکی خۆر | شوێن<br>شوێن |
| 4 | لە چوارچرای مهاباد   لە کـــــانگای بیری ئازاد<br>لەکـــــاتی نیوەشەوا   لە جەرگەی شیرین خەوا<br>کرا کــــاری نارەوا   لـــــە دار درا پێشـــەوا | | کاتی |

# هاوەڵکاری ڕێکخستن

**هاوەڵکاری ڕێکخستن /** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە ڕستەدا شێوەی ڕێکخستنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات، لە ڕووی ئەرکەوە دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

**بەشێك لە هاوەڵکارە ڕێکخستنەکان ئەمانەن :ـ**

( پۆل پۆل، جارجار، تاقم تاقم، جوان جوان، کۆمەڵ کۆمەڵ، سێ سێ، شەش شەش )

**هاوەڵکاری ڕێکخستن لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو داخوازی، بە تێپەڕ و تێنە پەڕەوە بەکاردێت :ـــ**

| ژ | دەمی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | وانەکانم جوان جوان نووسییەوە. |
| 2 | ڕابردووی تێنەپەڕ | منداڵەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون. |
| 3 | ڕانەبردووی تێپەڕ | وانەکە ورد ورد دەنووسێت. |
| 4 | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە تاو تاو دەخەوێت. |
| 5 | داخوازی تێپەڕ | وانەکە جوان جوان بنووسە. |
| 6 | داخوازی تێنەپەڕ | دەستە دەستە دابنیشت. |

تێبینی/ هاوەڵکاری ڕێکخستن هەمیشە لێکدراوە و لە دوو وشە پێکدێت، دوو وشەکە وەك یەکن و دووجار دووبارە دەبنەوە، هیچ ئامرازێك لە نێوانیاندا نییە.

**( ڕاهێنانی یەکەم )** **لاپەرە 90**

**ئەم هاوەڵکارە ڕێکخستنانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :ـــ**

| ژ | هاوەڵکاری ڕێکخستن | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ناوە ناوە | ناوە ناوە سەدانتان دەکەم. |
| 2 | تاو تاو | تاو تاو باران دەبارێت. |
| 3 | گاڤ گاڤ | گاڤ گاڤ وە دبینم. |
| 4 | ورد ورد | وردە وردە دەڕۆم. |
| 5 | هێدی هێدی | هێدی هێدی وانەکان لەبەردەکەم. |
| 6 | خێرا خێرا | خێرا خێرا دەڕۆم. |
| 7 | تاقم تاقم | تاقم تاقم سوپاکە دەڕوات. |
| 8 | بڕ بڕ | بڕبڕ دارەکانم کۆکردەوە. |
| 9 | تنۆك تنۆك | تنۆك تنۆك باران دەبارێت. |

علوەللاوەی کتێب

## ( ڕاهێنانی دووەم )   لاپەڕە   90

**لەم دێڕە هۆنراوەیەدا :** چاوی من دەم دەم دڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش

تابلێن دەریای عوممانە دووڕ و مەرجـــــــانی هەیە   (نالی)

A- وشەی ( دەم دەم ) چییە و ئەرکی چییە ؟

وەلام/ هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری تەواوە.

B- وشەی (چاو) چییە ؟

چاو / ناوە، تاکە، دیارخراوە.

B- وشەی ( ساف و گەش ) شیبکەرەوە ؟

وەلام/هاوەڵناوی چۆنییەتین، دیارخەری ناون.

D- وشەی ( ئاو و خوێن ) ئەرکیان چییە؟

وەلام/ دیارخراون.

E- وشەی ( دووڕ و مەرجان ) شیبکەرەوە ؟

وەلام/ ناوی لێکدراوە، بەرکارە.

F- وشەی ( هەیە ) شیبکەرەوە ؟

وەلام/ کاری ڕابردووی تێپەڕە، مانای خاوەنداریێتی هەیە.

## ( ڕاهێنانی سێیەم )   لاپەڕە   91

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە : ـ**

**دوهێ قوتابیان کۆمەڵ کۆمەڵ بلەز دهاتنە خاندنگەهێ.**

دوهێ/ هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری کارە.

قوتابیان/ ناوە، کۆیە، ناسراوە.

کۆمەڵ کۆمەڵ/ هاوەڵکاری ڕێکخستن، تەواوکەری کار.

بلەز/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کارە.

دهاتن/کاری ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ .

ن/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

ە/ ئامرازی پەیوەندی.

خاندنگەهێ/ تەواوکەری بەیاریدە.

**یاریزانەکان دوو دوو بەمەشق دەڕۆن.**

یاریزانەکان/ ناوە، کۆیە، بکەرە.

دوو دوو/ هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کارە.

بەمەشق/ هاوەڵکاری چۆنێتیە، تەواوکەری کارە.

دەڕۆن/ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕە.

ن/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

هەوالنامەی کتێب

# هاوەڵکاری چەندیەتی

**هاوەڵکاری چەندێتی/** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە ڕستەدا چەندێتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات، لە ڕووی ئەرکەوە دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

**بەشێك لە هاوەڵکارە چەندێتیەکان ئەمانەن: ـ**

( زۆر، کەم، کیم، گەلێك، هەندێك، نەختێك، تۆزێ، پڕ، پیچکێك، فرە، کۆڵێ... )

**هاوەڵکاری چەندێتی لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو داخوازی، بە تێپەڕ و تێنە پەڕەوە بەکاردێت: ـ**

| ژ | دەمی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | ئاوەکەم تۆزێك خوارد. |
| 2 | ڕابردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە زۆر دانیشت. |
| 3 | ڕانەبردووی تێپەڕ | وانەکە تۆزێك دەنووسێت. |
| 4 | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | منداڵەکە کەمێك دەخەوێت. |
| 5 | داخوازی تێپەڕ | وانەکە هەندێك بنووسە. |
| 6 | داخوازی تێنەپەڕ | تۆزێك دابنیشە. |

تێبینی/ ئەو وشانەی دەبنە هاوەڵکاری چەندێتی، ئەگەر هاتوو بکەونە پێش ناو، دەبنە هاوەڵناوی نادیار و ئەرکی دیارخەری ناو دەبینن:

نموونە/ هەندێك نانم خوارد. وشەی ( هەندێك ) هاوەڵناوی نادیارە و دیارخەری ناوی ( نان ) ە.

**( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە 94**

**ئەم هاوەڵکارە چەندێتیانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێك: ـ**

| ژ | هاوەڵکاری چەندێتی تەواوکەری کاری تێپەڕ | هاوەڵکاری چەندێتی تەواوکەری کاری تێنەپەڕ |
|---|---|---|
| 1 | دارەکانم کۆڵێ بڕی. | منداڵ ساواکە پیچێك نووست. |
| 2 | نانەکەم فرە خوارد. | منداڵەکە گەلێك گریا. |
| 3 | ئاوەکەم هەندێك خواردەوە. | منکاڵەکە کەمێك خەوت. |

هەولێر ی دیلمەی ئێش

## ( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 94

**لە ڕستەی ( بەڵێن هۆنراوەی گەلێك لەبەركردووە )**

A ( ی ) لە دوای وشەی هۆنراوە چییە و ئەركی چییە ؟ وەڵام/ جێنای لكاوە بۆ كەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بكەر.

B- بكەری ڕستە دیاری بكە؟ وەڵام/ بەڵێن، ناوە، بكەرە.

C- وشەی (گەلێك) چ جۆرە هاوەڵكارێكە ؟ ئەركی چییە ؟ وەڵام/ هاوەڵكاری چەندێتییە، تەواوكەری كارە.

D- كام وشە بەركاری ڕستەیە؟ وەڵام/ هۆنراوە، بەركارە.

E- كاری ( لەبەركردووە ) بە چەند جۆر هاوەڵكاری تر دەتوانرێ تەواوبكرێ، بە نموونە نیشانی بدە ؟

وەڵام/ بەڵێن پێرێ بە باشی ورد لەسەربان هۆنراوەی گەلێك لەبەركرد.

## ( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 95

**ئەم دێڕە هۆنراوەی خوارەوە شیبكەرەوە ؟**

گەلێكم ڕۆژگاری تـــاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێكی تر

گەلێك/ هاوەڵكاری چەندێتی، تەواوكەری كارە.

م/ جێناوی لكاو بۆ كەسی یەكەمی تاك، بكەرە.

ڕۆژگار/ ناوە، دیارخراوە

ی / خستنەسەرە

تاڵ و شیرین/ گرێی هاوەڵناوی چۆنێتیە، دیارخەری ناوە

ڕۆژگاری تاڵ و شیرین/ گرێی ناوییە، بەركارە.

ڕابوارد/ كاری ڕابردووی تێپەڕە

ئاخۆ/ وشەی سەرسوڕمانە.

مەرگ/ ناوی واتاییە، بكەرە

مەودا/ ناوە، بەركارە.

دەدات/ كاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

ات/ جێناوی لكاوە بۆ كەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بكەر.

دیسان/ هاوەڵكارە، تەواوكەری كارە.

ببینم/ كاری ڕانەبردووی دانانی تێپەڕە

سەردەمێكی تر/ گرێی ناوییە، بەركارە.

## ( ڕاهێنانی پێنجەم ) لاپەڕە 95

**ئەم هاوەڵكارانە لە ڕستەدا بەكار بهێنە و جۆرەكانیان نیشان بدە ؟**

| ژ | هاوەڵكار | جۆری هاوەڵكار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | هەمیشە، پێرار | كاتی | مرۆڤ هەمیشە ڕاستی دەوێت. پێرار بۆ گەشت چووم. |
| 2 | كەڵێ | چەندێتی | منداڵەكە كەڵێ گریا. |
| 3 | بەخێرایی | چۆنێتی | نانم بە خێرایی خوارد. |
| 4 | تیپ تیپ، تاوتاو | ڕێكخستن | سووپاكە تیپ تیپ دەڕوات. باران تاو تاو دەبارێت. |

هەواڵنامەی كتێب

# ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا

**ئەرکی هاوەڵکار/** هاوەڵکار لە ڕستەدا، ئەم ئەرکانە دەبینێت.

**یەکەم/ هەموو جۆرێکی هاوەڵکار دەبێتە تەواوکەری کاری تەواو : ـ**

| ژ | جۆری هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | هاوەڵکاری کاتی | دوێنێ هاتم بۆماڵتان. |
| 2 | هاوەڵکاری شوێنی | منداڵەکە لەناو لانکەکەدا نووستووە. |
| 3 | هاوەڵکاری چۆنێتی | پێڵاوەکانم بەپەلە لەپێکرد. |
| 4 | هاوەڵکاری ڕێکخستن | خوێندکارەکان دوودوو دانیشتوون. |
| 5 | هاوەڵکاری چەندێتی | باران کەم باری |

**دووەم/ هاوەڵکاری کاتی دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو : ـ**

| ژ | دەمی کاری ناتەواو | کاری ناتەواو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەمی ئێستا | ە | ئاهەنگەکە ئەمشەوە. |
| 2 | دەمی ڕابردوو | بوو | ئاهەنگەکە ئەمشەو بوو. |
| 3 | دەمی ڕانەبردوو | دەبێت | ئاهەنگەکە ئەمشەو دەبێت. |

**سێیەم/ هاوەڵکارێك دەبێتە تەواوکەری هاوەڵکارێکی تر گرێی ئاوەڵکاری دروست دەکەن : ـ**

نموونە: منداڵەکە زۆر جوان ناندەخوات.

**( ڕاهێنانی یەکەم ) لاپەڕە** 97

**ئەم ڕستانە درووستبکە : ـ**

| ژ | داواکراو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | هاوەڵکارێك دیارخەری هاوەڵکارێکی تر بێت. | خوێندکارەکە زۆر باش وانەکە نووسی. |
| 2 | هاوەڵکارێك لە وشەیەك و پێشگرێك درووستکرابێت. | هۆنراوەکەم بە جوانی لەبەرکرد. |
| 3 | هاوەڵکاری شوێنی. | کتێبەکەم لە ناو جانتاکەدا دانا. |
| 4 | هاوەڵکاری چۆنیەتی. | پێڵاوەکانم بەپەلە لەپێکرد. |
| 5 | هاوەڵکاری چەندێتی. | بەفر زۆر باری. |

هەواڵنامەی کێشت

( ڕاهێنانی دووەم ) لاپەڕە 98

**لە ڕستەی ( پێشمەرگەکان پۆل پۆل و زۆر بەخێرایی لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە )**

A( پۆل پۆل ) چییە و ئەرکی چییە ؟ وەڵام/ هاوەڵکاری ڕێکخستنە و تەواوکەری کارە.

B- بکەری ڕستە شیبکەرەوە ؟ وەڵام/ پێشمەرگە، ناوە بکەرە.

C- (زۆر بەخێرایی) چۆن شیدەکرێتەوە؟ وەڵام/ گرێی هاوەڵکاری چۆنێتییە و تەواوکەری کارە.

D- کاری ڕستەکە دیاربخە و چۆن دروستبووە ؟

وەڵام/ (دەپەڕینەوە): کاری ڕابردووی بەردەوامە و تێنەپەڕە. پێشگر (دە) + قەدی چاوگ + جێناوی لکاو + پاشگر (ەوە)

E- دەکرێ، هەردوو وشەی (پۆل پۆل و بەخێرایی) لە ڕستەکە لابەرین؟ بۆچی؟

وەڵام/ دەکرێ لابرێت، چونکە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی کار هاتوون.

( ڕاهێنانی سێیەم ) لاپەڕە 98

**ئەم هاوەڵکارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە : ـ**

| ژ | هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | زۆر باش | وانەکانم زۆر باش خوێند. |
| 2 | گەلێك جوان | جلەکانی گەلێك جوان شت. |
| 3 | تۆزێك بە خێرایی | وانەکە تۆزێك بەخێرایی بنووسەرەوە. |
| 4 | هەندێك بە هێواشی | برینەدارەکە هەندێك بە هێواشی تیمار بکە. |

( ڕاهێنانی چوارەم ) لاپەڕە 98

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە : ـ**

**یەکەم/ مەلەوانەکە زۆر بەخێرایی منداڵەکەی ڕزگارکرد.**

مەلەوانەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

زۆر بەخێرایی/ گرێی هاوەڵکارییە، تەواوکەری کارە.

منداڵەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

ڕزگارکرد/ کاری ڕابردووی تێپەڕە، لێکدراوە.

**دووەم/ گۆڤارەکەم بە پاڵکەوتنەوە خوێندەوە.**

گۆڤارەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

م/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

بەپاڵکەوتنەوە/ هاوەڵکاری چۆنیتیە، تەواوکەری کارە.

خوێندەوە/ کاری ڕابردووی تێپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆکی بابەتەکان

ڕێبازە ئەدەبییەکان - ڕێبازی ڕۆمانتیکی ........... 52
ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێت .......................... 59
پەخشانی کوردیی ................................. 62
کوردی پەتی ........................................ 68

بەشی نموونەی ئەدەب
یەکەم/ سەید یاقوبی ماهی دەشتی ................ 69
دووەم/ عەلی حەریری ............................ 71
سێیەم/ مەحوی .................................. 72
چوارەم/ شێخ ڕەزای تاڵەبانی .................. 73
پێنجەم/ ناری .................................. 75
شەشەم/ زێوەر .................................. 76
حەوتەم/ شێرکۆ بێکەس .......................... 78
هەشتەم/ شێخ غەیاسەدین نەقشبەندی ........ 79
نۆیەم/ شێخ محەمەدی خاڵ ..................... 80
دەیەم/ ڕەوشەن بەدرخان ....................... 80

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێبازە ئەدەبیەكان

## ڕێبازی ڕۆمانتیكی:

1-ڕێبازی ڕۆمانتیك كەی سەری هەڵدا؟

Aسەدەیەك دوای دەركەوتنی ڕێبازی كلاسیك　　Bسەدەو نیوێك دوای دەركەوتنی ڕێبازی كلاسیك

C نیو سەدە دوای دەركەوتنی ڕێبازی كلاسیك　　D دوو سەدە دوای دەركەوتنی ڕێبازی كلاسیك

2- ڕێبازی ڕۆمانتیك شۆڕشێك بوو دژی چی؟

Aدەستوور و بنەمای كلاسیك　　Bدەستوور و بنەمای ڕیالیزم

C دەستوور و بنەمای ئەدەبی فۆلكلۆر　　D دەستوور و بنەمای ئەدەبی میللی

3- بریتییە لە ئازادكردنی حەز و ئارەزووە ڕەهاكانی سۆز و مەگیزەكانی مرۆڤە، جڵەوبەركانی فریشتە و هونەرە، كردنەوەی جیهانی بی سنوورە بۆ پەرەوازەبوونی سۆز و گیان.

Aڕێبازی كلاسیك　　Bڕێبازی ڕۆمانتیك　　C ڕێبازی ڕیالیزم　　D ڕێبازی ئەدەبی

4- وشەی (ڕۆمانیوس) بە چ زمانێك دەوترا؟

Aبەو زمانانە دەوترا كە لە ڕۆمانیی كەوتبوونەوە.　　Bبەو زمانانە دەوترا كە لە لاتینی كەوتبوونەوە.

C بەو زمانانە دەوترا كە لە ئینگلیزی كەوتبوونەوە.　　D بەو زمانانە دەوترا كە لە ئەڵمانی كەوتبوونەوە.

5- وشەی (ڕۆمانیوس) كەی بەزاری ڕەمەكی دادەنرا؟

Aسەدەكانی سەرەتا　　Bسەدەكانی ناوڕاست　　C سەدەكانی پێش زاین　　D سەدەكانی هەژدە و نۆزدە

6- وشەی (ڕۆمانیوس) لەسەرەتای چاخی ژیانەوە (ڕێنیسانس)، وردە وردە بوو بەزمانی چی؟

Aهەڵبەست　　B پەخشان　　C نووسین　　D زارەكی

7- وشەی (ڕۆمانیوس) لەسەرەتای چاخی ژیانەوە (ڕێنیسانس)، بۆ ئەو مەبەستەبوو كە جێگەی چ زمانێك بگرێتەوە؟

Aلاتینی　　Bڕۆمانی　　C ئینگلیزی　　D ئەڵمانی

8- ڕۆمانتیكەكان وشەی (ڕۆمانیوس)یان بۆ ڕێبازەكەیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی چ شتێكی خۆیان لە گریك و لاتینی جیابكەنەوە؟

Aمێژوو　　B ئەدەب و هونەر　　C سنووری وولات　　D مێژوو ئەدەب و كەلتوور

9- وشەی (ڕۆمانس) لە سەدەكانی ناوڕاستدا بەچی دەوترا؟

Aداستان　　Bڕۆمان　　C شانۆ　　چیرۆكی خەیاڵی و سوار چاكی

10- (ڕۆمانس) پەیوەندی بە ئورستۆكراتەكانەوە هەبووە، هەروەها زمانێكی سادە و ساكاربووە، زمانی چی بووە؟

Aگەل　　Bمیللەت　　C نەتەوە　　D میللی

تیبینی/ (ڕۆمانس) داوتر دوو لقی لێ جیابۆوە، یەكەم: (ڕۆمانسی ئۆرستۆكراتی). دووەم: (ڕۆمانسی میللی).

## سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی

11- ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەرەتا لە چ وولاتێك دەرکەوت و دژی ڕێبازی کلاسیك پەیرەوکرا؟

Aبەریتانیا    Bفەرەنسا    C ئەڵمانیا    D یۆنان

12- ڕێبازی ڕۆمانتیك یەکەم جار لەسەر دەستی کێ هاتە کایەوە؟

Aڤیکتۆر هۆگۆ    Bفریدریك شیگڵ    C ئەرستۆ    D مادام دیستایڵ

13-چ کەسێك لە فەرەنسا بانگەشەی بۆ ڕێبازی ڕۆمانتیك کرد؟

Aڤیکتۆر هۆگۆ    Bفریدریك شیگڵ    C ئەرستۆ    D مادام دیستایڵ

14- چ وولاتێك مەڵبەندی چەسپاندن و بلاوبوونەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیك بوو؟

Aبەریتانیا    Bئەڵمانیا    C فەرەنسا    D یۆنان

15- چ ساڵێك بە ماوەی خۆگرتن و پەرەسەندنی ڕێبازی ڕۆمانتیك دادەنرێت؟

A 1700 - 1730    B 1800 – 1830    C 1900 – 1930    D 1830 - 1850

16- چ کەسێك دەوری سەرەکی لە چەسپاندنی ڕێبازی ڕۆمانتیکدا هەبوو؟

Aڤیکتۆر هۆگۆ    Bفریدریك شیگڵ    C ئەرستۆ    D مادام دیستایڵ

17- شانۆگەری (کرۆمۆیل)، بەرهەمی کێیە؟

Aڤیکتۆر هۆگۆ    Bفریدریك شیگڵ    C ئەرستۆ    D مادام دیستایڵ

18- (کۆمۆیل) لەپێشەکیدا باسی چی دەکات، کە وەکو بەیاننامە و ئینجیلی ڕۆمانتیك وایە؟

Aگەشەسەندنی شیعر لە مێژووی مرۆڤایەتی    B گەشەسەندنی پەخشان لە مێژووی مرۆڤایەتی

C گەشەسەندنی دراما لە مێژووی مرۆڤایەتی    D گەشەسەندنی داستان لە مێژووی مرۆڤایەتی

## خاسیەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی:

یەکەم/ ڕۆمانتیك دەسەلاتی ئەقڵ بەلاوەدەنێ، بایەخ بە ئازادکردنی هەست و سۆز دەدات، لە باتی مێشك دڵ دەکات بە کانگای ئیلهام و ویژدان.

دووەم/ ڕۆمانتیك گەڕانەوەیە بۆ باوەشی کپ و هێمن، شاعیر بە سروشتدا هەڵدەدڵێ، بە گۆشەگیری تێکەڵاوی سرووشت ببێ و لە باوەشی سرووشتدا بکەوێتە ڕامان و جڵەوی ئەندێشە بەربدا و بە دوای جوانیدا بگەڕێ. شاعیر هەموو دیمەنێکی سروشت دەبینێ و بە نەمانی بچووکترین دیمەنی دڵی دادەخورپێ و ئازار دەچێژێ. وەك هەڵوەرینی خونچەی گوڵ، ئاوابوونی ڕۆژ و بزربوونی ئەستێرە.

سێیەم/ ڕۆمانتیك باوەڕی بە ئازادی هەیە. خۆی شۆڕشی ئازادییە، لە دەربڕینی هەست و سۆز و گوێ بە هیچ قاڵبێکی چەسپاو نادات.

چوارەم/ ڕۆمانتیك بایەخ بە تاك (من)ی شاعیر و تاقیکردنەوەی تایبەتی دەدات.خۆشەویستی ڕۆمانتیك سیمایەکی پاکیزەیی هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

پێنجەم/ ڕۆمانتیك بایەخ بە کات و شوێن دەدات، تووشی نامۆیی دەبێت، لەگەڵ سەردەم و شوێنی خۆی ناگونجێت، بەخەیاڵ بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە و خەم بۆ ساتە خۆشەکانی ڕابردوو دەخوات.

شەشەم/ ڕۆمانتیك نەخۆشی سەردەم، ڕۆمانتیك هیوا و ئاواتی زۆر بوو، بەڵام توانای هێنانەدی نەبوو، ناکۆکی نێوان هیوای زۆر و توانای کەم، بووە هۆی نائومێدی و ڕەشبینی.

مرۆڤ دەتوانێ بە دوو ڕێگە لەم ئازارانە ڕزگاریان بێت:

1-سرووشت خۆی بگۆڕێت، دەست لە ئاوات و ئارەزووەکانی بەربدات.

2-یان سرووشتی دەرەوە بگۆڕێت، وای لێبکات ئاوات و ئارەزووەکانی پێ بێنێتەدی.

حەوتەم/ مۆرکی ناوچەیی، هەست و سۆزی مرۆڤ مۆرکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت.

هەشتەم/ ئەندێشەی داهێنەرانە، لای ڕۆمانتیکەکان ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی لاسایی کردنەوەی سروشت و ژیانە.

نۆیەم/ بابەتی ئەدەبی ڕۆمانتیك، بابەتی ڕۆمانتیکی ئەورووپی بابەتەکانی لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو دەتوانێ هەرشتێك بکاتە بابەتی نووسین.

دەیەم/ ڕۆمانتیك لە دەربڕیندا پەنا دەباتەبەر هەندێك سیمای تایبەت وەکو: ڕزگاربوون لە دەستوور و یاسا، ئاڵۆزی، تێکەڵکردنی هەستەکان...

## ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا

19-ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا بە زۆری لە چ بەشێکدا دەردەکەوێت؟

Aپەخشان　　Bشیعر　　C داستان　　D شانۆ

20- ڕێبازی ڕۆمانتیك کەی لە ئەدەبی کوردیدا گەڵاڵە بوو؟

Aدوای جەنگی یەکەمی گێتی　　Bدوای جەنگی دووەمی گێتی

C نێوان دوو جەنگی گێتی　　D سەرەتای سەدەی بیست

21- ڕێبازی ڕۆمانتیك کاریگەری ئەدەبی پێشکەوتووخوازی چ نەتەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بوو؟

Aئەدەبی عەرەبی　　Bئەدەبی تورکی　　C ئەدەبی فارسی　　D ئەدەبی ئەورووپی

-ڕابەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی کورد (شێخ نووری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، گۆران، پیرەمێرد).

### بنەماکانی ڕۆمانتیك لە شیعری کوردیدا

یەکەم/ پشتکردنە کێشی عەرووز، کە شیعری کلاسیکی کوردی پێنووسراوە، گەڕانە بۆ کێشی برگەیی (خۆماڵی یان پەنجەیی).

دووەم/ وازهێنان لە یەکێتی سەروا، بەکارهێنانی سەروای مەسنەوی (سەروای ڕەنگاوڕەنگ یان جووت سەروا).

سێیەم/ یەکێتی بابەت لە شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا، بەسەر هەموو هۆنراوەکەدا دابەشدەبێت.

چوارەم/ بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ئاسان، کە هەموو کەس تێی بگات، نەك کۆمەڵێك دەستە بژێر، بەکار هێنانی وشەی کوردی پەتی.

هەواڵنامەی کتێب

پێنجەم/ **شاعیر بە پێی توانا خۆی لە هونەرە ڕوانبێژییە لاساییەکان لادەدات**، بەدوای هونەری جوانکاری و لێکچواندن و خوازەدا دەگەڕێت.

شەشەم/ **شاعیر نووسینەکەی بۆ هەموو کەسە**، خزمەتی چینە زۆر لێکراوەکانی کۆمەڵ دەکات.

حەوتەم/ **گەڕانەوە بۆ سرووشت** و گەڕان بەدوای جوانی دیمەنەکانی سرووشت و خەم خواردن بۆ دیمەنە جەرك بڕەکان، وەك وەرینی گەڵای دار، ئاوابوونی مانگ و خۆر......

هەشتەم/ **خۆشەویستی پاك و بێگەرد**، زۆر جار نائومێدبوون لە خۆشەویستی و ڕوانینە ژیان بە چاوی ڕەشبینانەوە پەسەندکردنی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە خەڵك.

نۆیەم/ **تاکێتی** و باسکردنی دەرد و ئازاری تایبەتی خۆ دوورخستنەوە لە بابەت و هەست و سۆزی گشتی و عەوداڵبوون بەدوای ئەو دیاریدانەی کار لە دەروون دەکەن.

دەیەم/ ڕابردوو دەبێتە مەیدانێکی فراوان، ئەندێشەی **شاعیر** دەگەڕێتەوە سەری و بابەتی ئەدەبی لێوەردەگرێت، دووبارە درووستی دەکاتەوە.

یازدەییەم/ **کەڵك وەرگرتن لە کەلەپووری میللی**، بە هەموو کەرەستەی زمان و بابەتی ئەدەبییەوە، بۆ نووسینی بەرهەمی وا کە گیانی نیشتیمانی و نەتەوەیی تیابێت.

## ڕۆمانتیك لەدەبیاتی کوردی (شێوەزاری کرمانجی خوارو)

22- کەی ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا لە شێوەزاری کرمانجی خوارووا سەری هەڵدا؟

Aلەسەرەتای سەدەی بیستەم — Bبیستەکانی سەدەی بیستەم

C سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم — D نێوان دوو جەنگی گێتی

23- ساڵی لەدایکبوون و مردنی گۆران شاعیر کەی بووە؟

A 1904 – 1963 — 1904 – 1962 — C 1904 – 1926 — D 1910 – 1962

24- گۆرانی شاعیر لە چ شارێك لەدایکبووە؟

Aسلێمانی — Bهەولێر — C کەرکوك — D هەڵەبجە

25- گۆرانی شاعیر کەی بەڕێوەبەری بەشی کوردی ئیستگەی (ڕۆژهەڵاتی نزیك) بوو؟

Aکاتی جەنگی جیهانی دووەم — Bکاتی جەنگی جیهانی دووەم — C نێوان دوو جەنگی گێتی — D سەرەتای سەدەی بیست

26- گۆرانی شاعیر کەی بووە مامۆستای وانەبێژ لەبەشی کوردی زانکۆی بەغدا؟

1987A — 1958 B — 1985 C — 1945 D

**-بەرهەمەکانی گۆرانی شاعیر (فرمێسك و هونەر، بەهەشت و یادگار، سرووشت و دەروون، لاوك و پەیام، هەڵبژاردە وەرگێڕانی کۆمەڵێك چیرۆکی بیانی، دەیان وتاری شیعریی وەرگێڕدراو و موحازەراتی کۆلێجی ئاداب).**

27- گۆران لە هۆنراوەی (پایز)دا، سۆزێکی خەست و قوڵ بەسروشتەوە دەیبەستێتەوە، دەگاتە ئەوپەڕی؟

Aڕیالیزم — Bکلاسیك — C ڕۆمانتیك — D ئەدەبی فۆلکلۆریی

هەواڵنامەی کتێب

28- گۆران بۆچی وەرزی پایزی هەڵبژارد و چووە باوەشی سرووشتەوە؟

Aجوانی تیا سەردەکەوێت
Bمەرگی جوانی تیا دەبینێ
C جوانی تێدا دەژی
D هیچیان

29- گۆرانی شاعیر خۆی و پایز وەکو چی دەبینێت؟

Aوەك یەك
B جیاواز لەیەك
C بەرامبەریەك ڕادەگرێت
D هیچیان

30- هۆنراوەی (پایز) لەسەر بنەمای دوو لایەنە دامەزراوە، هاوکێشەیەك دروستدەکات لە نێوان خۆی و پایزدا؟ ئەو دوو لایەنە کێن؟

Aشاعیر و هۆنراوە
B شاعیر و بیروبۆچوون
C شاعیر و سرووشت
D شاعیر و جوانی

## گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیك لە هۆنراوەی ( پایز )دا

یەکەم/ گەڕانەوە بۆ سرووشت و تێکەڵبوونی گیانی بەگیانی لەگەڵ دیاردە خەمناکەکانی، کە سۆزێکی قووڵ لە دڵی شاعیردا دەبزوێنێ.

دووەم/ خەم و ئازار خواردن بۆ نەمانی جوانی، لە سیس بوونی گوڵ و وەرینی گەڵای دار و.... دەردەکەوێت کە نیشانەی مردنە.

سێیەم/ خەیاڵە ڕۆمانتیکییەکەی بۆتە مایەی دروستکردنی وێنەی هونەری جوان وەك (بووکی پرچ زەرد، شان و مل ڕووت، ڕژانی گەڵای دار).

چوارەم/ هۆنراوەی (پایز) لەسەر کێشی برگەی، شاعیر چوار برگەیی کردووە بە بنەما، لەهەر لەتێکدا یەك پێ یان دوو پێی هێناوە، واتە چوار یان هەشت برگەییە.

پێنجەم/ لەبارەی سەرواوە، گۆران سێ چوارینەی پێشەوەی بە سەرواى (بەنۆرە) هێناوە، بە شێوەی (ا ب ا ب)، چوارینەی کۆتایش هەموو لەتەکانی لەسەر یەك سەروایە.

شەشەم/ وشەکان هەمووی کوردین، یەك وشەی نا کوردی تیایە ئەویش (ئاڵتون)ە.

حەوتەم/ دووبارەکردنەوەی هەندێك وشە بەتایبەتی (پایز)، چونکە کرۆکی شیعرەکەیە.

**پایز　　　　من فرمێسکم، تۆ بارانت**
**پایز! پایز!　　　　من هەناسەم، تۆ بای ساردت.**
**بووکی پرچ زەرد،　　　　من خەم، تۆ هەوری گریانت.**
**من مات تۆ زیز　　　　دوایی نایە، دادا دادات**
**هەردوو هاوەرد!　　　　هەرگیز هەرگیز، پایز پایز　(گۆران)**

## ڕۆمانتیك لەدەبیاتی کوردی ((شێوەزاری گـــــــــــــــۆران))

31- لە شێوەزاری گۆراندا، چ بەشێکی ئەدەب بەسەر جۆرەکانیا زاڵە؟

Aشیعر
B پەخشان
C داستان
D فۆلکلۆر

32- یەكێك لە خاسیەت و تایبەتمەندییە هەرە دیارەكانی، شیعر لە شێوەزاری گۆراندا چییە؟

Aنەكەوتۆتە ژێر كاریگەری كیشی بڕگەییەوە Bنەكەوتۆتە ژێر كاریگەری كێشی عەروز و سەروا و غەزەلی عەرەبی و فارسی

C نەكەوتۆتە ژێر كاریگەری شیعری ئازادەوە D نەكەوتۆتە ژێركاریگەری سەروای مەسنەوییەوە

33- شیعرەكانی (مەولەوی) پڕن لە سۆزی؟

Aگشتی B تایبەتی C خۆیەتی D نەتەوەیی

34- مەولەوی نازناوی چییە؟

Aعەبدولڕەحیم B مەعدووم C مەحوی D حەمدی

34- مەلا ئەبووبەكری مەسەننیف خاوەنی چ كتێبێكە؟

Aالفصیله B الفوائح C الوصوح D العقیده المرصیه

35- مەولەوی شاعیر ساڵی لەدایكبوون و مردنی كەی بووە؟

A 1806 – 1880 B 1806- 1881 C 1806 – 1882 D 1805 – 1882

36- مەولەوی شاعیر لە چ گوندێك لەدایك بووە؟

Aسەرشاتە B تاوەگۆز C یاشلاخ D هەورامان

37- مەولەوی شاعیر لە چ ناوچەیەك لەدایكبووە؟

Aسەرشاتە B تاوەگۆز C یاشلاخ D هەورامان

38- مەولەوی شاعیر لەكوێ دەرسی وتۆتەوە؟

Aسەرشاتە B تاوەگۆز C یاشلاخ D هەورامان

**بەرهەمەكانی مەولەوی شاعیری: ((الفصیله 2031 دێڕ، العقیده المرصییه 2452 دێڕ، الفوائح 527 دێڕ، دیوانی مەولەوی)).**

**ئیمشەو هەم دیـــسان وەروون پڕ خەمەن ئەساسەی ماتەم جەلامـان جەمەن**
**نەتـــــــــــــــاو دووری دڵ بێ قەرارەن بینایی دیدەم جـە خەفـەت تارەن**
**شریخە و گرمەی هــــــــەور دووری تۆس وەفەنا بەردەن مەغز و ڕەگ و پۆس**

## گرنگترین ڕەگەزەكانی ڕۆمانتیك لە هۆنراوەكەی مەولەویدا:

یەكەم/ شاعیر شەوی هەڵبژاردووە، باسی خەفەتی خۆی لەو شەوەدا دەكات.

دووەم/ شاعیر باسی دووركەوتنەوە دەكات، ئەو دوورییە كاری لەسەر هەست و هۆش و مێشكی پیشاندەدات، مەبەست لە دووركەوتنەوەیە لە خۆشەویستەكەی.

سێیەم/ لە ئەنجامی دووری یارەكەی تووشی سەرگەردانی و نائومێدی دەبێت.

چوارەم/ شاعیر پەیڕەوی كێشی بڕگەیی كردووە، لەسەر كێشی دە بڕگەیی واتە: پێنج بە پێنج.

پێنجەم/ لە ڕووی سەرواوە، شاعیر پەیڕەوی سەروای مەسنەوەی كردووە.

شەشەم/ وشەی ڕەسەنی كوردی بەكارهێناوە.

حەوتەم/ وێنەو لێكچواندنی خوازەیی زۆر باوە لە هۆنراوەكانیدا.

**ڕۆمانتیك لەدەبیاتی كوردی ( شێوەزاری كرما نجی ژووروو )**

39- ڕۆمانتیك لە شێوەزاری كرمانجی سەروو كەی گۆڕانی بنچینەیی بەخۆیەوە دی؟

A سەرەتای جەنگی یەكەم B سەرەتای جەنگی دووەم

C نێوان دوو جەنگی جیهانی D سەرەتای سەدەی بیست

40- گۆڤارەكانی (هاوار، ڕوناهی، ستێر)میمبەربوون بۆ بڵاوبوونەی هۆنراوەی ڕۆمانتیكی چ شێوەزارێك؟

A شێوەزاری كرمانجی خواروو B شێوەزاری كرمانجی سەروو

C شێوەزاری گۆران D شێوەزاری لوڕ

41- لەسەر دەستی شاعیران (قەدریجان، كامەران بەدرخان، جگەرخوێن) چ جۆرە شیعرێكی تازەیان هێنایە كایەوە؟

A شیعری كلاسیكی B شیعری ڕیالیزمی

C شیعری میللی D شیعری خودی و شۆڕشگێڕی

42- چ هۆكارێك كاریگەری لەسەر شاعیرانی شێوەزاری كرمانجی ژووروو هەبوو، بۆ نوێگەری لە شیعر؟

A ئەو نسكۆیانەی توشی كوردبوو B جوانی ئافرەت

C جوانی سرووشت D سرووشتی كوردستان

43- شێخ موسای كوڕی حەسەن كوڕی محمەد ساڵی لەدایكبوون و مردنی كەی بوو؟

A 1903 – 1980 B 1903 – 1984 C 1904 – 1984 D 1903 – 1948

44- جگەرخوێن لە چ گوندێك لەدایكبووە؟

A حەسار B مێردین C سەرشاتە D تاوەگۆز

45- جگەرخوێن لە چ ناوچەیەك لەدایكبووە؟

A حەسار B مێردین C سەرشاتە D تاوەگۆز

46- چ شۆڕشێك كاریگەری لەسەر جگەرخوێن هەبوو؟

A شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری B شۆڕشی برایمی دەلۆ

C شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران D شۆڕشی مەلیك محمود

47- لە چ گۆڤارێكدا بە زۆری هۆنراوەی بڵاوكردۆتەوە؟

A ستێر B هاوار C ڕووناهی D گەلاوێژ

هەوالنامەی کتێب

48- جگەرخوێن دژی کێ هۆنراوەی نوسیوە؟

Aشێخ و مەلا B ئاغا و دەرەبەگ C جوتیار و زەحمەتکێش D دەوڵەمەند و سەرمایەدار

**بەرهەمەکانی جگەرخوێن:(ئاواو دەستورا زمانی کوردی بغداد 1961، فەرهەنگا کوردی بەرگی 1-2 بەغدا 1962، شەش دیوای شیعر)**

**سەرمەستی ئەڤینم**

**ئەی هەڤـــــــالا ئەڤیندا　　　تــوو ژی وەك من بریندا**
**کەنگی کۆ ئەم دگهین هەڤ　　　ب دلـــــخۆشی ڕۆژ و شەڤ**
**گول و چیچەك گـەش دبن　　　دلی داران حـــــــوەش دبن**

49- جگەر خوێن لە هۆنراوە ڕۆمانتیکیەکەیدا باسی پەیوەندی نێوان چی دەکات؟

Aجوتیار و دەرەبەگ B کرێکار و سەرمایەدار C خۆی و ئەڤیندارەکەی D مامۆستا و خوێندکار

**گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیك لەم هۆنراوەیەدا:**

یەکەم/ شاعیر خۆی و هەڤاڵەکەی هەردووکیان بریندارى دەردی جوداییین، ئەمەش شاعیری توشی ئازارکردووە.

دووەم/ وەسفی سرووشت و جوانی کردووە، جوانی لە هەموو دیمەنە سرووشتیەکاندا دەبینێ. وەك (گەشانەوەی گوڵ، هەژانی سونبوول...)

سێیەم/ شاعیر دەرمانی دڵی خۆی لە سرووشتەوە دەبینێ.

چوارەم/ ئومێدی شاعیر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە خۆی و هەڤاڵەکەی لەسایەی ئەو سروشتەدا باوەش بەیەکدا بکەن.

پێنجەم/ لە ڕووی ڕووخساوە کێشی برگەیی بەکار هێناوە، بە تایبەت حەوت بڕگەیی.

شەشەم/ شاعیر سەوای مەسنەوی بەکار هێناوە.

حەوتەم/ وشەی کوردی پەتی بەکار هێناوە.

هەشتەم/ دارشتنی ڕستەکان ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵن، ئەمە شیعرەکەی ئاسان کردووە.

## ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێت

50- ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێت، ڕێبازی ڕۆمانتیکیان لە سەر چ بنەمایەك دامەزراند؟

Aئەدەبی میللی B ئەدەبی فۆلکلۆری C ئەدەبی کلاسیکی D ئەدەبی ڕیالیزمی

نووسەرانی کوردانی سۆڤێت ئەم کەسایەتیانەبوون: ((عەرەبی شەمۆ، حاجی جوندی، ئەمینی ئەبداڵ، وەزیری نادری، جاسمی جەلیل، موسەیی ئاخوندۆف، یوسفی بەکۆ، باخچۆی سلۆ،....)).

کتێب هەواڵنامەی

52- چ نووسەرێك لە كاری لە ڕۆژنامەی (زاریا فوستوكا – كازیوەی ڕۆژهەڵات) كاری كردووە؟

Aعەرەبی شەمۆ    B حاجی جوندی    C جاسمی جەلیل    D وەزیری نادری

53- بەناوبانگترین بەرهەمی (عەرەبی شەمۆ) كامەیە؟

Aكوردی ئەلەگەز    B شڤانی كورد    C قەڵای دمدم    D كۆچاكێ دەرەڤێن

54- عەرەبی شەمۆ لە هەردوو بەرهەمی (چڤانی كورد و كوردی ئەلەگەز)، ڕاستگۆیانە باسی چی دەكات؟

Aچەوسانەی كورد    B قارەمانتێتی كورد    C كێشەی ئافرەت    D نەخشەی ژیانی زەحمەتكێشان دەكێشێت

55- عەرەبی شەمۆ لە بەرهەمی (كۆچاكێ دەرەڤێن – خواپەرستی درۆ) باسی چی دەكات؟

Aبیری كۆنەپەرستی    B بیری ئازادی    C هوشیاری نەتەوەیی    D جوانی سروشت

56- عەرەبی شەمۆ لە چ گوندێك لەدایكبووە؟

Aسووسر    B قارس    C ئەلەگەز    D ناوچەی یەزیدی

**بەرهەمەكانی عەرەبی شەمۆ:** (**ڕەبەن** 1930، **بەربانگ** 1957، **ژینابەختەوەر** 1959، **كوردی ئەرمەنستان** 1961، **دمدم** 1966، **حیكایەتی كوردی ناو خەڵك** 1967، **كۆمەڵێك لە بەرهەمەكانی كۆكراوەی عەرەبی شەمۆ** 1969).

57- هەر دوو نووسەر (حاجی جندی و ئەمینی ئەبداڵ) كام چیرۆكەیان لە زمانی ئەرمەنییەوە بۆ كوردی وەرگێڕا؟

Aدم دم    B ڕەبەن    C كوردی ئەلەگەز    D لازۆ

58- بڵاوكراوەی (فۆلكلۆری كورد) لە ساڵی 1936، لە چ وولاتێك بوو؟

Aبەغداد    B تاران    C مۆسكۆ    D یەریڤان

59- لە ئەدەبیاتی كوردی سۆڤێتی ئەم سەردەمە دەنگی چ جۆرە شیعرێك دیارە؟

Aشیعری شانۆ    B شیعری فۆلكلۆری    C شیعری لیریك و داستان ئامێز    D شیعری كلاسیكی

60- بەرهەمەكەی حاجی جندی چییە؟

Aلازۆ    B دم دم    C شارێ    D ڕەبەن

61- بەرهەمی (شارێ) باسی چی دەكات؟

Aژیانی كۆمەڵایەتی    B بابەتی سیاسی    C یاسای بەشودان و شیربایی    D بابەتی ئەدەبیات و ڕەخنە

63- بەرهەمی (گوندی تازە) باسی چی دەكات؟

Aیاسای شوكردن و شیربایی    B بابەتی سیاسی    C نەریتی كۆمەڵایەتی    D تابلۆی پایزی ئەلەگەز

64- تاكە ڕەخنەیەك كە لە شاعیرانی كوردی سۆڤێت گیراوە چییە؟

Aقورس و گرانی شیعر    B ساكاریی و سادەیی لە زمانی دەربڕیسندا

C بەكارهێنانی كێشی عەرووز    D بەكارهێنانی جووت سەروا

## چالاكییە ڕووناكبیرییەكانی كوردانی سۆڤێت:

یەكەم/پەیدابوون و بەرەوپێشچوونی كتێبی قوتابخانە.

دووەم/ ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ).

سێیەم/ زمانەوانی و لێكۆڵینەوەی زمانی كوردی.

چوارەم/ كۆكردنەوەی فۆلكلۆر و لێكۆڵینەوەی.

پێنجەم/ دەستنووسی كوردی كۆن، لێكۆڵینەوە و چاپكردنی.

شەشەم/ نووسینەوەی مێژووی كورد و لێكۆڵینەوەی.

تێبینی/ هەموو بەرهەمەكانی كوردانی سۆڤێت، بە شێوەزاری كرمانجی سەروو (هەكاری، بۆتانی، بایەزیدی)نووسراون.

### جاسمی جەلیل

65- جاسمی جەلیل ساڵی لەدایكبوون و مردنی كەی بووە؟

A 1908 – 1990		B 1900 – 1998		C 1908 – 1988		D 1908 – 1998

66- جاسمی جەلیل لە چ شارۆچكەیەك لەدایكبووە؟

A قزیلقۆڵی		B دیگۆری		C قەرسی		D باكۆ

67- لە چ تەمەنێكدا، جاسمی جەلیل، دەستنیشانكراوە بۆ خزمەتكردنی بزافی ڕۆشنبیری كورد، لە وڵاتانی ئەرمینیا، ئازەربایجان، گورجستان؟

A تەمەنی 33 ساڵی		B تەمەنی 22 ساڵی		C تەمەنی 23 ساڵی		D تەمەنی 32 ساڵی

68- لە ساڵی 1932دا، جاسمی جەلیل دەبێتە بەرپرسی سەرەكی ئامادەكردن و چاپكردنی كتێب بە زمانی كوردیی لە چ وڵاتێك؟

Aمۆسكۆ		B بەرلین		C یەریڤان		D ئەستەمبوڵ

69- لە ساڵی 1963دا، جاسمی جەلیل بووە بە ئەندامی یەكێتی نووسەرەكانی كورد لە چ وڵاتێك؟

Aسووریا		B ئەڵمانیا		C سۆڤێت		D ڕووسیا

70- ژمارەی ئەو گۆرانیانە چەندبوو كە جاسمی جەلیل لە بواری فۆلكلۆردا،توانی لە ڕادیۆی یەریڤان بە ئاوازی كوردیی تۆماریان بكات

A 677		B 800		C 700		D 750

71- ڕۆژنامەكانی (پراڤدا، ئەزڤیستیا) بەزۆری بەرهەمی چ نووسەرێكیان بلاوكردۆتەوە؟

Aحاجی جندی		B عەرەبی شەمۆ		C باخچۆی سلۆ		D جاسمی جەلیل

**بەرهەمەكانی جاسمی جەلیل ئەمانەن: ((ڕۆژێن من، كەلامێ چیا، ئودا كوردا، زۆزان)).**

### حوببا شڤان

**شــــــڤانی جاهیل ڕۆحێ تە نازك		ڕۆحێ تە نازك وەك زارۆك بێچك**		(جاسمی جەلیل)

# پەخشانی کوردیی

72- بەو بەرهەمە ئەدەبیە دەوترێت کە نەخراوەتە قاڵبی کێش و سەرواوە؟

Aهۆنراوە B پەخشان C گۆرانی D داستان

**لە کۆنەوە ( هەڵبەست و پەخشان ) هەبووە، نموونەی هەردوو جۆرەکە لەبەردەستا هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کامیان کۆنترە،**

**لەم بارەیەوە دوو ڕای جیاواز هەیە :**

**ڕای یەکەم/ هەڵبەست لە پەخشان کۆنترە:**

1-هەڵبەست زمانی هەست و سۆزە، لە ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام پەخشان زمانی هۆش و ژیرییە، لە مێشکەوە پێدەگات. مرۆڤ پێش هەست و سۆز وژدانی جوڵاوە، پاشان هۆشی گەشەی سەندووە؟

2- هەڵبەست لەبەر کێش و سەروا و ئاوازەکەی، لەبەرکردنی ئاسانە، دەقی خۆی دەپارێزێت، بەڵام پەخشان لەبەرکردنی سەختر ترە، ڕاگرتنی دەق زەحمەتە.

3- لای هەر نەتەوەیەك کۆنترین دەق هۆنراوەیە نەك پەخشان، وەك داستانی (گلگامشی سۆمەری و ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس) هەموویان هەڵبەست بوون.

**ڕای دووەم/ پەخشان لە هەڵبەست کۆنترە:**

1-مرۆڤ یەکەمجار زمانی پڕاوە و قسەی کردووە، بە ئازادی ڕای دەربڕیوە، پاشان هەست و بیری خستۆتە چوارچێوەی کێش و سەرواوە. لە دنیادا شتی ئازاد پێش شتی دەستوور بەند دەکەوێت. بۆیە پەخشان کۆنترە چونکە ئازادە، بەڵام هۆنراوە بە پێی دەستوورە بۆیە دواترە.

2- لەسەردەمی کۆنەوە پەخشانی سەروادار لە پەرسگاکاندا بە کارهاتووە، نموونە: کتێبە ئاسمانییەکان، هەروەها نووسینی سەر دەگا و دیواری کۆشك و قەڵاکان و هتد.....

**لایەنگرانی ڕای یەکەم زیاترە، هەوەها لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، نموونەی هۆنراوە لە پەخشان کۆنترە.**

## جیاوازی نێوان هەڵبەست و پەخشان

| ژ | تایبە تمەندی هەڵبەست | تایبە تمەندی پەخشان |
|---|---|---|
| 1 | لە ویژدان و هەست و سۆزەوە هەڵدەقوڵێ. | زادەی هۆش و ژیرییە. |
| 2 | زمان و دەربڕین لە هەڵبەستدا ئاوێتەییە. | زمان و دەربڕین شیکارییە. |
| 3 | کێش و سەروا دوو بنچینەی ڕەگەزی سەرەکین. | کێش و سەروا دوو ڕەگەزی سەرەکی نین. |
| 4 | کێش و سەروا شاعیر ناچار دەکەن، ڕیزی وشەکانی ڕستە تێکبدەن. | ڕیزی وشەکان پێویستە لە جێی خۆیان بن. |
| 5 | نەخشەی دابەشبوونی هەر دێرێك بۆ دوو لەتە. | هەموو دێرەکان بەسەر یەکەوە دەنووسرێت. |

# جۆرەکانی پەخشان

## ( پەخشانی هونەری و پەخشانی زانستی )

73- ئەو پەخشانە ئەدەبییەیە کە هەست و سۆزی نووسەر پیشاندەدات، نووسەر لە ڕوانگەی خودی خۆیەوە سەریی ژیان و کۆمەڵ و سرووشت دەکات.

Aپەخشانی سەروادار   B پەخشانی هونەری   C پەخشانی زانستی   D پەخشانی ڕەوان

74- ئەو پەخشانە هونەرییەیە کە بەشەکانی ڕستەی دوو دوو یان سێ سێ یان... هاوسەروابن.

Aپەخشانی سەروادار   B پەخشانی هونەری   C پەخشانی زانستی   D پەخشانی ڕەوان

75- ئەو جۆرە پەخشانەیە کە بایەخ بە سەروای پارچەکانی ڕستە نادات، نووسینەکە بە شێوەی ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ دەڕوات.

Aپەخشانی سەروادار   B پەخشانی هونەری   C پەخشانی زانستی   D پەخشانی ڕەوان

76- ئەو پەخشانەیە کە بە شێوەیەکی بابەتی باسی ڕاستیەکانی زانست دەکات، دووره لە خوازە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی؟

Aپەخشانی سەروادار   B پەخشانی هونەری   C پەخشانی زانستی   D پەخشانی ڕەوان

### هونەرەکانی (ژانراکان)ی پەخشان

77- لە گەشەسەندنی ئەدەبی جیهانیدا، هەندێك هونەر شکڵیان گۆڕدراوە، وەك دراما کۆنەکان بە هەڵبەست نووسراون، بەڵام ئێستا دراما بە چی دەنووسرێ؟

Aهۆنراوە   B پەخشان   C داستان   D شانۆ

78- لە گەشەسەندنی ئەدەبی جیهانیدا، هەندێك هونەر ئێستا پێیان نانووسرێ وەکو؟

Aهۆنراوە   B پەخشان   C داستانی پاڵەوانی و دڵداری   D داستانی خەیاڵی

### سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی

79- کۆنترین پەخشانی کوردی هی کێیە؟

Aمەولانا خالید   B علی تەرەماخی   C شێخ حوسێنی قازی   D شەرەفخانی بەدلیسی

80- ساڵی لەدایکبوونی عەلی تەرەماخی کەی بووە؟

A 1591 - 1592   B1590 – 1591   C 1691 – 1692   D 1581- 1582

81- (هدا کیتاب عیباره علی ترماخی)بەرهەمی کێیە؟

Aمەولانا خالید   B علی تەرەماخی   C شێخ حوسێنی قازی   D شەرەفخانی بەدلیسی

هەولێر كتێب

82- (هدا کیتاب عیباره علی ترماخی) چەند بەش (فەسڵ)ە؟

Aسی و دوو　B سی و یەك　C چل و یەك　D سی

83- (هدا کیتاب صرف لسان کردی) چوارده بەشی پێشەوەی باسی چی دەکات؟

Aڕێزمانی کوردی　Bڕێزمانی عەرەبی　C ڕێزمانی فارسی　D ڕێزمانی تورکی

84- (هدا کیتاب صرف لسان کردی) کتێبەکە کوردییە، بەڵام پڕە لە وشەی چ زمانێك؟

Aفارسی　B کوردی　C تورکی　D عەرەبی

85- بەرهەمی (عەقیدە کردیە)، مێژووی نوسینەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵانی؟

A 1825　B 1824　C 1285　D 1820

86- (ئاقیەی کوردی) بەرهەمی کێیە؟

Aمەولانا خالید　B علی تەرەماخی　C شێخ حوسێنی قازی　D شەرەفخانی بەدلیسی

87- (ئاقیەی کوردی) وەك بابەت باسی چی دەکات؟

Aڕێزمان　Bئەدەب　C مێژوو　D پردی قیامەت

گرنگی بەرهەمی (ئاقیەی کوردی)، یەکەمین هەنگاوە بۆ جێبەجێکردنی گیانی کولتوری کۆمەڵی کوردەواری بە زمانی خۆی، ئەمانەی خوارەوە هەندێك تێبینی لەسەر شێوازی بەرهەمەکە:

یەکەم/ شێوەزاری ئەو کاتەی شاری سلێمانی هێشتا جێگیر نەبووە، چونکە خەڵکی شار ئەوکاتە خاوەن زاری جیاوازبوون.

دووەم/ هەندێك دیاریدەی وشەسازی لەبەرهەمەکەدا هەیە. وەکو بەکار هێنانی (دە) لە باتی (ئە).

سێیەم/ هەندێك وشە هەن، لە ڕووی فۆنەتیك و ڕێنووسەوە ئەوسا جیاواز بووە، وەك (بچووك) (پچووك).

**بەرهەمەکانی (مەلامەحمودی بایەزیدی): (مەم و زین 1856، عادات و رسوماتنامەی تەوایفی ئەکرادیە و ئسوڵی نیزاماتی کرمانجی 1858، جامع یی رسالیان و حکایەتان بزمانی کورمانجی 1860).**

88- مەلا مەحمودی بایەزیدی بەرهەمی (مەم و زین)ی چۆن نووسیوە؟

Aبە هۆنراوە　B بە پەخشان　C کورت کراوەی مەم و زینی خانی　D بە شێوەی داستان

89- بەرهەمی (مەم و زین)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی بە چ شێوە زارێك نووسراوە؟

Aشێوەزاری کرمانجی خواروو　Bشێوەزاری کرمانجی سەروو
C شێوەزاری گۆران　D شێوەزاری لوڕ

90- (مەولود نامە) بەرهەمی کێیە؟　A تەرەماخی　Bمەلا مەحمودی بایەزیدی　C مەلانا خالید　D شێخ حوسێنی قازی

91- (مەلود نامە) بە چ شێوەزارێك نووسراوە؟

Aشێوەزاری کرمانجی خواروو　Bشێوەزاری کرمانجی سەروو　C شێوەزاری گۆران　D شێوەزاری لوڕ

92- (مەولود نامە) بە چ جۆرە پەخشانێك نووسراوە؟

Aپەخشانی ڕەوان　Bپەخشانی سەروادار　C پەخشانی هونەری　D پەخشانی سەروادار و ڕەوان

هەوالنامەی پێنج

## پەخشان

95- جۆرە نووسینێكە بە پەخشان دەنووسرێت، درێژییەكەی چەسپاو نییە، دەشێ یەك دوو پەڕە یان بیست سێ پەڕە بێت، بە شێوازێكی ڕوون و بە زمانێكی پاك و پاراو باسی بابەتێك دەكات، هەست و سۆز و بیر و باوەڕی نووسەرەكە دەردەبڕێت.

Aپەخشان Bوتار C هۆنراوە D داستان

96- وتار ڕەگ و سەرەداوی وتار زۆر كۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چ نەتەوەیەك؟

Aڕۆمان B ئەڵمان C یۆنان D ئینگلیز

97- وتار لەسەر دەستی چ نووسەرێك، بنەماكانی گەڵاڵەبوو؟

Aلام و هازڵت Bدی كوینسی C مۆنتێن D ستیڤنس

98- كتێبی (هەوڵەكان) دوو بەرگ وتاری ئەدەبییە، ساڵی 1580 دەرچوو، بەرهەمی چ نووسەرێكە؟

Aلام و هازڵت B دی كوینسی C مۆنتێن D ستیڤنس

99- كتێبی (هەوڵەكان) كۆمەڵێك وتارە، لە ڕووی ناوەڕۆكە باسی چیان دەكرد؟

Aبابەتی ئەدەبی B بابەتی سیاسی C بابەتی هونەری D دۆرزنەكان، دەستوری جل و بەرگ و..

100- دووەم نووسەر كە دوای مۆنتێن بەرهەمی وتاری بڵاوكردەوە كێ بوو؟

Aلام و هازڵت Bدی كوینسی C باكۆن D ستیڤنس

101- نووسەرەكانی وەكو (سێر ویلەم، كۆرنوێلیر، نیكۆلاس، بریتۆن، سێرتۆماس و ئۆڤەربێری) لە چ سەدەیەكدا وتاریان بڵاوكردەوە؟

Aسەدەی شازدە Bسەدەی چەڤدە C سەدەی هەژدە D سەدەی بیست

102- نووسەرەكانی وەكو(ریچارد ستایل، جۆزیف ئەدیسۆن) داهێنانی باشیان لە وتاردا كرد، لە چ سەدەیەكدابوو؟

Aسەدەی شازدە Bسەدەی چەڤدە C سەدەی هەژدە D سەدەی بیست

103- (لام و هازڵت، دی كوێنسی و ستیڤن) لە وتارەكانیاناد زیاتر پەیرەوی چ شێوازێكی وتاریان كرد؟

Aوتاری بابەتی Bوتاری خودی C وتاری ئاینی D واتری كۆمەڵایەتی

104- كەی وتاری كوردی سەری هەڵدا؟

Aدوای جەنگی یەكەمی گێتی Bكاتی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی C كاتی بڵاوبوونەی ڕۆژنامە D كاتی چاپكردنی كتێب

105- ئەو جۆرە وتارەیە كە هەست و سۆزی نووسەر بەسەریا زاڵە، كەسێتی نوسەری پێوە دیارە؟

Aوتاری بابەتی Bوتاری خودی C وتاری ئاینی D واتری كۆمەڵایەتی

106- ئەو جۆرە وتارەیە كە پێ لەسەر بابەتێك دادەگرێت، نووسەر هەوڵدەدات ڕاستەقینەیەكی چەسپاو باسبكات، ڕێگە بە هەست و سۆزی خۆی نادات تێكەڵی نووسینەكە ببێت؟

Aوتاری بابەتی Bوتاری خودی C وتاری ئاینی D واتری كۆمەڵایەتی

## سیمای وتاری چاك

یەكەم/ نەزۆر كورتە، نە زۆر درێژە، بە نزیكەی دە لاپەڕە مەزندە دەكرێت.

دووەم/ باسێكی سەربەخۆیە، نەلێكدانەوەی بیرێكی كورت و چڕە، نە كورتكراوەی باسێكی درێژە.

سێیەم/ وتار بینای تایبەتی خۆی هەیە، لە پێشەكی و چەند پەرەگرافێك پێكدێت.بیری گشتی وتارەكە بەپێی چەند پەرەگرافێكدا دابەش دەبێت.

چوارەم/ وشە و ڕستەكانی وتار، كورت و پوخت و بژاردەن.

پێنجەم/ ئامانجی سەرەكی وتار، بزواندنی هەست و سۆزی خوێنەرە.

شەشەم/ وتار ناونیشانی هەیە، پێویستە لەگەڵ ناوەرۆكەكەیدا بگونجێت.

## كورتە چیرۆك

107- چیرۆك لە ئەدەبی جیهانیدا ڕەگ و ڕیشەی كۆنی هەیە، زیاتر لە چ قاڵبێكدا دەركەوتووە؟

Aقلبی ئەدەبی　Bقاڵبی كۆمەڵایەتی

C قاڵبی هونەری　D فۆلكلۆر و ئەفسانە و داستان و چیرۆكی گیانداران

108- كورتە چیرۆك ژنرایەكی سەربەخۆیە، زیاتر لە چ سەدەیەكدا دەركەوت؟

Aسەدەی هەژدە　B سەدەی نۆزدە　C سەدەی بیست　D سەدەی شازدە

**كورتە چیرۆك بە گشتی دوو جۆرە: ((بنیاتگەری و شیكاری)). ڕەگەزەكانی كورتە چیرۆك: ((كەس، كات، ڕووداو، شوێن)).**

109- لە ئەدەبی كوردیدا، ڕەگەزی كورتە چیرۆك بۆچی دەگەڕێتەوە؟

Aقلبی ئەدەبی　Bچیرۆكی میللی و ئەفسانەیی

C قاڵبی هونەری　D فۆلكلۆر و ئەفسانە و داستان و چیرۆكی گیانداران

**یەكەم چیرۆكی كوردی هی (فواد تەمۆ)، بە ناوی (شەویش)، لە گۆڤاری (ڕۆژی كورد)، ژمارە یەك و دوو دا بڵاوكراوەتەوە.**

110- چیرۆكی (شەویش) باسی چی دەكات؟

Aژیانی سیاسی كورد　Bنەریتی كورد　C باری كەلتوری و كەلەپووری　D ژیانی كورێرەوەری شوانێكی كورد

111- چیرۆكی (كندو) زیاتر چیرۆكێكی چۆنە؟

Aفۆلكلۆری　Bكەلەپوری　C كلاسیكی　D میللی

112- چیرۆكی (كندو) هی چ نووسەرێكە؟

Aفواد تەمۆ　Bعەرەبی شەمۆ　C مەلا مەحمودی بایەزیدی　D جەمیل سائیب

113- چیرۆكی (لەخەوما) هی چ نووسەرێكە؟

Aفواد تەمۆ　B عەرەبی شەمۆ　C مەلا مەحمودی بایەزیدی　D جەمیل سائیب

114- چیرۆكی (لەخەوما) لە ڕووی بابەتەوە باسی چی دەكات؟

Aسیاسی　Bئابووری　C كۆمەڵایەتی　D ڕەخنە لەسەر مەلیك مەحمود

هەوڵنامەی كێبڕ

# شــــانۆ

115- بەرهەمێکی درامییە، لەسەر شانۆ پێشکەشدەکرێت، ئەکتەرەکان دەوری کەسانی شانۆگەرییەکە دەگێڕن.

Aچیرۆك Bداستان C ڕۆمان D شانۆ

116- یۆنانییەکان لە چ بۆنەیەکدا شانۆیان پێشکەش کردووە؟

Aبۆنەی سیاسی Bبۆنەی کۆمەڵایەتی C بۆنەی ئایینی D بۆنەی جەنگ و سەرکەوتن

117- لە چاخەکانی ناوڕاستدا، چ نەتەوەیەك پەرەی بە شانۆدا و زمانی لاتینی بەسەر نووسیندا زاڵکرد و شانۆی خستە خزمەتی ئایینەوە؟

Aیۆنان Bئینگلیز C ڕۆمان D ئەڵمانیا

118- لە سەدەی شازدە و حەڤدە لە ئینگلتەرا چ کەسێك گرنگی بە شانۆدا؟

Aکۆڕنی Bمۆلێر C ڕاسین D شکسپیر

119- یەکەم درامای کوردی کێ نووسی؟

Aعەبدە ڕەحیمی ڕەحیمی هەکاری Bمەولانا خالید C فواد تەمۆ D شێخ حسێنی قازی

120- یەکەم درامای کوردی ناوی چی بوو؟

Aعاقیەی کوردی Bلەخەوما C مەمی ئالان D مەم و زین

121- یەکەم درامای کوردی، لە چ گۆڤارێکدا بڵاوبۆوە؟

Aگەلاوێژ Bژین C ژیانەوە D شەفەق

122- شانۆگەری (مەمی ئالان)، هیچ پەیوەندییەکی بە داستانی مەمی ئالانەوە نییە، چ بیروباوەڕێکی پێکەوە گرێداوە؟

Aبیری نەتەوەیی و ئایینی Bبیری ئایینی و کۆمەڵایەتی C نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی D بیری سیاسی و ئاینی

هەوالنامەی کتێب

## کوردی پەتی

123- هەردوو ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن) کێ دەری کرد؟

Aپیرەمێرد Bئیبراهیم ئەحمەد C مێجەرسۆن D ئەدمونس

124- مێجەرسۆن لە چ ڕۆژنامەیەکدا، پێشبڕکێنی بۆ نووسینی کوردی پەتی ئامادەکرد؟

Aتێگەیشتی ڕاستی Bپێشکەوتن C ژین D شەفەق

125- (جووت و گا شتێکی چاکە) بەرهەمی کێیە؟

Aزەکی سائیب Bجەمیل ئیسیب C شێخ نووری شێخ سالّی D ئیبراهیم ئەحمەد

126- (بۆ چرووك) بەرهەمی کێیە؟

Aزەکی سائیب Bجەمیل ئیسیب C شێخ نووری شێخ سالّی D ئیبراهیم ئەحمەد

127- (ڕۆژەوە بوونێك) بەرهەمی کێیە؟

Aزەکی سائیب Bجەمیل ئیسیب C شێخ نووری شێخ سالّی D ئیبراهیم ئەحمەد

128- (جووت و گا شتێکی چاکە، بۆ چرووك، ڕۆژەوە بوونێك) نووسەری کام لەم چیرۆکانە لە پێشبڕکێی (مێجەرسۆن) بۆ کوردی پەتی سەرکەوت بە پلەی یەکەم؟

Aزەکی سائیب Bجەمیل ئیسیب C شێخ نووری شێخ سالّی D ئیبراهیم ئەحمەد

129- کێ یەکەم جار چاپخانەی کڕ و هێنایە ڕەزاندوز؟

Aپیرەمێرد Bحسێن حوزنی موکریانی C گۆران D مقداد مەدحەت بەدرخان

130- حسێن حوزنی موکریانی چ ڕۆژنامەیەکی دەرکرد؟

Aپێشکەوتن B زاری کرمانجی C کوردستان D شەفەق

131- حسێن حوزنی موکریانی وتارێکی لە ڕۆژنامەکەیدا بلاْوکردەوە بە ناوی (دەوری ئیستیعباد)، ناوەڕۆکەکەی باسی چی دەکرد؟

Aکوشتاری (محەمەد قاجار) دژی کورد Bکوشتاری کورد بە دەستی تورك C باری کۆمەلاْیەتی کورد D باری سیاسی کورد

هەوالْنامەی کتێب

# بەشی نموونەی ئەدەب

## یەکەم/ سەید یاقوبی ماهی دەشتی

132- سەید یاقوبی ماهی دەشتی بە چ شێوەزارێك هۆنراوە وتووە؟

Aشێوەزاری کرمانجی خواروو     Bشێوەزاری کرمانجی سەروو     C شێوەزاری گـــــۆران     D شێوەزاری لـــــور

133- سەید یاقوبی ماهی دەشتی جگە لەو شێوەزارەی کە هۆنراوەی پێوتووە، بە دوو بەشە شێوەزاریتر هۆنراوەی وتووە؟

Aموکری و هەورامی     Bسۆرانی و هەورامی     C هەورامی و کرمانجی     D سۆرانی و لوڕی

134- ساڵی لەدایکبوون و مردنی سەید یاقوب کەی بووە؟

A 1812- 1874     B 1813 – 1880     C 1814 – 1880     D 1815 – 1882

135- سەید یاقوبی ماهی دەشتی لە چ گوندێك لەدایکبووە؟

Aحەریر     Bبایەزید     C کرماشان     D قەمەشە

136- سەید یاقوبی ماهی دەشتی لە ناو شاعیرانی کوردا کاریگەری چ شاعیرێکی لەسەر بووە؟

Aسالم     Bبابەتایەی هەمەدانی     C نالی     D عەلی حەریری

137- هۆنراوەی دڵداری لای سەید یاقوبی ماهی دەشتی زیاتر بەلای چیدا دەچێت؟

Aخۆشەویستی بۆ کچ     Bتەسەوف و خواپەرستی     C خۆشەویتی خاك     D خۆشەویستی دایك

138- مەبەستی هۆنراوەی وەسفی دیمەنی سرووشت لای سەید یاقوبی ماهی دەشتی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

Aجوانی پایز     B جوانی بەهار     C جوانی ئافرەت     D جوانی سرووشت

139- لە مەبەستی هۆنراوەی ئاینیدا، سەید یاقوبی ماهی دەشتی پەنای بۆچی بردووە؟

Aچیرۆك     Bپەندی پێشینان     C ئەفسانە     D داستان

### ناوەرۆکی هۆنراوەکانی سەید یاقوبی ماهی دەشتی:

### یەکەم/ مەبەستی هۆنراوەی دڵداری و خۆشەویستی:

گا پەروانەی دوور شەم جەماڵانی     گا هامرازی نـــــاز کەمەر لالانی
گەهێ ســــــکووتی گەهێ ناڵانی     گا چوون ئاودالان وێڵی مـــــاڵانی
من هەر دەواکەم تۆ هەر زامەنی     تۆ تاکەی نەفکر سەودای خامەنی

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم/ هۆنراوەی وەسفی دیمەنی سرووشت:**

ئەرخەوان نەرگس و نەســـــــرین و یاس و یاسەمەن	سۆسەن و لاولاو و لیل و لالە و هایی ئەحمەدی
کاچ و شمشاد و ســـــــــــنەوبەر عەرعەر و سەرو سەهی	سەر فرازان قەد کەشــــــیدە تا وە چەرخ داودی
فەسڵی عەیش و فەسڵی نۆش و دڵ بە جۆش و غەم خۆش	بادەنۆش و دەس نەدۆش و مـــاهرووریانی پەری

**سێیەم/ هۆنراوەی ئایینی:**

ڕای ڕوواو ئەنجیر کەردەنی وەپیش	باوە توو گورگی های نە چەڵدەمیش
((ڕووا دەمی وە دار ئەنجیر نارەس ئوشێت خراوە))

**ڕووخساری هۆنراوەکانی سەید یاقوبی ماهی دەشتی:**

**یەکەم/ هۆنراوەکانی بە زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی ( عەرەبی و فارس ) وتووە.**

**دووەم/ کێشی عەرووزی عەرەبی بەکار هێناوە، لە ژێر کاریگەری شاعیر ( نالی )دا.**

**سێیەم/ لەبەر ئەوەی کەوتۆتە بە کاریگەری هۆنراوەی هەورامی، بەشێك لە هۆنراوەکانی بە کێشی ( بڕگەیی ) داناوە.**

زاهد حەرامەن زاهید حەرامەن	زاهد زیندەگی وەتوو حـــــــــەرامەن
نەشورت وەسەر نە پات وەدامەن	نە هەرگیز مەجلس عەیشت مەقامەن
تەماشای ئەبرۆی خەم نەکردنی	ژەو خەم و قامەت چەم نـــــــــەکردنی

**چوارەم/ لە ڕووی ڕوخسارەوە هۆنراوەکانی ناسك و پاراون، زمانێکی سادە و بێ گرێن.**

**چەند هۆکارێك بواریان بۆ سەید یاقوبی ماهی دەشتی ڕەخساندووە کە هۆنراوە بنووسێت:**

**یەکەم/** خوێندنەوەی شاکارە فارسییەکان شاعیر (سەدی شیرازی) وەك (بووستان و گوڵستان).

**دووەم/** کارتێکردنی هەندێك لە شاعیرانی کورد وەك (ئەڵماس خانی کەڵهوڕ، خانای قوبادی، نالی و سالم).

**سێیەم/** گیرۆدەی داوی خۆشەویستەکەی بووە و بۆتە هۆی تەقاندنی کانیاوی شیعری.

**ئەم هۆنراوەیەی سەید یاقوبی ماهی دەشتی لە ژێر کاریگەری شاعیر ( نالی )دا وتووە:**

شووری وەســـــــــــــەرم کەوتییە لەم مەستی چاوە	هیچ جێگەی نەنیشم مەگەر ئەوجی کـــــــە شەراوە
ئەم زوڵـــــــــــــف و ڕوخی دولبەرە، یا لەیل و نەهار	یا هەوری ڕەش و پەردەکـــــــــــــەشی بانی هەتاوە
ڕووخساری تووی وەك مانگ و دوو زوڵفت وەك عەقرەب	هەر چەند کە قەمەری عەقرەوە ڕازیم بـــــە قەزاوە

## دووەم/ عەلی حەریری:

140- عەلی حەریری خەڵکی گوندی (حەریر)ە، دەکەوێتە ناوچەی کوێ؟

Aشەمزینان          Bبادینان          C هەکاری          D جزیرە و بۆتان

140- عەلی حەریری خوێندکاری چ ناوچەیەك بووە، کە شەرەفخانی بەدلیسی لە زیرەکیدا وەسفیان دەکات؟

Aناوچەی بایەزید          Bناوچەی هەکاری          C ناوچەی جزیرە و بۆتان          D ناوچەی بادینان

141- کام شاعیرەی کورد بە هۆنراوە باسی عەلی حەریری دەکات؟

Aنالی          Bئەڵماس خانی کەلهوڕ          C خانی قوبادی          D حاجی قادری کۆیی

(حاجی قادری کۆیی) بە هۆنراوە باسی (عەلی حەریری) دەکات:

ئەوی جامی گوتوویەتی ئەمەیە          لەو قسە و مەدحە مەقسەدم ئەمەیە

پیرەمەردێ بدیدە ئەم ز جزیر          نیك مەردێ بدیدە ئـــــەم ز حەریر

ئەحمەدی خانی لە داستانی (مەم و زین)دا باسی (عەلی حەریری) دەکات:

من دی عەلەلما کەلامێ مەوزوون          عــــــالی بکرا بانێ گەردوون

بیناڤا ڕووحـــــــــــا مەلا جزیری          پێ حەی بکرا عەلی حەریری

142- ساڵ و سەدەی لەدایکبوونی (عەلی حەریری) کەی بووە؟

Aنیوەی دووەمی سەدەی شازدە          Bنیوەی دووەمی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدە

C سەرەتای سەدەی حەڤدە          D سەدەی شازدە

143- عەلی حەریری بە چ شێوەزارێك هۆنراوەی وتووە؟

Aشێوەزاری کرمانجی خواروو          Bشێوەزاری کرمانجی سەروو          C شێوەزاری گـــــۆران          D شێوەزاری لـــــوڕ

### هۆنراوەیەکی عەلی حەریری

دیسان ژنۆ عەشـــــــــــقا بەری، پڕ ئەندەروونم ئاتەشە          زوڵفا موزەیەن عەنبەری، دعوا دگـــــەل خالا ڕەشە

خالا دێمی دل ڕەڤــــــــــــا، سەد ڕوح و جانم بن فیدا          سووتم گەلۆ چوم تێ نەما، تەرکم کرد عەقل و هۆشە

عەقل و هۆشم بوونە ئەسیر، دنیا کو گەه گەه تێتە بیر          دێم شوبهەتا بەدرا مونیر، زولفـــا ژ وەردێ بێن خۆشە

## سێیەم/ مەحوی

144- ساڵی لەدایکبوون و مردنی مەحوی کەی بوو؟

A 1830 – 1900    B 1820 – 1906    C 1830 – 1906    D 1830 – 1905

145- محەمەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخ، ناوی تەواوی چ شاعرێکە؟

Aمەولەوی    B قانع    C مەحوی    D سالم

146- مەحوی شاعیری لای موفتی زەهاوی لە چ شارێك خوێندوویەتی؟

Aبغداد    Bهەولێر    C تاران    D ئەستەمبوڵ

147- مەحوی بەراوردی بیروباوەڕەکانی لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکات، بۆیە زیاتر بە شاعیرێکی چۆن ناسراوە؟

Aدڵدار    Bتەسەوف    C نەتەوەیی    D ئایینی

148- مەحوی سەر بە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبی بووە؟

Aڕۆمانتیك    Bڕیالیزم    C کلاسیك    D ئەدەیاتی فۆلکلۆر

هەواڵنامەی کتێب

### ڕووخساری هۆنراوەکانی مەحوی:

**یەکەم/** کێشی عەرووزی بەکار هێناوە.

**دووەم/** یەکێتی قافیەی پاراستووە.

**سێیەم/** وشەی عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە.

**چوارەم/** وشەکاری و وردەکاری زۆری بەکارهێناوە، بەدوای وشە و دەربڕینی گراندا گەڕاوە.

### نموونەی هۆنراوەی ( مەحوی )

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لـەوێ دەگرم     کە من مشتێ چڵ و چیٚوم، بە چی بم، کەڵکی کێ دەگرم

نەگەییە دامەنی دەستی دوعا جـا دەبمە خاکی ڕێی     تەریقەی گۆشـــــــــەگیری بەردەدەم، ئەمجا ڕێ دەگرم

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لای، ئەم عارفە توند بوو     وتی: ئاخر ســـــــــبەینێ جەژنە، خوێنی تۆ لەپێ دەگرم

**تێبینی/ ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی ( مەحوی ) لەبارەی: (( ئایینی، سۆفیەتی، هەستی نەتەوەیی ))یەوەیە.**

## چوارەم/ شێخ ڕەزای تاڵەبانی

149- ساڵی لەدایکبوون و مردنی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کەی بووە؟

A 1831 – 1911 B 1830 – 1911 C 1830 – 1910 D 1830 – 1990

150- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە چ گوندێك لەدایکبووە؟

A حەریر B کەرکوك C بایەزید D قرخ

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ساڵی 1898دا چۆتە بەغدا، پەیوەندی باشی لەگەڵ بنەماڵەی (سەلیم بەگی بابان و سەید عەبدولرەحمانی نەقیب)دا هەبووە، بۆیە لە تەمەنی 79 ساڵیدا لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) نێژراوە. بە سێ زمان شیعری وتووە: (کوردی، فارسی، عەرەبی)، بۆیە دیوانەکەی چەند جارێك چاپکراوە:

یەکەم/ ساڵی 1935، مەریوانی، بەغدا.

دووەم/ ساڵی 1946، شێخ عەلی تاڵەبانی، بەغدا.

سێیەم/ ساڵی 1999، ئومێدی کاکی ڕەش و حەمە بۆر، سلێمانی.

چوارەم/ ساڵی 2000، ساغکردنەوەی شوکور مستەفا، سلێمانی.

پێنجەم/ ساڵی 2001، ساغکردنەوەی د. موکەرەم تاڵەبانی، هەولێر.

شەشەم/ ساڵ ——— لێکۆڵینەوە، ئەحمەد خانەقا.

151- بابەتی سەرەکی هۆنراوەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی چی بووە؟

A دڵداری B ستایش C داشۆرین D نیشتیمان پەروەریی

152- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنراوەکانیدا شانازی بە چ میرنشینێکەوە دەکات؟

A میری بادینان B میری هەکاری C میری بابان D میری جزیرە و بۆتان

153- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە مەبەستی ستایشدا، شتایشی کێی کردووە؟

A میری بابان B کاك ئەحمەدی شێخ C برایم پاشای بابان D شاعیرانی سەردەمی خۆی

154- شیعری دڵداری لای شێخ ڕەزای تاڵەبانی سۆزێکی چۆنی تێدایە؟

A سۆزێکی گەرم B سۆزی ڕاستەقینە C سۆز و داشۆرین D سۆزی نەتەوەیی

155- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەمەبەستی دڵداریدا، پێنج خشتەکییەکەی لەسەر شیعری کێیە؟

A سالم B مستەفا کوردی C نالی D مەحوی

156- شێخ ڕەزای تاڵەبانی سەر بە چ قوتابخانەیەکی شیعرییە؟

A شیعری گۆران B شیعری بابان C شیعری ڕۆمانتیکی D شیعری لوڕ

هەواڵنامەی کێژ

## مەبەستە شیعرییەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

**یەکەم/ داشۆرین و شەرەجنێو:**

بە هونەرێکی بەرز و زمانێکی ئاگرینەوە داڕێژراوە، پسپۆڕان و شارەزایان و خەڵکی بەگشتی حەزیان لە هۆنراوەکانیەتی، هۆنراوەکانی داشۆرێن بووە لەگەڵ (جەمیل سدقی زەهاوی) لەلایەك و(شوكری فەزلی) لەلایەکی تر.

بێگانە هەموو ساحێبی جـاهو جەبەڕووتن		بێ چارە برای ( شێخ ) عەلی موفلیس و ڕووتن
ئەی شێخ عەلی چاکە و ســووقت بە برا بێ		باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەك تولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت بەگۆش بوون		تەحقیقی بزانە بە خودا جووملە عـــــەدووتن

**دووەم/ نیشتیمان پەروەری و شانازیکردن:**

لە مەبەستی نیشتیمان پەروەریدا، شاعیر بێ وێنە بووە، وەکو ڕۆشنبیرێکی هۆشیار ئەوەی زانیوە کە لەناوچوونی میری بابان زیانی خۆیی و نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێ و بە هەستێکی نەتەوەییەوە باسی (سلێمانی) پایتەختی بابان دەکات.

لەبیرم دێ سولەیمانی کـــــە دارولمولکی بـــابـــان بوو		نەمەحکومی عەجەم نەسوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەرقاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید		مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی ســەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیســـا پاشا		سەدای موزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کــــــــەیوان بوو

**سێیەم/ ستایش:** لەبارەی ستایشەوە دەستێکی باڵای هەبوو، بەتایبەتی لەم پارچەیەدا، ستایشی (کاك ئەحمەدی شێخ)ی کردووە:

مەربووتە حەیاتم بە ســولەیمانی و خاکی		خۆزگەم بە سەگەکی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قدوەی ساداتە کە ســـوکانی سەماوات		شەڕیانە لەســـەر سەجدە لەبەر مەرقەدی پاکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی داخە دەروونم		قوربانی عەسای دەســــــــتی بم سوڵ و سیواکی

**چوارەم/ دڵداری:**

شێخ ڕەزای تاڵەبانی جوانترین شیعری دڵداری وتووە، ئەم پارچەیە پێنج خشتەکییەکە لەسەر شیعرێکی (مستەفا کوردی):

دڵی بردم بە ناز و عیشـــــــــــــــــوە شۆخی عەیارێ
فریبی دام بە سیحری چـاو خۆێ مەحبووبی سەحارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئـــــەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ ســـــــا لەڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتل و یا تەسکین لەهەر سێ بۆم بکەن کارێ

**ڕووخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

یەکەم/ بە زمانێکی تێکەڵ بە (عەرەبی، فاسی، تورکی) هۆنراوەی نووسیوە. دووەم/ بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی.

سێیەم/ لە ڕووی سەرواوە پەیرەوی شیعری کلاسیکی کوردی کردووە، بۆیە سەروای (یەك ڕویە)ی بەکار هێناوە.

چوارەم/ پاراستنی بابەتەکانی (غەزەل، چامە) و ڕەوانبێژی و یاریکردن بە وشە لە ناو هۆنراوەدا.

هەولێرنامەی کتێب

## ناوەرۆکی شیعریی هۆنراوەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

یەکەم/ بۆ هەموو مەبەستەکان هۆنراوەی وتووە: وەك (داشۆرین، دڵداری، ستایش، شانازیکردن، ئایینی، تەسەوف).

دووەم/ هۆنراوەی تورکی و فارسی کاریان لە شاعیر کردووە، بە تایبەتی (حافزی شیرازی).

سێیەم/ سەر بە قوتابخانەی شیعری بابان بووە، بە تایبەتی (نالی).

### پێنجەم/ ناری

-157 ساڵی لەدایکبوون و مردنی ناری کەی بوو؟ A 1874 – 1944   B 1784 – 1844   C 1874 – 1933   D 1873 – 1944

-158 ناری شاعیر لە شارێك لەدایکبووە؟ Aبانە   Bمەریوان   C سەقز   D بۆکان

-159 لە قوتابخانەی شیعری باباندا، کام شاعیرانە کاریان لە (ناری) شاعیر کردووە؟

Aنالی و سالم   Bنالی و مەحوی   C کوردی و سالم   D کوردی و نالی

### رووخساری هۆنراوەکانی ( ناری ) شاعیر:

یەکەم/ کێشی عەرووزی عەرەبی بەکار هێناوە.

دووەم/ وشەی عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە.

سێیەم/ یەکێتی قافیەی پاراستووە.

چوارەم/ گرنگی بە وشەکاری و ڕازاندنەوەی داوە.

### ناوەرۆکی هۆنراوەکانی ناری شاعیر:

**یەکەم/ هۆنراوەی دڵداری:** ناری بە دڵ و دەروونێکی پڕ جۆشی عەشقەوە هۆنراوەی ئاگرینی وتووە.

چاوەکەم من بۆیە دایم کـــــار و پیشـــــەم زارییە     حاکمی چــــــــاوت لــەگــەڵ من مـــایلی غەدارییە
شۆڕش وناڵینی کــــــەس بێوەجهو بێ عیللەت نییە     ئاهی من فەریادی بولبول ئیشــــــــی بێ غەم خوارییە
من هەر ئەو ڕۆژە دەستم شۆری لە ڕۆحی خۆم کە دیم     حەزرەتی خوون خواری ئەبرۆت مەشرەبی خوون خوارییە

**دووەم/ هۆنراوەی ئایینی:** ناری بە دڵێکی پڕ جۆش و خرۆش و بە دەروونێکی بە سۆزەوە باسی ستایشی ئایینی دەکات.

سوورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لەولا دەکا     ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەی تـــاها دەکا
خاکی بەردەرگاهی قەسری گەر بەسەرداکا گەدا     هەر نەفس نەفرەت لە تاجی قەیسەر و دارا دەکا
ئاسمان وە موشتەری هەردەم بە میزانی وەفـــا     کەسبێ هەر شامێ بەیادی دەولەتی ئەســرا دەکا

**سێیەم/ هۆنراوەی نیشتیمان پەروەری:** ناری بە ناوی سۆزی ئاینییەوە باسی نیشتیمان پەروەری دەکات.

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما سەیر و سەفاکەت     بۆ زێڕ و زەبەر بوو بە دەمێ قەسری وەفاکەت
بۆ گوڵشەنی ئاوابی مەحەببەت نییە ئـــــەمڕۆ     بۆ سازە لەبۆ نەشتەری دڵ خاری جــــەفاکەت

هەواڵنامەی کتێب

## شەشەم/ زێوەر

160- ساڵی لەدایکبوون و مردنی زێوەر کەی بووە؟

A 1875 – 1980 B 1875 – 1948 C 1875 – 1983 D 1870 – 1984

161- عەبدوڵای کوڕی محەممەدی کوڕی مەلا ڕەسوڵ، ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

A مەحوی B نالی C سالم D زێوەر

162- زێوەی لە تەمەنی 73 ساڵیدا، لە کوێ نێژراوە؟

A هەولێر B کۆیە C گردی سەیوان D هەڵەبجە

**ئەو هۆکارانەی کە کارگەریان لەسەر شاعیر زێوەر دیاربووە:**

یەکەم/ شاعیر لە تەمەنی لاویدا (دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی کوردستان) کری تێکردووە.

دووەم/ کاریگەری شیعرەکانی (نالی و مەحوی) بەسەریەوە دیارە.

سێیەم/ دیوانی شاعیرە فارسەکان کاریان تێکردووە.

چوارەم/ زۆرداری ڕۆژگار و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، دڵیان هێناوەتە کوڵان و ئیلهامی شیعریان بەتین کردووە.

**مەبەستی هۆنراوەکانی زێوەر: ( دڵداری، خۆشەویستی، وەسفی سرووشت، کۆمەڵایەتی، نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی، فێرکردن و هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن، فەلسەفە ).**

**یەکەم/ مەبەستی دڵداری:**

بیری ورد و خەیاڵی ناسك و سۆزی بەتین لە هۆنراوەکانیدا دیارن، بۆیە یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیزمی ئەدەبی کوردیی.

تکانی ئـــــابڕووی چەمەن بـــە ڕووی ئـــابدارەوە   شکانی نرخی نەســـــــتەرەن، بە زوڵـفی مشکبارەوە
چ مە لە مەی، لە نەی، لە جام، ئەگەر بەلەنجە بێیتە لام   بە ڕووی تابدارەوە، بە چـــــــــاوی پڕ خوومارەوە
عەرەق نییە لە عالەما، کـــــــــە لابـەرێ لە دڵ غەما   بە غەیری قەترە عارەقێ، لــە ڕووت کە دێتە خوارەوە
نیشانی من، جەمالی تۆ، بـــــەراتی من ویســـــــاڵی تۆ   خەیاڵی من لە خاڵی تۆ، بە عیشوە لێم مەشـــــارەوە
عەزیزەکەی حەبیبی مـــــــن، نیـگارەکەی تەبیبی من   باشەقبەرێ ڕەقیبی مـــــــن، وەرە بەســـەد ویقارەوە

**دووەم/ مەبەستی جوانی سرووشت:**

بنوارە نەوبەهار و هــــــەوای تــــــەڕاوەتی   نووسانی پێکەوە لەپی خونچەی حەلاوەتی
هێنایە شەوق و زەمزەمە، تەیرانی سەرزەمین   سەرما بڕایەوە، هەموو توندی و سەلابەتی

هەورە تریشقە بۆتە ســــــەقا ئاوڕشێن ئەکا تا سەبزە زاری ئەرز موجەلا بێ ســەفوەتی

## سێیەم/ مەبەستی کۆمەڵایەتی:

تێکچوونی شیرازەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئامانجەکان هاتوونەتە سەر پارە پەرستی و لە ویژدان دوورکەوتنەوە، بۆیی شاعیر ئامۆژگاری خەڵك دەکات:

یەك عەیبی خەڵك ئەبینێ، خۆی ســـاحێبی هەزار خەڵك لــەلا خــــــەراره، خۆیشت وەکو دەوار

زاهیر فەقیر و ســـالم، بە ڕەنگ و بـــــەرگی عالەم ئەمما لـــــە ناو دەروونـدا، مارێکی زەهر داری

چۆن پێت بڵێم موسوڵمان یان فەردی نەوعی ئینسان دووری لە خێر و ئیحسان مەستی مەی و قوماری

## چوارەم/ مەبەستی نیشتیمان پەروەری:

زێوەر بینیویەتی نەتەوەکەی لە ژێر باری ستەمی زەمان و ناحەزی ڕۆژگار دەچەوسێتەوە، دوور لە ژیانی خۆشی و ئازادی.

وەتەنێ مە کوردستانە، یادگاری ئـــەجدادمـــانە بەهەشتی سەر ڕووی زەمین، خاکی پاکی کوردستانە

با هەموومان وەك برابین، ڕەفیقی دین و دنیابین با لــە وەحشەت تەوەلا بین، نۆبەتی عیلم و عیرفانە

کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعاریف بەجێماوە ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە بۆ ئەو کەسەی کوردزمانە

### زێوەری شاعیر شارەزایی لە هونەری ڕەوانبێژیدا هەبووە، لە سەر شێوەی نالی شاعیر ڕۆیشتووە، وەك لەم نموونە شیعرەدا دیارە:

بانەچینە لای ڕەقیبان، یار ئەنیسی خانەبێ لازمە ئەو ئاســـــکە، لـــەولانەبێ لـــەولانەبێ

دیدە وەختێ تۆی لـــەلا حازرنەبێ واتێدەگا بۆ نەزەر لەعل و دوور، یەکتا نەبێ یەکتا نەبێ

عاریفی حەق بین چ باکی زینەت و ئارایشە وای ئەوێ ناو شار و ناو دێ وانـــەبێ دێوانەبێ

## حەوتەم/ شێرکۆ بێکەس

163- ساڵی لەدایکبوونی شێرکۆ بێکەس کەیە؟

A 1940　　B 1941　　C 1945　　D 1942

164- (تریفەی هەڵبەست) یەکەم کۆمەڵە شیعری چ شاعیرێکە؟

Aنالی　　B شێرکۆ بێکەس　　C قانع　　D زێوەر

165- شێرکۆ بێکەس لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیری تردا جۆرێك ئەدەبیان دروستکرد بەناوی ئەدەبی؟

Aکلاسیکی　　B ڕیالیزمی　　C ڕۆمانتیکی　　D ڕوانگە

166- شێرکۆ بێکەس تا ئێستا چەند کۆمەڵە شیعری بڵاوکردۆتەوە؟

A دوازدە　　B پازدە　　C چواردە　　D شەش دیوان

167- لە یانەی قەڵەمی سوید خەڵاتی (خۆلسکی) بە چ شاعیرێك بەخشرا؟

Aزێوەر　　B بەختیار عەلی　　C شێرکۆ بێکەس　　D جەمال غەمبار

شێرکۆ بێکەس دەڵێ: (**ئەزمونی دوورو درێژی خۆم ئەوەی فێرکردووم کە ئەگەر لە ڕۆحی زمانەکەی خۆمدا نەژیم، هەرگیز لە ڕۆحی هیچ زمانێکی تردا ناژیم**)، بۆیە شاعیر لە شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە، هەروەها لە پەخشانیشدا کەم وێنەبووە.

### سێ زمان و چوار قامچی

لەناو ئاپۆرەی مەراقی گشت دنیادا　　چوار خاچی وا بە کۆڵەوە
هەر لە دوور ڕا　　مەرگیش بە سێ زمانی جیاواز
مەراقی خۆم ئەناسمەوە　　چوار قامچی بەدوایەوە و
مەراقی من　　تەوق لە گەردن
قژی سەوزە و　　کەچی چۆك دائەدات و
ڕیشی خوێناوی و　　نەبێ دەنگی ئەکات مردن

### خاك　　　　خۆشەویستی

کە دەستم برد بۆ چڵی داری　　گوێم نا بەدڵی خاکەوە
لە تاو ئازار لق داچـڵەکی　　باسی دڵداری باران و خۆی بۆ کردم
کە دەستم برد بۆ قەدەکەی　　گوێم نا بە دڵی ئاوەوە
ناوقەدی دار کەوتە هـاوار　　باسی خۆشەشویستی خۆی و
کە باوەشم کرد بـە قەددا　　سەرچاوەکانی بۆ کردم
خاك لەرییەوە لە ژێر پێمدا　　گوێم نا بە دڵی دارەوە
بەرد نـاڵاندی　　باسی خۆشەویستی خۆی و
ئەمجارەیان کـــە دانەویم　　گەڵاکانی بۆ کردم
خۆڵم هەڵگرت　　کە گوێمنا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە، ئەوسا
گشـت کوردستان زریکاندی　　باسی سەربەستی بۆ کرم

## هەشتەم/ شێخ غەیاسەدین نەقشبەندی

168- بنەماڵەی ڕێکانی لە شارێك نیشتەجێبوون؟

Aڕواندوز B ئامێدی C سۆران D ڕانیە

169- ساڵی لەدایکبوون و مردنی شێخ غەیاسەدین کەی بووە؟

A 1890 – 1940 B 1880 – 1944 C 1890 – 1944 D 1855 – 1890

170- شێخ غەیاسەدین لە چ شارێك لەدایکبووە؟

ڕواندوز B ئامێدی C سۆران D بامەڕنێ

171- شێخ غەیاسەدین بۆ چ مەبەستێ هۆنراوەی وتووە؟

Aئایینی Bدڵداری C نیشتیمان پەروەری D خوێندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری

### یەکەم/ شێخ غەیاسەدین بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و نەهێشتنی نەزانی بە یەکگرتنی کوردەوە گرێداوە:

ئەگەر هوین موتەوفق بن، علم و فەن و سنعەت بخوینن چو شك نینە، سـەعادەت بۆ وەدێ هێن بـێ زەحمەت

کوڕێ بابێ ئەوە دەســـــــتێ هـــــەڤالی بگرت و ڕاکەت هەکـە کەفتە کوورا تەنگاڤێ خەشیانە سەر زیقەت

### دووەم/ شێخ غەیاسەدین زۆری خەباتکردووە لە پێناوی ئەوەی میلەت و نەتەوەی کورد بە لاوە تازە پێگەیشتووەکان بناسێنێت:

کوڕێت بابا بزانن حەق چییە مەوتەن چییـــە ئەڤرۆ هـەوڵ سەر لازمە هوین تێبگەهن عنوانە قەومیەت

چو گازاندا ژ زەمانێ هوین نەکەن ئەو هەر شەڤ و ڕۆژ وەکی خۆیە بەڵێ سویچا مەیە ئەم بووینە بێقیمەت

### سێیەم/ ئەحمەد نالبەن لەسەر کۆچی دوایی شێخ غەیاسەدین دەڵێت:

دهزار و سێسەد و شێست و سێیا چوو غیـــــاس هجرەتا وی ژڤێ دنێ وەك عومرێ (ختم المرسلين)

عومرێ فەخرێ عالەمێ مرنا غیاسی بوونە ئیك ســـــــڕەکا کـو پڕ نەزانی ئەحمەدێ (ابن الامين)

### چوارەم/ چوشێخ غەیاسەدین لەسەر خەباتی بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەڵێت:

خۆشی ئەڤە هات و هەمیا مل ل سەرمایە کەیف و کە نییە ئەڤرۆ چ نیعمەت خودێ دایە

علم ئەدەبا گرتی ســـەراســـەر جهێ کوردا بەربوونـــــــە دوڕ و ئاخ هەمی زێڕی ســـەفایە

هەولێر ئامادەی دێتێر

## نۆیەم/ شێخ محەمەدی خاڵ

172- ساڵی لەدایکبوون و مردنی شێخ محەمەدی خاڵ کەی بووە؟

A 1900 – 1989　B 1900 – 1990　C 1904 – 1989

D 1904 – 1998

173- شێخ محەمەدی خاڵ لە چ شارێك لەدایکبووە؟

هەولێر　B سنە　C سلێمانی　D کەرکوك

174- چ نووسەرێك بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، لە نێوان ساڵانی 1970 – 1989؟

Aشێرکۆ بێکەس　B شێرزاد حەسەن　C شێخ محەمەدی خاڵ　D قانع

**بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ:**

یەکەم/ پەیندی پێشینان. چاپی یەکەم، 1957، چاپی دووەم، 1971، چاپی سێیەم، 2000.

دووەم/ فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، 1938.

سێیەم/ تەفسیری خاڵ، بەرگی یەکەم 1969، بەرگی دووەم 1972.

چوارەم/ مەولودنامە، 1972.

پێنجەم/ ناڵەی دەروون، 1976.

**بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ زیاتر مەبەستی:**

یەکەم/ زمان و ئەدەب　دووەم/ ڕەخنە　سێیەم/ ئایین　چوارەم/ تەسەوف.

هەولێرنامەی کتێب

## دەیەم/ ڕەوشەن بەدرخان

175- ساڵی لەدایکبوونی ڕۆشن بەدرخان کەی بوو؟

A 1909 – 1990 B 1909 – 1991 C 1900 - 1992 D 1909 – 1992

176- ڕۆشەن بەدرخان لە چ شارێك لەدایکبووە؟

Aئەستەمبوڵ Bماردین C قەیسەر D ئامەد

177- لە ساڵی 1931دا، بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەسەر شۆڕش دەربەدەر دەبن و دەچنە کوێ؟

Aئەڵمانیا Bشام C میسر D ئەستەمبوڵ

178- چ نووسەرێ لەگەڵ (نوری دەرسیمی، حەسەن هشیار، حەیدەی حەیدەری، عوسمان ئەفەندیدا، (کۆمەڵی زانستی و ڕۆشننبیری)ی حەلەبی دروستکرد؟

Aشێخ ڕەزای تاڵەبانی Bشێخ غیاسەدینی نەقشبەندی C مەولەوی D ڕۆشەن بەدرخان

179- ڕۆشەن بەدرخان وەك یەکەم ئافرەتی کورد لە چ ڕۆژنامەیەکدا بەرهەمی نووسی؟

Aهاوار Bڕۆژانو C کوردستان D شەفەق

180- چ نووسەرێك لە ساڵی 1957دا، وەك یەکەمین ئافرەتی کورد، بەشداری کۆنگرەی وڵاتانی دەریای سپی و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستی کردووە، لەسەر داگیرکاریی ئیسپانیا –یۆنان؟

Aعەلی حەریری Bشێخ غیاسەدینی نەقشبەندی C مەولەوی D ڕۆشەن بەدرخان

هەواڵنامەی کتێب